

# هەنگاوی لەسەرخۆ بۆ کوردستانی سەربەخۆ



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گولان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

بارودۆخی ئێستای عێراق و دەوروبەری ئاماژەن بۆ ئەوەی ترسێکی عێڕاقی هەیە لەمەسەلەی بەرەوپێشچوونی سەربەخۆیی کوردستان، بۆیە هاتنی وەفدی هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراقیش بۆ هەرێمی کوردستان دەکرێت یەکێك لەهۆکارەکانی بریتیی بێت لەو باسە، ئەگەر چی رەنگە هۆی دیکەیشی هەبێت، وەك:

یەکەم: لاوازبوونی هەماهەنگیی نێوان لایەنە شیعییەکان و زیادبوونی ململانێی نێوان سەدرو حەکیم و مالیکی.

دووەم: تێکچوونی پێوەندیی نێوان عەبادی و مالیکی و ئەگەری دابەشبوونی حزبی دەعوە بۆ باڵی مالیکی و باڵی عەبادی و باڵی دیکەش.

سێیەم: هاتنەوە مەیدان بۆ خۆنواندن و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ٢٠١٨.

چوارەم: ترس لەئەگەری دروستبوونی پێوەندیی نێوان کوردو سوننە لەداهاتوودا.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ قۆستنەوەی ناکۆکیی نێوماڵی کوردی لەم قۆناغەدا.

شەشەم: هەبوونی فشارێکی ئێرانی لەسەریان بۆ خۆڕێکخستنەوەیان، چونکە ئێرانیش لەسەر زاری خاتەمی پرۆژەی ئاشتیی نیشتمانیی راگەیاند، ئەمانیش پرۆژەی تەسوییەی نیشتمانی، وادیارە پرۆژەکە هی ئێران بێت، کە هەست دەکات ترەمپ فشاری راستەقینەی لەسەر ئێران دەبێت لەعێراقدا.

حەوتەم: قۆستنەوەی هاتنەکەیان وەك بەشێك لەمەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتیی کە قەرزدانی بەعێراق بەستۆتەوە بە ئەنجامدانی ئاشتەوایی نیشتمانییەوە.

کەواتە لەم قۆناغەدا ئێمە چی بکەین؟

یەکەم: لەسەر ئاستی ناوخۆ هەوڵ بدەین بۆ چاکسازیی مرۆیی وەك ئامادەکردنی دەروونی تاك لەنێو کۆمەڵگەدا، چونکە ئێمە سێ جۆر کۆمەڵگە لەجیهاندا دەبینین:

١- کۆمەڵگەی شارستانی و پێشکەوتوو: ئەو کۆمەڵگەیەیە کە هاووڵاتیان تیایدا وا پەروەردە کراون کە کاری خۆبەخشی وەك ئەرك تەماشا دەکەن و، بەجێهێنانی ئەرك لەلایان زیاتر دەبێت لە ماف داواکردن.



**٢-** کۆمەڵگەی هاوسەنگ: ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ئەرك بەجێهێنان تیایدا یەکسان دەبێت بە ماف داواکردن.

**٣-** کۆمەڵگەی داڕووخاو: ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ماف داواکردن تیایدا زیاتر دەبێت لە ئەرك بەجێهێنان.

جا بۆیە پێویستە هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بێت کە کۆمەڵگەی ئێمە لەجۆری یەکەم بێت.

دووەم: هەوڵدانی خێرا بۆ ڕێکخستنەوەی نێومالّی کوردی و ڕێکخستنەوەی پەرلەمان و حکومەت.

سێیەم: قسەکردنی فەرمیی لەگەڵ بەغدا سەبارەت بەسەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دانوستانی بەردەوامەوە.

چوارەم: نەگەڕانەوە بۆ دووبارە بنیادنانەوەی عێراقێکی فاشیل، چونکە ئەم عێراقە ناسنامەی نیشتمانیی خۆی نییە، کە مەرجەکانی ناسنامەی نیشتمانییش بریتییە لە:

**١-** ددانان بە ڕەوایەتیی ناسنامەی پێکهاتەکانی نێو وڵات.

**٢-** زامنکردنی دەستوورییانەی یەکسانی لەماف و ئەرك لەنێوان خاوەن ناسنامەکاندا.

**٣-** ڕووانینە ناسنامە نێوخۆییە جیاوازەکان وەك فرەچەشنی، نەك دژایەتیکردن.

کە ئەم سێ خاڵەش بەهیچ جۆرێك لەعێراقدا نین، چونکە لەعێراقدا ڕێگر هەن لەبەردەم فرە ناسنامەییدا. لەو ڕێگرانەش بۆ نموونە:

**١-** عێراق دەوڵەتێکە گەلی بۆ کۆکراوەتەوە، لەکاتێکدا ئەوانی دنیا گەلانێکن دەوڵەتیان بۆ دروستکراوە.

**٢-** عێراق دەوڵەتە، بەڵام نیشتمان نییە، بۆیە کۆچی لێوە دەکرێت بۆ دەرەوە.

**٣-** لە عێراقدا قەیرانی حوکم هەیە، نەك قەیرانی حکومەت.

پێنجەم: بایکۆتکردنی بەشداریی لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا، وەك هەنگاوێکی کرداریی بۆ سەربەخۆیی.

شەشەم: هەماهەنگیی دیپلۆماسی و بەهێزترکردنی رایەڵەی نێودەوڵەتی بۆ داماڵینی پیرۆزیی لەم سنوورە نێودەوڵەتییە دروستکراوەی عێراق و دابینکردنی مافی ڕەوای گەلی کوردستان بۆ ڕاپرسی لەسەر ئایندەی خۆی.

# زەروورەتی وەرچەرخان

## لە گوتاری ئایدیۆلۆژیی حزبییەوە
## بۆ گوتاری نەتەوەیی و سەربەخۆیی





**لە غیابی بارزانی مستەفا کە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشان ئاوارە بوو، پەتای ئایدیۆلۆژیەتی چەپ هاتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانیش و پاش گەڕانەوەی بارزانی مستەفا لە ساڵی ١٩٥٨ لەیەکێتی سۆڤیەت و گرێدانی کۆنگرەی پارتی، جارێکی دیکە هەیکەلی پارتی وەک حزبێکی جەماوەری و دیموکراتی ڕێکخرایەوە و شۆڕشی ئەیلوولیش هەڵگیرسا، کە نەک تەنیا کادرو ئەندامەکانی پارتی، بەڵکو تەواوی خەڵکی کوردستان بووە پاڵشت و جەماوەر و پێشمەرگەی ئەم شۆڕشە**

**دوای گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی وەک سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەدەرەوە، ئاراستەی ئایدیۆلۆژییانەی یەکێتی نیشتمانی کاڵکردەوە و هەوڵیدا دروشمی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لە شۆڕشی عێراقەوە بگۆڕێت بۆ شۆڕشی گەلی کوردستان و هەروەها لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو هەوڵیدا کە بەتەواوەتی یەکێتی نیشتمانی لەو ئایدیۆلۆژییەتە چەپە مارکسییە رزگار بکات و بە کردەیی یەکێتی بەرەو حزبێکی جەماوەری و دیموکراتی بەرێت**

حزبی سیاسیی هاوچەرخ وەك كاراكتەری سەرەكی بۆ نوێنەرایەتیكردن و دەستنیشانكردنی كاندید و رێكخستن و وەڵامدەرەوەی خواستی هاووڵاتیان و بەڕێوەبردنی سیستمی سیاسی، بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخە، ئەمەش مانای ئەوەیە بە درێژایی نزیكەی ٤٠٠ ساڵی رابردووی مێژووی دەوڵەتی هاوچەرخ، هیچ نەتەوەیەك پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، بیری لە دامەزراندنی حزبی سیاسی نەكردۆتەوە و حزبی سیاسی بوونی نەبووە.

ئەگەر لەم راستەوە لە ماناو فەلسەفەی دەوڵەتی نەتەوەیی ورد ببینەوە، ئەوا هیگل گوتەنی، پێش هەمووشت پێویستە تاكی نەتەوە لەژێر ئیرادەی دەرەكی بێتەدەرەوەو خۆی خاوەنی سەربەخۆیی و ئازادیی خۆی بێت و پشكداری دارشتنی یاساكانی ئەو دەوڵەتە بێت، بۆ ئەوەی كاتێك تاكی نەتەوە ملكەچی یاساكانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دەبێت، ئەوا ملكەچی ئیرادەی خۆی دەبێت، نەك ئیرادەیەكی دەرەكی. ئەمەش واتە دەوڵەت دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی كە ئازادیی تاكەكان و كۆی گشتی نەتەوە بەرجەستە دەكات و مانای پێدەبەخشێت.

ئەوجا كاتێك لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەدا، سیستمی سیاسیی دەوڵەت ناتوانێت وەڵامدەرەوەی تەواوی خواست و داوای تاكەكانی نەتەوە بێت، ئەوا حزبی سیاسی وەك پێداویستیی كۆمەڵگەو وەڵامدەرەوەی خواست و داوای ئەو چین و توێژانەی كە سیستمی دەوڵەت ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە، دروست دەبێت و نوێنەرایەتی ئەو دەنگە نارازییانە دەكات و دەیەوێت ببێتە نوێنەری ئەو دەنگانەو بچێتە دەسەڵات و وەڵامیان بداتەوە.

كەواتە، حزبی سیاسی لە كۆمەڵگەی دیموكراتیدا، پێداویستیی كۆمەڵگە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دروستی دەكات، نەك حزب ئەو مافە بەخۆی بدات، دەوڵەت بۆ نەتەوە پێویستە، یان پێویست نییە، یان كاتیەتی، یان كاتی نییە.

بەپێی ئەم میتۆدە، نەتەوە پێش ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێت لەسەر راستەڕێی (نەخێر بۆ ملكەچی و ژێردەستەیی و بەڵێ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی)دایە، ئەمەش واتە (بەڵێ و نەخێر) دوو بژارە نین و لەیەكتری جیابكرێنەوە، بەڵكو (بەڵێ و نەخێر)ی نەتەوە بۆ سەربەخۆیی بەو جۆرەیە یەك ئەوی دیكە تەواو دەكات و بە دەنگی بەرز ملكەچی و كۆیلایەتی رەتدەكاتەوە و بە دەنگی بەرز پێشوازیی لە ئازادی و سەربەخۆیی دەكات.

لەمەش گرنگتر پێكەوە گرێدراوی (نەخێر بۆ كۆیلایەتی و بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و ئازادی) بە جۆرێكە كە هیچ یاسایەك ناتوانێت بیكاتە دوو بژارەو لەیەكتریان جیابكاتەوە، یان (بەڵێ و نەخێر) بكاتە ئەو دوو پرسیارەی (ئایا بۆ كۆیلایەتی دەڵێت: بەڵێ، یان نەخێر) یان لەسەر ئاستی نەتەوە بیكاتە ئەو پرسیارەی ( ئایا بۆ سەربەخۆیی دەڵێت: بەڵێ، یان نەخێر)، سەبارەت بەم حاڵەتە مێژووی فەلسەفە پێمان دەڵێت: هەر یاسایەك (بەڵێ و نەخێر) وەك دوو بژارە پێكەوە كۆبكاتەوە، مانای ئەوەیە ئەو یاسایە شەرعییەتی یاسایی بە كۆیلایەتی و ئازادی دەدات و وەك دوو شێوازی جیاوازی ژیان پێناسەیان دەكات، لە حاڵەتی لەمجۆرەدا وەك لەیاسای رۆمانیدا بوونی هەبووە، هیگل پێیوایە ئەو یاسایە ئیهانەی كەرامەت و بەها بەرزەكانی مرۆڤایەتی دەكات و هەروەها ئەو یاسایە هیچ بەهایەكی نییە و دەبێت ئەو جۆرە یاسایانە نەمێنن. ئەمەش راشكاوانە ئەوەمان پێدەڵێت: لای هیگل كۆیلە تەنیا یەك بژارەی لەبەردەمە، ئەویش ئەوەیە: نەخێر بۆ كۆیلایەتی و بەڵێ بۆ ئازادی.

لە هەندێك وڵاتی دیموكراتی بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی وەك ئیسپانیاو بەریتانیاو كەنەداو بەلجیكا كە لەچوارچێوەی دەوڵەتەكانیاندا نەتەوەی دیكەیان لەگەڵ دەژین و هەر چەند ساڵێك، پرۆسەیەكی گشتپرسی بۆ (بەڵێ، یان نەخێر) بۆ سەربەخۆیی ئەنجام دەدەن، ئەم گشتپرسییە لەوڵاتانی دیموكراتی ناكەوێتە چوارچێوەی (بەڵێ بۆ ژێردەستەیی و نەخێر بۆ سەربەخۆیی)، بەڵكو (بەڵێ و نەخێر)ەكەیان بۆ دوو شێوازی مانای (سەربەخۆیی و ئازادییە)، تەنانەت ئەو حزبە سیاسییانەشی لەو وڵاتانە نوێنەرایەتی بەڵێ بۆ جیابوونەوە، یان نەخێر بۆ جیابوونەوە دەكەن، نوێنەرایەتی دوو چەمكی جیاوازی (سەربەخۆیی و ئازادی) دەكەن، هەر بۆ نموونە كوبیكییەكانی كەنەدا كە دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا بۆ ئەوەی بڕیار بدەن جیاببنەوە،

یان لە چوارچێوەی کەنەدا بمێننەوە، جیاوازیی ئەو دوو بەرەیە لەسەر ئەوە نییە، ئەو لایەنەی دەیەوێت کوبیك لەگەڵ کەنەدا بمێنێتەوە، دژی سەربەخۆیی فەرەنسی زمانەکانی کوبیکە، نەخێر پرسیاری ئەو لایەنە ئەوەیە: (ئایا جیاوازی نێوان هەرێمی کوبیك لە گەڵ کەنەدا لەگەڵ کوبیك وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ چییە؟) وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو بەرەیە نایداتەوە کە لایەنگریی مانەوە لەگەڵ کەنەدا دەکات، بەڵکو حکومەتی کەنەدا دەیداتەوە بۆ ئەوەی فەرەنسی زمانەکانی کوبیك بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ کەنەدا ببیننەوە، هەروەك چۆن حکومەتی بەریتانیا وەڵامی هەموو خواستەکانی گەلی سکۆتلەندی دایەوە بۆ ئەوەی لە بەریتانیا جیانەبێتەوە.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێدەڵێت: حزبی سیاسی ئەو مافەی نییە باس لە سەربەخۆیی، یان دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بکات، یان باس لەوە بکات ئایا کاتی ئەوەیە دەوڵەتی نەتەوەیی رابگەیەندرێت، یان رانەگەیەندرێت، بەڵکو ئەرکی حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوەیە پشتگیریی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بکات، ئەوجا کاتێك ئیرادەی نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی رێکدەخرێت، یان ئەگەر دەوڵەتێکی فرەنەتەوە بوو لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵی رێکخرابێت، ئەوکاتە حزبی سیاسی مافی خۆیەتی باس لە سیستمی سیاسیی دەوڵەت، یان سوود و زیانی مانەوە، یان جیابوونەوە لەگەڵ دەوڵەتە فیدراڵییەکە بکات، ئەمەش لەو چوارچێوەیەدا دەوڵەتە فیدراڵییەکە بەمانای وشە بیسەلمێنێت کە بڕوای بەوەیە سیستمی فیدراڵی واتە (یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی دەستووری ئەو دەوڵەتەدا)، هەروەها دەوڵەتی فیدراڵی جیا لە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەی ئەو دوو نەتەوەیە لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا کۆدەکاتەوە، دەبێت ئامادەباشی زیاتریشی تێدا بێت بۆ وەڵامدانەوەی نەتەوەی بەرامبەری کە بەمانای وشە هەست بکات لە کیانێکی خاوەن سەروەریی دەژی و ملکەچی هیچ ئیرادەیەکی دەرەکی نییەو دەستووری دەوڵەتە فیدراڵییەکەش رەنگدانەوەی ئەو ئیرادەیەی خۆیەتی کە لە گشتپرسیدا دەنگی بە دەستوورەکە دابوو.

بەڵام کاتێك دەوڵەتە فیدراڵییەکە هەموو ماناکانی سیستمی فیدراڵی لەدەست دابێت، وەك ئەوەی ئێستا لە حکومەتی عێراقی دەیبینین و هیچ بڕوایەکی بەوە نەبێت کە سیستمی فیدراڵی واتە (یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی نێوان کوردو عەرەب لە چوارچێوەی عێراقدا) و مافی گشتپرسی بۆ کوردستان بە رەوا نەزانێت و ئامادە نەبێت دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا ئەو حزبە سیاسییەی لە کوردستانەوە بانگەشە بۆ مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراق بکات و ئاستەنگ و رێگری بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات و لەگەڵ دوژمنانی سەربەخۆیی لەیەك بەرەدا دژی خواستی نەتەوەکەی خۆی رابوەستێت، ئەوا ئەو حزبە سیاسییە وەك پێویستییەك بۆ سیستمی دیموکراتی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوونی نامێنێت و لەناو پرۆسەی سیاسیشدا وردە وردە دەپووکێتەوە و دەکەوێتە پەراوێزەوە.

## ● حزبی سیاسی وەك پێداویستیی دەوڵەتی نەتەوەیی و حزبی سیاسیی ئایدیۆلۆژی وەك سەپاندنی ئیرادەی دەرەکی

کارڵ پۆپەر لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی) لەسەر خاڵی بەهێزی ئایدیۆلۆژیەتی چەپ و مارکسی هەڵوێستە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، جیاوازی نێوان بیروبۆچوونی چەپ و مارکسی لەگەڵ بیروبۆچوونی جوو بۆ سیستمی حوکمڕانی ئەوەیە، چەپ و مارکسی تەنیا یەك چین (چینی پرۆلیتاریا) بەشایستەی حوکمڕانی دەزانن، بەڵام جوو تەنیا وەك گەلێك کە لەلایەن خواوە دەستنیشان کرابێت (شعب الله المختار) بە شایستەی حوکمڕانی دەزانن، بۆیە نە جوو، نە ئایدیۆلۆژیای چەپ و مارکسیزمیش ناتوانێت کۆمەڵگەی کراوە دروست بکات.

ئەم بۆچوونەی پۆپەر بۆ هەموو ئەو بیروبۆچوونانە راستە کە خۆیان وەك ئایدیۆلۆژیا پیرۆز دەکەن، ئەوجا ئەو بیروبۆچوونانە (ئیسلامی بێت، یان عەلمانی، یان کاتێك دیموکراتی دەگۆڕێت بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو)، لەمەش زیاتر کاتێك پێشکەوتنەکانی زانستی وەك ئایدیۆلۆژیا بە ئاستی ئایین پیرۆز دەکرێت، وەك پێشکەوتنەکانی ئێستای شۆڕشی تەکنەلۆژیا، هەموو ئەمانە لەبری ئەوەی ببنە هۆکارێك بۆ

**لەوانەیە بۆ دژایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان بەتەنیا نەبێت و لە باخچەی پشتەوەی سیاسەت خەڵکی دیکەش لەدەورەی کۆببێتەوە، بەڵام ئەوەی زۆر بەئاشکرا سەرکردایەتی ئەم رەوتە ئاژاوەگێڕییە دەکات و رۆڵی پاڵەوانی فیلمەکە دەگێڕێت، هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕانن**

**با خەڵکی کوردستان خۆیان بڕیاربدەن، ئایا بە قسەی گۆڕان و هاوپەیمانەکانیان دەکەن کە دەیانەوێت کوردستان بکەنەوە بە بەشێک لە عێراقێک کە هیچ سیفەتێکی دەوڵەت و حوکمڕانی تیدا نەماوە، یان لەدەوری پرۆسەی سەربەخۆیی کۆدەبنەوە کە هەر خۆیان رابەرایەتی سەرکەوتنی دەکەن**

**لە حاڵەتی لەمجۆرەدا کە پەرلەمان کراوە بە ئامێرێکی شەڕ بەدەستی لایەنێکەوە و رێگەنادات پەرلەمان ئەکتیڤ بکرێتەوەو لەناو پرۆسەی سیاسیشدا چۆتە سەر داری عینادو نایەتە خوارەوەو دەیەوێت خۆی بەسەر هەموو لایەکدا فەرزبکات، ئەوا تەنیا رێگەی دروست بۆ کردنەوەی تەلیسمی ئەم ئاژاوەگێڕی و عینادییە ئەوەیە راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی کوردستان قسە بکرێت، یان خەڵکی کوردستان ئاگاداری هەموو ئەجیندای سیاسی کوردستان بن و شاهید بن بەسەر پرۆسە سیاسییەکەوە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بوو بە بزووتنەوەی گۆڕان بڵێ بەسەو دەبێت سنووری بۆ دابنرێت، لەم چوارچێوەیەدا هاوپەیمانی خۆی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لەگەڵ گۆڕان هەڵوەشاندەوە و بە ئاشکراش رایگەیاند هەر لایەنێکی سیاسی دەیەوێت لاسایی گۆڕان بکاتەوە، ئەوا دەتوانێت ئەویش هاوپەیمانیی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و لە حکومەت بکشێتەوە**

**بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چارەسەری ئەم پرسە هەستیارە بنەمای سازانی نیشتمانی پێشێل کردو ویستی بە رێگەی کەمینەو زۆرینەی پەرلەمانی کودەتایەک بەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بکات، بەڵام ئەوە بوو ئەم گەمەیەی دۆڕاند، بۆیە هەوڵیدا ئەم دۆڕاندنەی بە سووتاندنی کوردستان پەردەپۆش بکات**

**هەتا ئەگەر لەدەستووریشدا سیستمی سیاسی، یان پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو جۆرە دابرێژدرێت کە بزووتنەوەی گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەوا هەتا لە پرۆسەیەکی گشتپرسیدا خەڵکی کوردستان دەستوورەکە پەسەند نەکات، ئەو شێوازە نابێتە سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا**

دروستکردنی کۆمەڵگەی کراوە، دەبنە هۆکارێك بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان و دروستکردنی ئاژاوەو پاشاگەردانی لە کۆمەڵگەدا.

بەپێی ئامارێك کە لە ژمارەی مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی ٢٠١٦ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوکراوەتەوە، یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لەماوەی شەڕی ساردا، نزیکەی ٧-١٠ ملیار دۆلاری بۆ دامەزراندن و پشتگیری لە حزبە چەپ و شیوعییەکان لە جیهاندا خەرجکردووە، لەبەرامبەردا عەرەبستانی سعودیە لە ساڵی ١٩٨٠ – ٢٠١٦، نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلاری بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری وەهابی و سەلەفی ئیسلامی خەرجکردووە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئامانج لە دروستکردنی حزبی ئایدیۆلۆژی ئەوجا (ئیسلامی، یان چەپ و شیوعی) لەلایەن سعودیە و یەکێتی سۆڤیەتی پێشانەوە بۆ چ ئامانجێك بووەو بۆچی ئەو هەموو پارەیەیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دوو بیروبۆچوونە خەرجکردووە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە ئەو حزبانەی بە پشتیگیری دەرەکی لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو لە وڵاتانی دیکە دروست دەکرێت، ئامانج لێیان ئەوە نییە کە وەڵامی خواست و داواکاری هاووڵاتیانی خۆیان بدەنەوە، بەڵکو زیاتر نوێنەرایەتی ئیرادەیەکی دەرەکی دەکەن و دەیانەوێت ئایدیۆلۆژیەتێکی دەرەکی بەسەر هاووڵاتیانی خۆیاندا بە شێوازی جۆراوجۆر فەرزبکەن. زۆر جار بەپێی تایبەتمەندی قۆناخ و هەڵکشان و داکشانی ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژییانە لە ناوچەکەو جیهان، ئەو حزبانەش هەڵکشان و داکشانی جەماوەری بە خۆیانەوە دەبینن، ئەمە لە شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوو دیاردەیەکی بەرچاوی هەموو حزبە چەپ و شیوعییەکانی جیهان بووە، بەڵام لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە کە ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستی رووی لەداکشان کردووە، حزبە چەپ و شیوعییەکانیش رووبەڕووی هەمان دیاردەی داکشانی جەماوەری بوونەتەوە، ئەم حاڵەتە بۆ ئێستای حزبە ئیسلامییەکانیش راستە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا و هەروەها دوای راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١ و گەیشتنی ئیخوان موسلمین بە دەسەڵات لە میسرو سەرکەوتنی حزبی نەهزەی ئیسلامی لە تونس، ئەوانیش جۆرێك لە هەڵکشان، یان زیادبوونی مەدی جەماوەرییان بە خۆیانەوە بینی، بەڵام شکستی ئیخوان و ناسەقامگیریی حوکمڕانیی تونس و دوورکەوتنەوەی حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بوونە هۆکاری ئەوەی حزبە ئیسلامییەکانیش لە ناوچەکەو کوردستانیش روو لە داکشانێکی گەورە بکەن و لە کوردستاندا ئێستا هەست بەو مەترسییە دەکەن، ئەگەر لایەنە ئیسلامییەکان خۆیان لەبەرەیەك، یان لە لیستێکی هاوبەشدا رێکنەخەن، زیاتر گۆشەگیر دەبن و جەماوەریان لێ دوور دەکەوێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە حزبی ئایدیۆلۆژی بڕوای بە چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی بە مانای سیستمی دیموکراتی و لیبراڵی نییە، هەربۆیە کاتێك ئەم جۆرە حزبانە دێنە ناو پرۆسەی دیموکراتی و دەیانەوێت ببنە حزبی پەرلەمانی و لاسایی حزبە سۆشیال دیموکراتەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم بکەنەوە، کە بە رێگەی هەڵبژاردن چوونە پەرلەمان و دەسەڵات لە حکومەتەکانی ئەوروپای رۆژئاوا، ئەوا ئەو حزبە ئایدیۆلۆژییانەی وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە، لاسایی ئەو حزبانەی ئەوروپایان پێناکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حزبە چەپ و مارکسی و کرێکارییەکانی ئەوروپای رۆژئاوا، لەناو ژینگەی دیموکراتیی ئەو وڵاتانە دروست بوون و بڕوایان بە هەیکەلی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە هەیە کە لەدوای رێککەوتنی ویستفالیا دامەزراوە، بۆیە ئامانجی ئەوان گۆڕینی سیستمە سیاسییەکە نییە، بەڵکو راگرتنی باڵانس و هاوسەنگییە لە نێوان دەرهاویشتە نەرێنییەکانی سەرمایەداری و تێکەڵکردنی هەندێك لایەنی باشی سوشیالیستی، هەر بۆیە دەبینین لە دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا جۆرێك لە سۆشیال بۆ هاوکاریی هاووڵاتیانی خۆیان هەیە، بەڵام لە ئەمریکا سیستمی سۆشیال بوونی نییە.

بەڵام ئەو حزبە ئایدیۆلۆژییانەی لە وڵاتی ئێمەو وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە دروست دەکرێن، بەرهەمی ژینگەی سیاسیی وڵاتەکەی خۆیان نین، بەڵکو دروستکراون بۆ ئەوەی پشتگیری لە جۆرێکی دیکەی سیستمی سیاسی بکەن کە وەك خۆیان دەڵێن لاساییکردنەوەی سیستمی دەوڵەتداریی رۆژئاوا نەبێت کە مەبەستیان (دەوڵەتی نەتەوەیی

هاوچەرخە)، لەبری ئەمە ئایدیۆلۆژیەتی چەپ و شیوعییەت بانگەشەی بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەکرد، ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامیش بۆ گێڕانەوەی خەلافەت، یان دەوڵەتی ئیسلامی، ئەم حاڵەتە لەوانەیە لە قۆناخە جیاوازەکانی کاری سیاسیی ئەو جۆرە حزبانە جۆرێك لە جیاوازی تێبکەوێت، بەڵام کە دەگەنە دەسەڵات وەك حزبی شیوعیی کوبا، یان ئیخوان موسلمینی میسر، یان پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا، بەتەواوەتی ئامانجی خۆیان ئاشکرا دەکەن، هەر بۆ نموونە کاسترۆ لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو سیستمێکی کۆمونیستی زۆر رادیکاڵانەی لە کوبا پیادەکردووەو هەتا ئێستاش بەردەوامە، ئیخوانەکانی میسر هەر گەیشتنە دەسەڵات ئامانجی خۆیان ئاشکرا کرد، لەهەمووشیان گرنگتر حزبی دادو گەشە پێدانی تورکیایە کە ئێستا بە ئاشکرا بانگەشە بۆ گەڕانەوەی خەلافەتی عوسمانی دەکات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم حزبە ئایدیۆلۆژییانە کاریگەرییان لەسەر رەوتی ژیانی حزبایەتی و پرۆسەی بیری نەتەوەیی لەسەر ئێمە و گەلانی هاوشێوەی ئێمە کردووە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە واقیعی ٥٠-٦٠ ساڵی رابردووی سیاسیی کوردستان دەیداتەوەو بە راشکاوی ئەو کاریگەرییە لەسەر حزبە سیاسییە دیموکراتی و نەتەوەییەکان رەنگدانەوەی هەبووە.

هەر بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ وەك بەرەیەك بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان (بە چەپ و نەتەوەییەوە) دامەزرێندرا، ئامانج لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هێندەی بۆ رێکخستنی توانای سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان بوو، هێندە وەك پارتێکی سیاسی نەبووە کە بە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو کاربکات، ئەوەی لە حزبەکان دیکە پێی دەگوترێت رۆشنبیرکردنی حزبی (التثقیف الحزبی)، بۆیە پارتی وەك چادرێکی گەورە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کۆکردبووەوە، بەڵام ئەو کاتیش کە لەسەر ئەم بنەمایە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراو لەبەر ئەوەی مۆدێلی حزبی چەپ و شیوعی مۆدێلی ئەو سەردەمە بوو، لە غیابی بارزانیی مستەفا کە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشان ئاوارە بوو، پەتای ئایدیۆلۆژیەتی چەپ هاتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانیش و پاش گەڕانەوەی بارزانیی مستەفا لە ساڵی ١٩٥٨ لەیەکێتی سۆڤیەت و گرێدانی کۆنگرەی پارتی، جارێکی دیکە هەیکەلی پارتی وەك حزبێکی جەماوەری و دیموکراتی رێکخرایەوە و شۆڕشی ئەیلوولیش هەڵگیرسا، کە نەك تەنیا کادرو ئەندامەکانی پارتی، بەڵکو تەواوی خەڵکی کوردستان بووە پاڵشت و جەماوەر و پێشمەرگەی ئەم شۆڕشە. ئەم پارتە جەماوەرییە تەنیا لەماوەی کەمتر لە سێ ساڵی رێبەرایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلوول، رژێمی ئەو کاتی عێراقی ناچار کرد دانوستاندن لەگەڵ شۆڕشی کوردستان بکات، بەڵام ئیدی لێرەوە لێکترازانی ١٩٦٤ لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان روودەدات، ئەم لێکترازانە بووە هۆکاری ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەبری ئەوەی درێژە بەخەباتی جەماوەری و دیموکراتی بدات، بەرەو شێوازێك لە ئایدیۆلۆژیەتی چەپی (ماوتسیتۆنگی) هەنگاو هەڵبگرن، ئەمەش واتە جیاوازیی حزبی شیوعیی عێراقی لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە بوو کە ئەوانە خۆیان بە پێرەوی ماوتسیتۆنگی (ماوی) دەناساندو ئەوی دیکەیان بە پێرەوی مارکسی لینینی، سەرەنجامیش لەناو ژینگەی باڵی مەکتەبی سیاسی رێکخراوێکی سیاسی بە ناوی (رێکخراوی مارکسی لینینی) دروست بوو کە چوارچێوەی خەباتی کوردستانی گرێدابووەوە بە خەباتی سەرتاسەریی عێراقەوە، پاشانیش کە دوای نسکۆی ١٩٧٥ ئەم رێکخراوە بووە بەشێك لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بانگەوازیان بۆ شۆڕش کرد، شۆڕشەکەیان ناولێنا: (شۆڕشی عێراق) نەك شۆڕشی کوردستان، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە کورد بەتەنیا ناتوانێت رژێمی عێراقی بڕووخێنێت و دەبێت هاوخەبات بێت لەگەڵ تەواوی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی. بەڵام دوای گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی وەك سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەدەرەوە، ئاراستەی ئایدیۆلۆژییانەی یەکێتی نیشتمانی کاڵکردەوە و هەوڵیدا دروشمی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لە شۆڕشی عێراقەوە بگۆڕێت بۆ شۆڕشی گەلی کوردستان، هەروەها لە هەشتاکانی سەدەی

**ئەم لێکتێگەیشتنەی پارتی و یەکێتی ئاراستەیەکی راشکاوانە دیاری دەکات کە بەرەی ئەو حزبانە پێکەوە کۆدەکاتەوە کە ئامانجیان سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆییە، ئەو لایەنانەش جیادەکاتەوە کە بانگەشە بۆ عێراقێکی یەکگرتوو، یان شیوەن بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن**

**لەنێوانی پارتی و یەکێتی بەتایبەتی ئەو باڵانەی نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی پۆپۆلیستانەی نەوشیروان مستەفاوە، لێکتێگەیشتنێک سەبارەت بە دەوڵەتی نەتەوەیی و هەروەها سیستمە سیاسییەکەشی وەک سیستمی دیموکراتی هەیە**

**هۆکاری سەرەکی بۆ دروستنەبوونی لێکتگەیشتن لەنێوان یەکێتی و گۆڕان لەلایەک و پارتی و گۆڕان لەلایەکی دیکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شەخسی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەکەشی وەک بزووتنەوەی گۆڕان، وەک سەرکردە و حزبێکی پۆپۆلیستی، بڕوایان بە چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە کە سیستمەکەی دیموکراتی و لیبراڵی بێت**

**چۆن لە ساڵی ١٩٦٤ بەلێکترازانی پارتی، باڵی مەکتەبی سیاسی بەرەو حزبێکی ئایدیۆلۆژی هەنگاوی هەڵگرت، ئەوا لەدوای ٢٠٠٥ لە لێکترازانی یەکێتی، باڵی نەوشیروان مستەفا بەرەو ئاراستەیەکی پۆپۆلیستی دژی دیموکراسی هەنگاوی هەڵگرت**

**رێککەوتنی واشنتۆن چوارچێوەیەکی بۆ کاری هاوبەش و حوکمڕانی لە نێوان یەکێتی و پارتی دروستکردو هەردوو بەڕێزانیش جەنابی مسعود بارزانی و جەنابی جەلال تاڵەبانی وەک دوو دەوڵەتمەدار لە گرنگیی ئەم رێککەوتنە ستراتیژییە تێدەگەیشتن و بەمەش توانییان لە ناو دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ و مێژوویی بۆ کوردستان تۆمار بکەن**

**ئەو حزبانەی بە پشتیگیری دەرەکی لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو لەوڵاتانی دیکە دروست دەکرێت، ئامانج لێیان ئەوە نییە کە وەڵامی خواست و داواکاری هاووڵاتیانی خۆیان بدەنەوە، بەڵکو زیاتر نوێنەرایەتی ئیرادەیەکی دەرەکی دەکەن و دەیانەوێت ئایدیۆلۆژیەتێکی دەرەکی بەسەر هاووڵاتیانی خۆیاندا بە شێوازی جۆراوجۆر فەرزبکەن**

رابردوو هەوڵیدا کە بەتەواوەتی یەکێتی نیشتمانی لەو ئایدیۆلۆژییەتە چەپە مارکسییە رزگار بکات و بە کردەیی یەکێتی بەرەو حزبێکی جەماوەری و دیموکراتی بەرێت.

ئەمە بووە هۆکاری جۆرێك لە لێکتێگەیشتنی تەواو لە نێوان پارتی و یەکێتی لەساڵی ١٩٨٦ دروست بێت و دوای ئەوەی رێککەوتنی ئاشتییان ئیمزا کرد، هەنگاو بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی هەڵبگرن، ئەم هەنگاوەش بە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی دەکرێت بڵێین هاوشێوەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە بازنەیەکدا کۆبکرێنەوە.

جیاوازیی نێوان دامەزراندنی پارتی لە ١٩٤٦ و بەرەی کوردستانی لەدوای ساڵی ١٩٨٧، ئەوە بوو حزبەکان لە ساڵی ١٩٤٦ هەموویان لەژێر ناوی پارتی کۆبوونەوە، بەڵام لەدوای ١٩٨٧ حزبەکان وەك هەیکەلی خۆیان مانەوە، بەڵام لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا کۆبوونەوە، بەمەش جارێکی دیکە جۆرێك لە هیواو ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان گەڕایەوەو لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ١٩٩٢ کە بەپێی یاسای بەرەی کوردستانی رێژەی ٧٪ بۆ بەشداریی حزبەکان لە پەرلەمانی کوردستان دانرابوو، بێجگە لە پارتی و یەکێتی، هیچ حزبێکی دیکەی ئایدیۆلۆژی نەیتوانی رێژەی ٧٪ تێپەڕێنێت.

### ● پارتی و یەکێتی وەك دوو حزبی دیموکراتی و جەماوەری لە دوای ساڵی ١٩٩٢

لەگەڵ ئەوەی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان زوو شەڕی ناوخۆ لەسەر دەسەڵات هەڵگیرسا، بەڵام زووش نەك هەردوولا بەڵکو ئەمریکا و ئەورووپاش گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بارودۆخی کوردستان تەنیا بە دوو حزبی جەماوەری و دیموکراتی بەڕێوەدەچێت کە ئەویش (پارتی و یەکێتی)یە.

پێش ئەوەی ئەمریکا ببێتە ناوبژیوان لە نێوان پارتی و یەکێتی لەماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆدا، بەشێك لە دەوڵەتانی ئەورووپا و لەسەرووی هەمووشیانەوە بەریتانیا هەوڵیاندا چەند جارێك ناوبژیوانی لەنێوانیاندا بکەن، بۆ ئەوەی ئاشتەوایی لەنێوان پارتی و یەکێتی بێتەئاراوە، بەڵام سەرەنجام لە ئەیلوولی ١٩٩٨ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەفەرمی بووە ناوبژیوان و بە ئامادەبوونی مادلین ئۆلبرایت کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، رێککەوتنی واشنتۆن لەنێوان پارتی و یەکێتی ئیمزا کراو ئەم رێککەوتنە بووە نەخشەی رێگە بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی بەرەو رێککەوتنی ستراتیژی و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) لەچوارچێوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاو بنێن.

کەواتە رێککەوتنی واشنتۆن چوارچێوەیەکی بۆ کاری هاوبەش و حوکمڕانی لە نێوان یەکێتی و پارتی دروستکردو هەردوو بەڕێزانیش جەنابی مسعود بارزانی و جەنابی جەلال تاڵەبانی وەك دوو دەوڵەتمەدار لە گرنگیی ئەم رێککەوتنە ستراتیژییە تێدەگەیشتن و بەمەش توانییان لە ناو دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کۆمەڵێك دەستکەوتی گرنگ و مێژوویی بۆ کوردستان تۆمار بکەن. بەڵام سەقامگیریی سیاسیی ناو یەکێتی نیشتمانی لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی یەکێتی جۆرێك ئاڵۆزیی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی دوای ئەوەی باڵی نەوشیروان مستەفا لەناو هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی یەکێتیدا شکستی خوارد، ئەمەش ژینگەیەکی سیاسی و ئاڵۆزی ئەوتۆی دروستکرد، کە نەوشیروان مستەفا لەیەکێتی جیاببێتەوە، ئەوجا چۆن لە ساڵی ١٩٦٤ بەلێکترازانی پارتی، باڵی مەکتەبی سیاسی بەرەو حزبێکی ئایدیۆلۆژی هەنگاوی هەڵگرت، ئەوا لەدوای ٢٠٠٥ لە لێکترازانی یەکێتی، باڵی نەوشیروان مستەفا بەرەو ئاراستەیەکی پۆپۆلیستی دژی دیموکراسی هەنگاوی هەڵگرت.

دیارە جیابوونەوەی باڵی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی نەبووە هۆکاری ئەوەی رێککەوتنی ستراتیژی درزی تێبکەوێت، هۆکاری مانەوەی رێککەوتنی ستراتیژی نێوانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ بایەخ و گرنگیی یەکریزیی نێوان پارتی و یەکێتی لەبیرکردنەوەو تێڕوانینی هەردوو بەڕێزان مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ پارتی و یەکێتی بە یەك لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردن بکەن و هەڵبژاردنەکەش ببنەوە و کابینەی



شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنن.

بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ئامانجی باڵی نەوشیروان مستەفا کە پاشان بووە (بزووتنەوەی گۆڕان) ئەوە بوو کە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوا دوای نەخۆشکەوتنی بەڕێز مام جەلال لە ٢٠١٢، لەگەڵ ئەوەی بەپێداگیریی پارتی دیموکراتی کوردستان نەوشیروان مستەفا ئەو خەوەی بۆ نەهاتەدی ڕێککەوتنی ستراتیژی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام توانی گوشار بکاتە سەر کادر و بنکەی جەماوەری یەکێتی بۆ ئەوەی یەکێتی بە لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی بەشداری هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ نەکات، بەمەش راستە ڕێککەوتنی ستراتیژی کۆتایی نەهات، بەڵام جۆرێك لەسڕبوونی بەخۆیەوە دی و نەیتوانی وەك پێشان هاوسەنگی و سەقامگیری لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان و عێراقدا رابگرێت.

هۆکاری سەرەکی بۆ دروستنەبوونی لێکتێگەیشتن لەنێوان یەکێتی و گۆڕان لەلایەك و پارتی و گۆڕان لەلایەکی دیکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شەخسی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەکەشی وەك بزووتنەوەی گۆڕان، وەك سەرکردە و حزبێکی پۆپۆلیستی، بڕوایان بە چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە کە سیستمەکەی دیموکراتی و لیبڕاڵی بێت، بەڵام لەنێوانی پارتی و یەکێتی بەتایبەتی ئەو باڵانەی نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی پۆپۆلیستانەی نەوشیروان مستەفاوە، لێکتێگەیشتنێك سەبارەت بە دەوڵەتی نەتەوەیی، هەروەها سیستمە سیاسییەکەشی وەك سیستمی دیموکراتی هەیە، ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان پارتی و یەکێتی

لەسەر پرسی دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانی کە ئێستا هەردوولاش زیاتر بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرن، کە جارێکی دیکە بەهەمان شێوەی سالآنی دوای ١٩٨٧ لە چوارچێوەی گوتارێکی نەتەوەیی پرۆسەی سیاسی ڕێکبخەنەوە، ئەم ڕێکخستنەوەیە بەو مانایە نییە کە هەموو حزبە سیاسییەکان بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە بگەنە قەناعەت و لەیەك گوتاردا خۆیان بەرجەستە بکەن، بەڵکو ئەم لێکتێگەیشتنەی پارتی و یەکێتی ئاراستەیەکی ڕاشکاوانە دیاری دەکات کە بەرەی ئەو حزبانە پێکەوە کۆدەکاتەوە کە ئامانجیان سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆییە، ئەو لایەنانەش جیادەکاتەوە کە بانگەشە بۆ عێراقێکی یەکگرتوو، یان شیوەن بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن.

## ● ڕاستکردنەوەی ئاراستەکان و دیالۆگی ڕاشکاوانە بە شاهیدی خەڵکی کوردستان

ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و چارەسەرکردنی کێشەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، ئەوا دەبێت بگەڕێین بۆ ئەوەی بزانین سەرەداوی کێشەکان بەگشتی چین و سەرەداوی کێشەکانی نێوان پارتی و گۆڕان لە کوێوە دروستبوون. یان دەبێت ئەو پرسیارە بورووژێنین کە ئایا کێشەیەك بوونی هەیە، یان ئەم کێشەیە دروستکراوە بۆ شاردنەوەی مەرامی دیکە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەتا پێویستی بەوە هەیە کە ئەو ڕاستییە دەستنیشان بکەین و بپرسین، ئایا کێشەیەك بوونی هەیە، یان کێشەکە دروستکراوە؟ ئەگەر دروستکراوە بە چ ئامانجێك دروستیان کردووە؟ ئایا کێشەی دروستکراو چۆن چارەسەر دەکرێت؟

ئەوانەی لەکوردستان چاودێری سیاسین، یان ڕۆژنامەنووسن، ئاگاداری ئەو ڕاستییەن کە هەتا ئایاری ٢٠١٥ کە شاندی کوردستان لەئەمریکا گەڕایەوە، هیچ کێشەیەك لەنێوان پارتی و گۆڕان و لە نێوان هیچ کام لەو حزبانە نەبووە کە بەخۆیان دەگوت (پێنج حزبە سەرەکییەکە!!)، ئەو کێشەیەی بەزۆر دروستیان کردو ناویان لێنا پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەسڵەن هەتا مانگی ئایاری ٢٠١٥ هیچ پرۆژەیەك نەبووە بەناوی (پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) لەلایەکی دیکەش ئەم پرۆژەیە کە دەکرێت پێشی بڵێین (گۆڕینی شێوازی حوکمڕانی لە کوردستان) نەك هەر بە پرۆژەی ئەم حزب و ئەو حزب هەموار ناکرێتەوە، بەڵکو هەتا ئەگەر لەدەستووریشدا سیستمی سیاسی، یان پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو جۆرە دابڕێژدرێت کە بزووتنەوەی گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەوا هەتا لە پرۆسەیەکی گشتپرسیدا خەڵکی کوردستان دەستوورەکە پەسەند نەکات، ئەو شێوازە نابێتە سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

سەبارەت بە هەڵوێستی شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، بۆ هەموو لایەك ئاشکرایەو شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەك هەر داوای نەکردووە لەو پۆستەدا بمێنێتەوە، بەڵکو داوای لە حزبە سیاسییەکان کردبوو کە لە ناو خۆیاندا ڕێکبکەون و کەسێك دیاری بکەن بۆ ئەوەی زۆر بە سادەیی ئەو پۆستەی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ بکات، سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، ئاشکرایە کە پارتی ڕایگەیاند، گۆڕینی سیستەم، یان گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان ئەوەتا دەستووری کوردستان چارەسەری بکات و پاشان دەستوورەکە دەخرێتە گشتپرسییەوە، یان ئەوەیە تەنیا بۆ ئەم پرسە گشتپرسی بکرێت و گەلی کوردستان چی بڕیارێکی دا، هەموو لایەك پێوەی پابەند دەبین، بەڵام ئەم پرسە بە پرۆژە و پرۆژەکاری حزبەکان و کەمینە و زۆرینەی پەرلەمانی چارەسەر ناکرێت. بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چارەسەری ئەم پرسە هەستیارە بنەمای سازانی نیشتمانی پێشێل کردو ویستی بە ڕێگەی کەمینەو زۆرینەی پەرلەمانی کودەتایەك بەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بکات، بەڵام ئەوە بوو ئەم گەمەیەی دۆڕاند، بۆیە هەوڵیدا ئەم دۆڕاندنەی بە سووتاندنی کوردستان پەردەپۆش بکات، لەم حاڵەتەدا پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بوو بە بزووتنەوەی گۆڕان بڵێ بەسەو

یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لەماوەی شەڕی ساردداد، نزیکەی ٧-١٠ ملیار دۆلاری بۆ دامەزراندن و پشتگیری لە حزبە چەپ و شیوعییەکان لە جیهاندا خەرجکردووە، لەبەرامبەردا عەرەبستانی سعودیە لە ساڵی ١٩٨٠ – ٢٠١٦، نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلاری بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری وەهابی و سەلەفی ئیسلامی خەرجکردووە

ئەو حزبە سیاسییەی لەکوردستانەوە بانگەشە بۆ مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراق بکات و ئاستەنگ و ڕێگری بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات و لەگەڵ دوژمنانی سەربەخۆیی لەیەک بەرەدا دژی خواستی نەتەوەکەی خۆی ڕابوەستێت، ئەوا ئەو حزبە سیاسییە وەک پێویستییەک بۆ سیستمی دیموکراتی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوونی نامێنێت و لەناو پرۆسەی سیاسیشدا وردە وردە دەپووکێتەوە و دەکەوێتە پەراوێزەوە

دەبێت سنووری بۆ دابنرێت، لەم چوارچێوەیەدا هاوپەیمانی خۆی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لەگەڵ گۆڕان هەڵوەشاندەوە و بە ئاشکراش رایگەیاند هەر لایەنێکی سیاسی دەیەوێت لاسایی گۆڕان بکاتەوە، ئەوا دەتوانێت ئەویش هاوپەیمانیی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و لە حکومەت بکشێتەوە.

ماوەی نزیکەی ١٨ مانگە ئەم حاڵەتە لە کوردستان روویداوەو پرۆسەی سیاسی جۆرێك لە چەقبەستوویی و سڕبوونی پێوە دیاربووە، بەڵام لە ئێستادا خەریکە هەنگاوەکان بەرەو ئەوە دەچن کە جۆرێك لێکتێگەیشتنی تازە لەنێوان بەشێك لە حزبەکان بێتەئاراوەو ئەو چەقبەستوویی و سڕبوونەی پرۆسە سیاسییەکە کۆتایی پێبێت. بەڵام کۆتاییهاتن و دووبارە بەگەڕخستنەوەی پرۆسەی سیاسی نەك تەنیا فراوانکردنی بازنەی (پێنج حزبەکە)ی پێویستە، بەڵکو دەبێت بازنەی دیالۆگ و وتووێژ بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ دەرچوون لەم کێشە دروستکراوە بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کێشەی دروستکراوی دیکە دروست نەکرێتەوە، بۆ ئەمەش پێوستە بازنەکە بە ئاستێك فراوان بێت کە دیالۆگ و وتووێژ بە ئاشکرا و لەبەردەمی خەڵکی کوردستان و شەفافانە ئەنجام بدرێت و چیدیکە بۆ مەرامی سیاسیی حزبەکان کارتەکان تێکەڵ نەکەن و راستییەکان لە خەڵکی نەشارنەوە.

لەماوەی ئەم ١٨ مانگەی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوەشاندۆتەوە، هەموو هەوڵی کادرو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێك لە پەرلەمانتارانی لایەنەکانی دیکە، ئەوە بووە کە بە هەر نرخ و شێوازێك بۆیان دەکرێت، باری سەقامگیریی سیاسی کوردستان بشێوێنن و، هەوڵیانداوە بە هەموو شێوەیەك لەناو پەرلەمانی عێراق دژایەتی بەرژەوەندییەکانی کوردستان و پێشمەرگە بکەن، لەمەش زیاتر بە ئاشکرا لەسەر زاری هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان کە ئێستا جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقە، داواکراوە سلێمانی بگێڕنەوە بۆ سەر بەغدا و لەکوردستان دایببڕێنن و لە ئێستادا کە خەریکە پرۆسەی وتووێژ لە نێوان هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانیی لایەنە شیعەکان بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەست پێدەکات، کادرو هەڵسووڕاوەکانی گۆڕان زۆر بە ئاشکرا بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن و دەیانەوێت بەوجۆرە پیشانی بدەن کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ سەربەخۆییدا نییە و حەزی لە پاشکۆیی و بندەستیی حوکمڕانیی دەسەلاتدارانی عێراقە.

کادر و هەڵسووڕاو و پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕان لەبەغدا، هەر جارەی بە بیانوویەك دەیانەوێت بیانوو بۆ رەفتار و لێدوانەکانیان دژ بە کوردستان و پێشمەرگە بهێننەوە، مەبەستیانە پرۆسەی سیاسیی کوردستان سەقامگیری بۆ نەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر چەواشەکاری و دژایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بەردەوام بن.

لە حاڵەتی لەمجۆرەدا کە پەرلەمان کراوە بە ئامێرێکی شەڕ بەدەستی لایەنێکەوە و رێگەنادات پەرلەمان ئەکتیڤ بکرێتەوەو لەناو پرۆسەی سیاسیشدا چۆتە سەر داری عینادو نایەتە خوارەوەو دەیەوێت خۆی بەسەر هەموو لایەکدا فەرزبکات، ئەوا تەنیا ریگەی دروست بۆ کردنەوەی تەلیسمی ئەم ئاژاوەگێڕی و عینادییە ئەوەیە راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی کوردستان قسە بکرێت، یان خەڵکی کوردستان ئاگاداری هەموو ئەجیندای سیاسی کوردستان بن و شاهید بن بەسەر پرۆسە سیاسییەکەوە.

لەوانەیە بۆ دژایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان بەتەنیا نەبێت و لە باخچەی پشتەوەی سیاسەت خەڵکی دیکەش لەدەورەی کۆببێتەوە، بەڵام ئەوەی زۆر بەئاشکرا سەرکردایەتی ئەم رەوتە ئاژاوەگێڕییە دەکات و رۆڵی پاڵەوانی فیلمەکە دەگێڕێت، هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕانن، ئەوجا بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بزانن کە گۆڕان بۆ چ مەبەستێك ئەم کارە دەکات و کێی تریش لە باخچەی پشتەوە لەگەڵی یەکدەگرێتەوە، ئەوا ئەو کاتە رەش و سپی لای خەڵك ئاشکرا دەبێت و با خەڵکی کوردستان خۆیان بڕیاربدەن، ئایا بە قسەی گۆڕان و هاوپەیمانەکانیان دەکەن کە دەیانەوێت کوردستان بکەنەوە بە بەشێك لە عێراقێك کە هیچ سیفەتێکی دەوڵەت و حوکمڕانی تیدا نەماوە، یان لەدەوری پرۆسەی سەربەخۆیی کۆدەبنەوە کە هەر خۆیان رابەرایەتی سەرکەوتنی دەکەن.

**حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، پێداویستیی کۆمەڵگە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دروستی دەکات، نەک حزب ئەو مافە بەخۆی بدات، دەوڵەت بۆ نەتەوە پێویستە، یان پێویست نییە، یان کاتیەتی، یان کاتی نییە**

**بە درێژایی نزیکەی ٤٠٠ ساڵی رابردووی مێژووی دەوڵەتی هاوچەرخ، هیچ نەتەوەیەک پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، بیری لە دامەزراندنی حزبی سیاسی نەکردۆتەوە و حزبی سیاسی بوونی نەبووە**

**حزبە چەپ و مارکسی و کرێکارییەکانی ئەوروپای رۆژئاوا، لەناو ژینگەی دیموکراتیی ئەو وڵاتانە دروست بوون و بڕوایان بە هەیکەلی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە هەیە کە لەدوای رێککەوتنی ویستفالیا دامەزراوە، بۆیە ئامانجی ئەوان گۆڕینی سیستمە سیاسییەکە نییە، بەڵکو راگرتنی باڵانس و هاوسەنگییە لە نێوان دەرهاویشتە نەرێنییەکانی سەرمایەداری و تێکەڵکردنی هەندێک لایەنی باشی سوشیالیستی**

# پرسی سەربەخۆیی و کورد



ئاسۆ کەریم

بۆ گولان نووسیویەتی

**(١)**

قسە لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان، بەتایبەتی لەم ١٠-١٥ی ساڵەی دواییدا، زۆر کراوە دەکرێ. چەندین کتێب و تێزی ماستەرو دکتۆرا لە بارەی مافی چارەی خۆنووسین و کورد، بە زمانی عارەبی و کوردی و ئینگلیزی و.. نووسراون. لێ وەك ئێستە نەبووەتە بابەتی رۆژ و جاروبار سیاسەتوانان-یش، لە ئاستی جیاجیادا، قسەیەك فڕێ دەدەن، بەڵام هێش نەبووەتە دروشمێکی هەنووکەیی، یان نەخراوەتە پێشی پێشەوەو هەموو وزەو توانایەکی نەتەوەی بۆ تەرخان نەکراوە.

بەپێی هەندێ سەرچاوەی متمانەپێکراو، نزیکەی ٦٠ کێشەو شەڕو پێکهەڵپژان و شەڕەدوکەی ناوخۆی وڵاتان لە جیهاندا، کە ئاستی جیاجیای توندوتیژییان بەخۆوە گرتووە، لەئارادان و ٧٠٪ی ئەو کێشانەش، داواو باکگراوندێکی جیاخوازییان هەس.

بەمەزندەی من، دوو خاڵ کە سەروکاریان بەم پرسگرێکەوە هەیە، تا رادەیەك ساغ بوونەتەوەو جەدەلێکی ئەوتۆیان لەبارەوە ناکرێ:

١. گەلی باشووری کوردستان، وەك هەر گەلێکی دیکە مافی چارەی خۆنووسینی هەس. ئەوە براوەتەوە کە کورد گەلێکی بەجیاهەڵکەوتووەو لە ماددە ٣ی دەستووری کاتیی کۆماریدا «٢٧ی تەمووزی ١٩٥٨» براوەتەوە کە دەڵێ: «...يعتبر العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن...».

دەمێنێتەوە ئەو مافە چ فۆرمێك بەخۆوە دەگرێ، بەتایبەتی دوای بەکۆتاهاتنی شەڕی ساردو لە سایەی بەجیهانبووندا کە دنیا لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە بەرەو نامەرکەزییەت Decentralization و لەتەکیدا کۆمیونیتە ئیتنی و ئایینی و مەزهەبییەکان، بەدوای پێناسەکانی تایبەت بە خۆیان دەکەون و لە بەرانبەر ئەوانی دیکەدا هەوڵی خۆناسینەوە دەدەن..

گەلی کوردستان هەموو فۆرمەکانی ئەو مافەی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی Internal Self-determination تاقیکردووەتەوە، بەڵام کورتیان هێناوە، یان سەریان نەگرتووە لە نا-مەرکەزییەتی ئیدارییەوە Administrative Decentralizationوە بگرە تا نا-مەرکەزییەتی سیاسی Political Decentralization بە هەردوو فۆرمی ئۆتۆنۆمی و ئەو فیدراڵیەتەشەوە کە لە دەستووری ٢٠٠٥دا جێگیرکراوە. ئەو فۆرمانە لە رێگەی بەیاننامە و رێککەوتننامەو قانوون و دەستووردا، بە رێککەوتن لەگەڵ نوێنەرانی کورددا و لە هەلومەرجی دیاریکراوی جیاجیادا بوون، بەڵام لە جێبەجێکردندا وەك ئاماژەی پێدرا، کورتیان هێناوە، یان هەوڵدراوە ناوێکی بێ ناوەڕۆك بن و ئێستەشی پێوە بێ، کورد هەستی بە دڵنیایی لە داهاتووی خۆی و مافەکانی خۆی نەکردووە ناکا.

تاکە رێیەك لەبەر کورد ماوەتەوە؛ پراکتیزەکردنی رووەکەی دیکەی مافی چارەی خۆنووسینە؛ External Self-determination. واتە گەلی کوردستان ببێتە خاوەن سەروەریی تەواوی خۆی لەڕاستی نەتەوە Nationکانی دیکەی جیهاندا. ئەم رووەی مافی چارەی خۆنووسین دەکەوێتە بەر فەرمانی قانوونی نێودەوڵەتی.

٢. خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە کە لە ریفراندۆمە نارەسمییەکەی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا لە تەواوی کوردستانی باشووردا، بە کەرکووك و خانەقی و ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ-یشەوە، ٩٨،٧٦٪ی دەنگدەران، دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. لە راپرسییەکی ساڵی رابردووی ناوەندێکی موعتەبەری وەك سەنتەری ئاشتی و تەناهیی مرۆیی سەر بە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك، ٨٣٪ی ئەو کەسانەی لێیان پرسراوە، لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بوون. کەواتە ئیرادەی زۆرینەی خەڵك لەگەڵ سەربەخۆییدایە.

ئەی چ جێگەی جەدەلە؟

١. ئایا کژ (کات)ی هاتووە سەربەخۆیی رابگەیەندرێ، یان نا؟ ئەگەر کژی هاتووە، چۆن؟ خۆ ئەگەر کژیشی نەهاتووە، لەبەر چی؟ لە هەردوو باریشدا، بڕێك ریسك هەیە.

رەنگە جەدەلەکە سەربکێشێتە سەر ئەوەی کە داخۆ:

- دەرفەتێك لە سای شەڕی داعشەوە بۆ کورد هاتووەتەپێش و دەبێ بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بقۆزێتەوە (بەو مانایە سیاسەت دەرفەت قۆزتنەوەیە) و گوایا لە دوای هەر شەڕێکی گەورەی جیهانیدا نەخشەکان کێشراونەتەوە.

- یان باسکردن لە سەربەخۆیی و جودابوونەوە، وەك هەندێك فەقیهی قانوونی لە بابەتی Allen Bu- chanan ناویان لێناوە Remedial Right to Secession، کاردانەوەیەکە لە هەمبەر مەیلی حوکمڕانیی زۆرینەی شیعە کە لە دوای ٢٠٠٥ـەوە جاروبار لەلایەن هەندێ لە دەسەڵاتڕانانی شیعەوە سەر دینێتەدەرێ و بۆ راگرتنی زنجیرەی نەهامەتییەکانی کوردە لە عێراقدا، واتە لە ناچاری و وەك چارەسەرێك بۆ فۆرمە سەرنەکەوتووەکانی مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆییە؟

- یان عێراق هەر لە بنیادەوە دەوڵەتێکی دەستکردی ئینگلیزو شڕو شێواوەو نایەتەوە سەرخۆ و تەناهی و سەقامگیری بەخۆوە نابینێ و کورد ناتوانێ تا سەر باجی نەهامەتییەکانی عێراقێك بدات کە خۆی چەندبارە دەکاتەوە، بەو مانایەی عێراق وەك دەوڵەت، قەیرانێکی بنیادی هەیەو بەردەوام توندوتیژی و ناسەقامگیری بەرهەم دەهێنێتەوە، بە هەڵوەشانەوەی نەبێ، چارەی ناکرێ.

بێ لەوە، قسە زۆر لەسەر کژهاتن، یان نەهاتنیش دەکرێ. بە چ مانایەك؟

- هەیە پێیوایە کورد «مەبەست زێتر نوخبەی سیاسیی حزبە سەرەکییەکانی کوردستانە» لەناوەخۆیدا رێکوپێك نییە. ئەو ناسازانە، لەگینە لە باری جاڕدانی سەربەخۆیی باشووری کوردستاندا، دابەشکردنەوەی باشووری کوردستانی بۆ دوو پارچە، یان زێتر لێ بکەوێتەوە.

- هەیە پێیوایە، بەدەر لە نەسازانی نوخبەی سیاسی، زەوینەی سەربەخۆیی خۆش نەکراوە، یان کۆڵەگەکانی سەربەخۆیی ئامادە نەکراون. بەو مانایەی ئایا کوردستان دەتوانێ لە باری ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی رابوەستێ؟ لە باری سەربازیشەوە کە هێش هێزێکی تۆکمەی نیزامی نییە، تا چەند دەتوانێ لەئاست تەحەدییات و شەڕو گێچەڵەکاندا خۆی رابگرێ؟

- لە بەرانبەریشدا دەگوترێ، مەرج نییە هەموو بنەماکانی بەدەوڵەتبوون پێکەوە، پێ بگەن و سازببن، بەڵکە پرۆسەی بەدەوڵەتبوون، پرۆسەیەکی دینامیکییەو لە هەنگامەی بە دەوڵەتبووندا وردە وردە تەکامول دەبن و گرنگ ئیرادەی خۆڕاگرتن و یەکبوونە.

- هەیە پێیوایە دەوروبەری هەرێمایەتی، بۆ ئەو هەنگاوە، ناسازو لەبار نییە. دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە.

- هەیە پێیوایە هەڵوێستی زلهێزەکانی دنیا روون و خویا نین. دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە.

مخابن، ئەوەی ئەم وتووێژانەش سەخت و ئاڵۆزو پاڵۆزتر دەکات، قەیران و کێشەو ئاریشەکانی ئەمڕۆی حوکمڕانییە کە تێکەڵ بەو جەدەلە کراون. هەقە، لە کەناڵەکانی میدیادا، لە کۆڕو سیمیناردا، ئەو پرسانە بخرێنە بەر باسی جددی و رەخنەو لێکۆڵینەوەوە.

بێشك پۆپۆلیزم کە ئێستە لە دنیاشدا برەوی پەیدا کردگە، بە هەردوو رووی «چەپڕەوانەو راستڕەوانەیەوە» ئاستەنگ لەبەردەم کەشوهەوای دروستی ئەو جەدەلە دروستدەکەن.

لەم نێوەدا:

- هەیە پرسی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی ئەبستراکت و رەها وەك غایەتێك سەیر دەکاو لە هەموو پرسە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی دادەبڕێ و خەمەکانی مرۆڤ دەخاتە دواوە و پێیوایە دەوڵەت دەرمانی هەموو دەردەیلی کۆن و ئێستەی کوردەوارییە!

- هەیە هیچ بوارێك بۆ پرسی سەربەخۆیی، وەك پرسێکی چارەنووسساز ناهێڵێتەوەو بە هەندێ پرسی هەنووکەیی پارسەنگی دەکاتەوە. ئەم جەدەلە، جۆرێ لەسەروەشێنی لەناو خەڵکدا دروستکردووە.

٢. سیستەمی حوکمڕانیی دەوڵەت. هەرچەندە بە بڕواو مەزەندەی من، ئەمە پرسێکی ئایندەییە نەك هەنووکەیی. دەکرێ لەنێوان نوخبەی سیاسیدا، لەسەر هەندێ بنەمای سەرەکی Principal Rulesی دەستووری، رێککەوتن بکرێ، لێ وردو درشتی دەستوورێك بۆ دەوڵەتی باشووری کوردستان، بۆ دوای جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە هەڵبگیرێ. ئەگەر بە سەهو نەچووبم، لە ١٩٩٠هێروە، ئەو ٣٥ دەوڵەتە تازەیەی هاتوونەتەئاراوە، پاش جاڕدانی سەربەخۆیی، چ لە رێگەی ریفراندۆمەوە بووبێ، چ لە رێگەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی ئازادەوە بووبێ، دەستووریان بۆ خۆیان داوەو پرسەکانی حوکمڕانی و ماف و ئازادییە سەرەکییەکانیان تێدا جێگیرکردووە.

بە دوایدا دێ.

لە راپرسییەکی ساڵی رابردووی ناوەندێکی موعتەبەری وەک سەنتەری ئاشتی و تەناهیی مرۆیی سەر بە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک، ٨٣٪ی ئەو کەسانەی لێیان پرسراوە، لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بوون. کەواتە ئیرادەی زۆرینەی خەڵک لەگەڵ سەربەخۆییدایە

عێراق وەک دەوڵەت، قەیرانێکی بنیادی هەیەو بەردەوام توندوتیژی و ناسەقامگیری بەرهەم دەهێنێتەوە، بە هەڵوەشانەوەی نەبێ، چارەی ناکرێ



پاتریک کلاوسن
تایبەتمەند لە کاروبارەکانی ئێران بۆ گوڵان:

# تێڕوانینی مەزهەبگەرایی شیعە هۆکاری بەشێکی گرنگی کێشەکانی ناوچەکەیە

**پاتریک کلاوسن، بەڕێوەبەری توێژینەوەیە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، پێشتریش پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی، شارەزای کاروبارەکانی ئێرانەو چەندین کتێب و توێژینەوەی لەبارەی ئێرانەوە نووسیوە. بۆ شرۆڤەکردنی ئەو گۆڕانکارییەی لە هەڵوێستی ئیدارەی نوێی ئەمەریکادا دروستبووە لەئاست ئیحتیواکردن و فشارخستنەسەر ئێران، هەروەها لێکدانەوەی هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕۆڵی چالاکی هەبێت لەم ناوچەیەدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچونەکانی خستەڕوو.**

*** هەڵوێستی توندی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر ئێران بە سەپاندنی سزا لەسەر کۆمەڵێك کۆمپانیا بۆتە هۆکاری ئەوەی باس لە کۆتاییهاتنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکرێت، یاخود جارێکی دیکە دەستبکرێتەوە بە وتووێژ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی تازە، ئایا تا چەند ئەم بڕیارانەی ئیدارەی ترەمپ دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا دروست بێت؟**

- ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لەدوو ڕووەوە تەرکیزی لەسەر کار و کردەوەکانی ئێران چڕکردۆتەوە، یەکێکیان تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی ئێران و دووەمیان پشتیوانی ئێرانە بۆ حوسییەکان و هێرشی حوسییەکان لەسەر گواستنەوەی دەریایی لە گەرووی (باب المندب)، ئەو پرسەش بووەتە هۆی ئەوەی پشتیوانییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی لە هەڵوێستی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بکرێت. کەواتە لە ئێستادا ترەمپ هەڵوێست لەسەر ئەو پرسانە وەردەگرێت کە پاڵپشتییەکی بەرفراوانی بۆ دەستەبەر بکات. لە (باب المندب) حوسییەکانی هێرشیان کردە سەر کەشتییەکی ئەمەریکی لەساڵی پاردا و ئیدارەی ئۆباماش کاردانەوەی هەبوو و هێرشی سەربازی کردە سەر پێگەی ڕادارەکانی حوسییەکان، کەواتە ئەگەری زۆرە کە ئیدارەی ترەمپ- هاوشێوەی ئیدارەی ئۆباما- هێرشی سەربازی بکاتەسەر پێگەی حوسییەکان ئەگەر هاتوو هێرشیان کردە سەر کەشتییەکان لە (باب المندب)، بەتایبەتی کە ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن حوسییەکان مینیان لەژێر ئاودا چاندبێت، ئەوەش کارێکی ئیستفزازییە. کەواتە ترەمپ بە چەشنی ئیدارەی ئۆباما ئامادەیە هێزی سەربازی دژی حوسییەکان بەکاربهێنێت، کە یاخیگەرن و ئێران پشتیوانیان لێدەکات، تا ئێستاش ئیدارەی ترەمپ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هەڵوێستی لە ئاست تاقیکردنەوە موشەکییەکان و کێشەی حوسییەکان، جیاوازە لە هەڵوێستی لە ئاست ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا.

*** ئایا چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ئەمەریکا یەکلایەنە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە، یان ئەوەتا ئەمەریکا کاری جدیتر دەکات بۆ جێبەجێکردنی؟**

- تا ئێستا ئاماژەی ئەوە لەئارادا نییە کە ئەمەریکا تاکلایەنە لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، بەپێچەوانەوە، تیمەکەی ترەمپ جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە چڕکردنەوەی تەرکیزیان لەسەر کردەوەکانی ئێران مەسەلەیەکی دابڕاوە لە پرسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە. بەڵام ئیدارەی ترەمپ توندتر دەبێت بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما لە ڕاڤەکردنی بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتنە. ئەوەی تەواو جێی سەرنجە، لە دە ڕۆژی کۆتایی ئیدارەی ئۆبامادا، کۆبوونەوەی لیژنەی جێبەجێکردن بەڕێوەچوو- کە لە ئێران ئەو وڵاتانەی دیکە پێکهاتووە کە ڕێککەوتنەکەیان واژۆ کردووە- لەو کۆبوونەوەیەدا ئێران بەو ڕاڤەکردن و لێکدانەوە توندە ڕازی بوو کە پەیوەست بوون بە دیاریکردنی ئەو بڕە یۆرانیۆمە پیتێنراوەی کە ئێران دەتوانێت خاوەنی بێت. کەواتە لە سایەی ئیدارەی ئۆباماشدا، گروپی ٥+١ هەڵوێستی توندیان هەبوو لەبارەی چۆنیەتی لێکدانەوەی بڕگەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و پێموایە ئەم هەڵوێستەش درێژەی دەبێت.

*** بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەڵکشانی زیاتری گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان ئێران و ئەمەریکادا دەبینین؟**

- بەڕێز ترەمپ بە ڕوونی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە بە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما، ئەو هەڵوێستی توندتری دەبێت لە ئاست ئەو کردەوانەی ئێراندا کە ناسەقامگیرییان لێدەکەوێتەوە لە ناوچەکەدا.

هەروەها هەمیشە ئەمەریکا ئازادی جووڵەی دەریایی بە پرسێکی زۆر گرنگ داناوە لە راستیدا وڵاتانی دیکەش بە گرنگییەوە لەم مەسەلەیە دەڕوانن، وەك چین و هیندستان کە لە ڕێی (باب المندب)ـەوە گواستنەوەیەکی دەریایی گەورە ئەنجام دەدەن و ئەگەر بێتو هەڕەشە لەسەر (باب المندب) دروست بێت، ئەوا هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی گەورە دێتەئاراوە بۆ رەواندنەوەی ئەو هەڕەشەیە، ئەوەی لە ئێستادا حوسییەکان دەیکەن لە (باب المندب)دا کارێکی زۆر ئیستفزازییە.

*** لەسەر پرسی سووریا ئیدارەی ترەمپ داوای کردووە کە لە لایەن پەنتاگۆن-ەوە پلانێکی نوێی بۆ ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر جددی کار لەسەر تێکشکاندنی داعش بکرێت، لە هەمان کاتدا هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەن کە بە هەماهەنگی لەگەڵ رووسیا هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی و ئێران لە سووریا بکاتە دەرەوە، ئایا تا چەند ئەم دوو ئامانجە پێکەوە، تێکشکاندنی داعش و دەرکردنی هێزەکانی حزبوڵا و ئێران لە سووریا سەرکەوتوو دەبێت؟**

- لە روانگەی ترەمپەوە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئەمەریکا تیرۆریستە ئیسلامییە رادیکاڵییەکانن، ئەو تیرۆریزمەش لە دوو لاوە سەرچاوە دەگرێت، یەکێکیان داعش و ئەلقاعیدەیەو ئەوی دیکەیان توندڕەویی شیعەیەو گرنگە هەنگاو لە دژی هەردووکیان هەڵبگیرێت، لەبەر ئەوە ئیدارەی ترەمپ کار لە دژی هەردوو توندڕەوییەکە دەکات، توندڕەوی سوننی و توندڕەوی شیعە. لە راستیدا ترەمپ داوای لە پەنتاگۆن کردووە کە هەموو بژاردەکان تاوتوێ بکات و هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرێت. هەروەها داوای لە هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگری کردووە کە پلانێك ئامادە بکەن بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سووریا بۆ پاراستنی ئاوارەکان. ئەمە شان بە شانی داواکارییەکەی بۆ ئامادەکردنی پلانێك بۆ تێکشکاندنی داعش.

*** ئایا دەتوانین بڵێین ئەم هەوڵانەی ئیدارەی ترەمپ بۆ ئەوەیە جارێکی دیکەی ئەمەریکا جڵەوی کاروبارەکان لەم ناوچەیەدا بگرێتەوەدەست دوای ئەوەی ئەو تێڕوانینە دروست بوو کە ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی ئۆباما‌دا لەم ناوچەیە کشاوەتەوە؟**

- دەقاودەق، چونکە ترەمپ رایگەیاند کە دەیەوێت شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمەریکا بگەڕێنێتەوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت ئەمەریکا ببێتە کاراکتەرێکی گرنگتر لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا. تائێستاش ئێمە ئەوەمان بەدیکردووە کە ئیدارەی ترەمپ تەواو چالاکە لە سەر ئاستی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان.

*** ئێران لەگەڵ ئەوەی ئەندامی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی نییە لە دژی داعش، بەڵام لەوەتەی داعش دروست بووە، کاراکتەری چالاکی ئەم شەڕەی دژ بە داعشە لە سووریا و عێراق. بەڵام ئیدارەی ترەمپ ئێران تۆمەتبار دەکات بەوەی دەوڵەتێکی مەترسیدارە و پاڵپشتی تیرۆر دەکات، لێکدانەوەتان بۆ ئەم دۆخە چییە؟**

- یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە سوننەکان هاوسۆز بن لەگەڵ داعشدا رەفتارە توندڕەوە تایفەگەرییەکانی شیعە بوو کە ئێران هەڵدەستێت بە هاندانی، کەواتە کاتێك رەفتاری توندڕەوانەی تایفەگەریی شیعەی ئێران و رەفتاری توندڕەوانەی تایفەگەری عەلەوی رژێمی سووریامان بینی، زۆرێك لە سوننەکانی سووریا بەو دەرئەنجامە گەیشتن کە ئەگەرچی هاورانین لەگەڵ داعشدا، بەڵام پێویستیان بە لایەنێکە پارێزگارییان لێبکات. کەواتە من دڵنیام کردەوەکانی ئێران هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی داعش بتوانێت خەڵکی بەلای خۆیدا رابکێشێت. تێڕوانینە تایفەگەرییەکانی ئێرانیش بەشێك بووە لە کێشەکە، نەك بەشێك بێت لە چارەسەر.

*** ئێران دەسترۆیشتوویەکی زۆری هەیە لە عێراقدا، تەنانەت هێزەکانی حەشدی شەعبی کە ژمارەیان لە سەرووی ١٢٥ هەزار چەکدارە هێندەی وەلائیان بۆ ئێران هەیە، هێندە وەلائیان بۆ عێراق نییە، ئایا لە کاتێکدا کە ئەمەریکا لەگەڵ ئێران بەو ئاستە توندیێت، تا چەند بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەبێتە ئامانج بۆ تۆڵەکردنەوەی ئێران لە ئەمەریکا؟**

- لە راستیدا هەندێ لە یەکەکانی حەشدی شەعبی زۆر هاوسۆزن لەگەڵ ئێراندا، بەڵام یەکەکانی دیکەی نێو حەشدی شەعبی بەو شێوەیە نین، موقتەدا سەدر و شوێنکەوتووانی بەرهەڵستی ئەوە دەکەن ئێران دەسترۆیشتوویەکی زیاتری هەبێت لە عێراقدا. کەواتە لە نێو شیعەکاندا دابەشبوون هەیە لەبارەی دەسترۆیشتویی ئێران لە عێراقدا و پێموانییە بیانەوێت رووبەڕووبوونەوەیەك

چاکسازی بونیادی دەرئەنجامی باشی بۆ خەڵکی هەرێم و بۆ پرۆسە سیاسیەکە دەبێت و دەیسەلمێنێت کە هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی کارای سیاسییە

موقتەدا سەدر و شوێنکوتووانی بەرهەڵستی ئەوە دەکەن ئێران دەسترۆیشتوویەکی زیاتری هەبێت لە عێراقدا. کەواتە لە نێو شیعەکاندا دابەشبوون هەیە لەبارەی دەسترۆیشتویی ئێران لە عێراقدا

ببینین لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا. لە زۆر حاڵەتیشدا زۆرێك لە عێراقییەكان پێیانوایە پێویستە حەشدی شەعبی زیاتر تەركیز لەسەر كاروبارەكانی عێراق بكات و باوەڕیان وایە هێزە ئەمەریكیەكانیش هاوكاری عێراق دەكەن و پێویست ناكات عێراق لە ململانێی وڵاتانی دیكەوە تێوەبگلێت.

*** بەڵام چۆن دۆخی ئێستای عێراق راڤە دەكەیت؟**

- ئاشكرایە عێراق وڵاتێكی لەرزۆكە و گومان لەوەدا نییە كە پرۆسەیەكی سیاسیی لەرزۆكیشی هەیە، بەڵام بەم دواییە عێراق ئەدایەكی باشی هەبووە لە شەڕی دژ بە داعشدا، چونكە هێرشی نەكردۆتەسەر سوننەكان، بەڵكو هێرشەكانی لە دژی داعش چڕكردۆتەوە. ئەمەش گرنگە، هەرچەندە هێشتا كێشەگەلێكی زۆر ماوە لە عێراقدا، بەڵام بەلای كەمەوە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەكەین زۆر جیاوازە لەو شەڕە ناوخۆییەی چەند ساڵێك پێش ئێستا لەئارادابوو، چونكە ئێستا شەڕەكە سروشتێكی تایفەگەری كەمتری هەیە و با ئومێد بكەین كە ئەمە بەردەوام بێت.

*** هەرێمی كوردستان خۆی بە هاوپەیمانێكی نزیكی ئەمەریكاو هاوپەیمانێتی دژ بە تیرۆریستانی داعش دەزانێت و نەكەوتۆتە بەرەی ئێرانەوە، یاخود دەكرێت بڵێین كوردستان نەكەوتۆتە ژێر دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە، ئایا بۆ ئیحتیواكردنی ئێران لە عێراقدا تا چەند گرنگە ئەمەریكا و هاوپەیمانانی دژ بە داعش پشتگیری سەربەخۆیی كوردستان بكەن، بۆ ئەوەی نەبێتە بەشێك لەو عێراقەی كە ئێران بە تەواوەتی كاریگەری بەسەریەوە هەیە؟**

- لە راستیدا دەبێت ئەمەریكا ئەو هاوسەنگییە هەستیارە بپارێزێت لە نێوان دەربڕینی پشتیوانییەكی بەهێز بۆ هەرێمی كوردستان و لە هەمان كاتدا پێوەندییەكانی لەگەڵ بەغدا نەخاتە مەترسییەوە، تا ئێستا وا دەردەكەوێت كە ئەمەریكا هانی هەرێمی كوردستان بدات بۆ ئەنجامدانی چاكسازی و بۆ هێنانەئارای حوكمڕانییەكی باشتر لەو هەرێمەدا. هەرێمی كوردستان چەندین كێشەی سیاسی هەیە، هەروەها چەندین كێشەی ئابووریشی هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم هەرێمە چەندین چاكسازی بونیادی لە بواری ئابووری و سیاسیدا ئەنجام بدات بۆ باشتركردنی پێگەی خۆی. بۆیە گرنگە لەم قۆناخەدا باشتر خۆی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی ئامادەبكات و لەبەر ئەوەی لەچەند ساڵی رابردوو هەم لە رووی سیاسی و هەم لە رووی ئابوورییەوە كێشەی هەبووە، لەبەر ئەوە دەبێت هەڵبستێت بە ئەنجامدانی ئەم چاكسازییانە .

*** كەواتە لە ئێستادا ئەولەوییەتی سەرەكی بریتیە بێت لە چاكسازی بونیادی هەروەك ئاماژەتان پێكرد؟**

- بە دڵنیاییەوە، چاكسازی بونیادی دەرئەنجامی باشی بۆ خەڵكی هەرێم و بۆ پرۆسە سیاسیەكە دەبێت و دەیسەلمێنێت كە هەرێمی كوردستان قەوارەیەكی كارای سیاسییە.

*** لە ئێستادا چۆن لە پێوەندییەكانی هەرێمی كوردستان و بەغدا دەڕوانیت، ئایا پێتوایە بتوانن لە رێی گفتوگۆوە پرسی جیابوونەوەی هەرێم لە عێراق چارەسەر بكەن؟**

- سازشكردن زۆر گرنگە، ئەگەرچی زۆر دژواریشە، بەڵام دەبێت هەرێمی كوردستان و بەغدا ئامادەبن بۆ سازشكردن، ئەویش لە پێناو رووبەڕووبوونەوەی دۆخە سەختەكەدا، بەتایبەتی دوای دابەزینی نرخی نەوت، تاوەكو ئێستا هەردوولا ئەدایەكی باشیان نەبووە لە سازشكردن بۆ یەكتری. هەندێ جار هەنگاوی باش دەنێن و هەندێ جاری دیكە ئەدایەكی خراپیان هەیە.

*** عەرەبستانی سعودیە كە ئێستا سەرۆكایەتی هاوپەیمانێتیەكی عەرەبی دەكات لە دژی حوسییەكانی یەمەن و رێگرتن لە فراوانخوازی ئێران، زۆر بە گەرمی پشتیوانی لە هەنگاوەكانی ترەمپ دەكات دژی ئێران، ئایا لەم قۆناغەدا عەرەبستانی سعودیە دەتوانێت پارسەنگی هێز و رۆڵی ئێران لە ناوچەكەدا ئیحتیوا بكات؟**

- لە راستیدا ترەمپ پشتیوانی لە هەر هەوڵێك دەكات بۆ سنورداركردنی دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەكەدا، ئیدی لە عێراق بێت، یان سووریا، یان یەمەن، یاخود بەحرەین، ئەمانەش ئەو وڵاتانەن كە ئێران هەوڵ دەدات دەستێوەردانیان تێدا بكات، رێگاچارەكە لەم وڵاتانەدا ئەوەیە پرۆسەیەكی سیاسی بخەنەگەڕ كە ببێتەهۆی رازیكردنی ئەو خەڵكانەی لە بارودۆخەكە ناڕازین. ئەم وڵاتانە كێشەی ناوخۆیی قووڵیان هەیەو ئەمەش رێگە بە ئێران دەدات كە رۆڵێكی ناسەقامگیركار ببینێت.

**لە روانگەی ترەمپەوە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئەمەریكا تیرۆریستە ئیسلامییە رادیكاڵییەكانن، ئەو تیرۆریزمەش لە دوو لاوە سەرچاوە دەگرێت، یەكێكیان داعش و ئەلقاعیدەیەو ئەوی دیكەیان توندڕەویی شیعەیەو گرنگە هەنگاو لە دژی هەردووكیان هەڵبگیرێت**

**لە سایەی ئیدارەی ئۆباماشدا گروپی ٥+١ هەڵوێستی توندیان هەبوو لەبارەی چۆنیەتی لێكدانەوەی بڕگەكانی رێككەوتنە ئەتۆمییەكە و پێمولیە ئەم هەڵوێستەش درێژەی دەبێت**

# هەرێمی کوردستان لەنێوان فیدراڵی دیموکراس و فیدراڵی دیکتاتۆر و ساختەی عێراقدا



د.چواس حەسەن*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢دا هەرێمی کوردستان پەسندی ئەوەی کرد کە پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی ڕێکبخرێتەوە، ئەم ئامانجە لەسەر ئاستی سیاسی کارێکی زۆری لەسەر کرا، تا ئەوەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە بوو بەمەرجی سەرەکیی تێکەڵبوونەوە و بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا. لە دەقە یاسایی و دەستوورییەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤ و دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا، بەتۆپزی جێگیر کرا.

لەدوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەك بەسەر جاڕدانی فیدراڵیدا لەپەرلەمانی کوردستان و یازدە ساڵ بەسەر دەستووری فیدراڵیی عێراقدا، کەچی هێشتا نێوانی هەرێم و بەغدا پڕکێشەیە و لە قەیرانێکی قووڵ و جددیدایە، بەشێوەیەك لەساڵی ٢٠١٣وە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەئاشکرا باس لەوە دەکات، چیتر فیدراڵیزم ناتوانێت پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێکبخات و لە رووی بەشداریکردنیشەوە لە حوکمڕانیی عێراقدا لەئاست داخوازییەکانی گەلی کوردستاندا نییە، بەڵکو باس لە چارەسەرێکی ئەودیو فیدراڵیش دەکات، وەك کۆنفیدراڵی، یان جیابوونەوەی دۆستانەی هەرێم لەعێراق.

ئەم بارە دەخوازێت پێداچوونەوەیەکی زانستییانە بکەین بۆ دیاریکردنی ئەسڵی کێشەکەو پرسیار بکەین گرفتەکە لەکوێدایە، تا بزانین چۆن چارەسەر دەبێت؟

ئایا خودی فیدراڵیزم لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا پیادەنەکراو تەنیا وەك مەرەکەبی سەرکاغەز مایەوە، بۆیە نەمانتوانی وەك هەرێم لەگەل بەغدا بەشێوازێکی گونجاو بەشداریی حوکمڕانی بکەین؟ بۆچی؟ ئەگەر وابێت دەبێت چی بکەین؟

لەبەرامبەردا ئەگەری دووەم ئەوەیە ئێمە بۆچوونێکی هەڵەمان هەبووبێت لەبارەی خودی فیدراڵیزمەوە و پێمانوابووبێت فیدراڵیزم واتا دیموکراسی و چارەسەری کێشەی ئێمە وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت دەکات، بەواتای لەوەهمی حەتمیەتی دیموکراسیبوونی دەوڵەتی فیدراڵیدا ژیابین، کە دەکرێت بەو پرسیارە دەریببڕین: ئایا دیموکراسیبوونی دەوڵەت و فیدراڵیزمبوونی بەیەکەوە بەستراون؟ ئایا هەموو دەوڵەتێکی فیدراڵی دیموکراسیشە، یان پرسی دیموکراسیبوونی سیستەمی سیاسی و شێوەی فیدراڵیزمبوونی دەوڵەت دوو پرسی لەیەکدی جیاوازن؟ دەوڵەتی فیدراڵی بێ دیموکراسی چ جۆرێکە و لەمێژوودا وێنەکانی چۆن بوون و بەکوێ گەیشتوون؟ لەوبارەدا دەوڵەتی فیدراڵی عێراقی نادیموکراس بەرەو کوێمان دەبات و مافەکانمان وەك گەلی کوردستان بەچی دەگەیەنێت؟

***

کاتێك دەوڵەتە یەکەمەکانی فیدراڵی وەك ئەمریکا ١٧٨٧ و کەنەدا ١٨٦٧ و سویسرا ١٨٤٨ دەوڵەتی دیموکراس بوون، بۆیە لەئەدەبیاتی سیاسی و ئەکادیمی پەیوەست بە سیستەمی سیاسی و شێوەی دەوڵەتدا

بڕوایەك هەبوو كە دەوڵەتی فیدراڵی هەمیشە دەوڵەتێكی دیموكراسیشە، هەرچەندە مەرجیش نەبێت كە دەوڵەتی دیموكراس هەمیشە فیدراڵ بێت.

بەڵام لەپاڵ وڵاتانی ئەورووپیی فیدراڵی دیموكراس و لیبراڵدا، بەر لەسەدەی بیستەم و بەتایبەتیش لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، وڵاتانی فیدراڵی نادیموكراس و دیكتاتۆری و حوكمی تاك حزبی وەك یەكێتی سۆڤیەتی جاران و یوگسلاڤیای جاران و ئەرجەنتین هەبوون، ئایا ئەو وڵاتانەی دواییان فیدراڵی راستەقینە نەبوون؟ یان دەكرێت دەوڵەتی فیدراڵ دیموكراسی نەبێت؟ یان ئەزموونە فیدراڵییە دیموكراسییەكانی سەدەی نۆزدەهەم تەنیا رێككەوتێك بوون لەنێوان كۆبوونەوەی دیموكراسی و فیدراڵی لەو وڵاتانەدا مەرج نییە لەهەموو شوێنێك ئەو چەمكە پێكەوە كۆببنەوە؟

ئێستا وڵاتانی وەك رووسیا و نێجیریا و مالیزیا كە بەپێی دەستوورەكەیان فیدراڵین، بەڵام بەشێوەیەكی بەهێز رووخساری سەركوتكەریان تێدابەدی دەكرێت، لەپاڵ وڵاتانی وەك ئیسپانیا و ئیتاڵیا كە دەستوورەكەیان باس لە فیدراڵیزم ناكات، بەڵام گەلێك دیموكراس و فیدراڵیشن، دەمانخەنە بەردەم پرسیاری جەوهەری بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی پێوەندیی نێوان دیموكراسی و فیدراڵیزم.

ئایا چەمكی فیدراڵیزم لەبنەڕەتەوە پەیوەست نییە بەدیموكراسییەوە، یان لەئەنجامی پراكتیزەكردنێكی فراواندا لەم چەند سەد ساڵەی رابردوودا، گۆڕانكاری بەسەر ئەو چەمكەدا هاتووە و چیتر پەیوەست نەماوە بەدیموكراسیەوە، بەڵكو تەنیا تەرتیبێكی سیاسی-ئیدارییە و دەوڵەت بەپێی بارودۆخی ناوخۆیی تایبەتەوە پەیڕەوی لێ دەكات؟ ئەم بۆچوونە لەلایەن یاساناسی گەورەی عێراقی دكتۆر (منذر الشاوی) بەتەواوی هەستی پێ دەكرێت، كە پێیوایە پەیڕەوكردنی فیدراڵی سروشتی دەوڵەت ناگۆڕێت و تەنیا هەنگاوێكی ترە لەدوای لووتكەی لامەركەزییەتی ئیدارییەوە (ئۆتۆنۆمی — الحكم الذاتي) دێت و هەرێمەكانی دەوڵەتی فیدراڵی هەندێك دەسەڵاتیان پترە وەك لە پارێزگاكان، یان ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەس.

بەڵام لە راستیدا باسكردن لە فیدراڵیزم باسكردنە لە دەسەڵاتی سیاسی لە رووی بونیادو پێكهاتەو دیزاینەوە، روونتر بڵێین سیستەمی فیدراڵی لەبنەڕەتدا پرۆسەیەكە تیایدا ستراكچەری دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەكی تایبەت و بە رەچاوكردنی هەلومەرجێكی تایبەتیی پێكهێنەرو توخمەكانی دەسەڵات، بۆ مەبەستێكی دیاریكراوی وەك ئەكتیڤكردنی دەسەڵات، یان هاوسەنگی لەنێوان توخمەكانیدا، یان دادپەروەری لەپیادەكردنیدا، یان دامەزراندنی ئاستێكی نوێی دەسەڵات، دیزاین دەكرێت.

هەرچەندە بیرۆكەی فیدراڵیزم زۆر كۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانەكان، بەڵام لەلایەن جۆهانز ئاڵتۆسز Johannes Althusius ی ئەڵمانییەوە لەساڵی ١٦٠٣ دا، جارێكی دی لەسەردەمی دەوڵەتی نوێدا، وەك شێوازێك لەشێوازەكانی وابەستەیی و پێوەندیی دامەزراوە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان، تیۆریزە كراوەتەوە.

سەرهەڵدانەوەی بیرۆكەی فیدراڵیزم لەئەورووپا لەسەدەی حەڤدەهەم و بەرەودواوە رووداوێكی دابڕاو نییە لەپەرەسەندنە هزری و سیاسییەكانی ئەورووپای ئەو سەردەمە، بەڵكو لەچوارچێوەی گەشەسەندنی هزری دیموكراسی، كە خۆی لەشاكارە هزرییە گەورەكانی هۆبز و لۆك و مۆنتسكیۆ و رۆسۆ و كانت و....هتد دێت، بۆیەشە سەرهەڵدانی یەكەم دەوڵەتی فیدراڵی وەك وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەساڵی ١٧٨٧دا لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی فەرەنسای دیموكراس لە ساڵی ١٧٨٩ دا هەروا رێكەوت نییە، بەڵكو سەلمێنەری ئەو راستییەن كە هەردوو بیرۆكەكە (فیدراڵیزم و دیموكراسی) وەك شێوازی رێكخستنی دەسەڵات لەدەوڵەتی نوێدا لەیەك چوارچێوەدا دێن و بەیەكتری نامۆ نین.

وەك بەرەنجامی پێشكەوتن و گەشەكردنی ئابووری و تەكنۆلۆژی و كۆمەڵایەتی و سیاسی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، فیدراڵیزم بووە سمبولی باڵای حكومەتێكی دەستووری، دیموكراسی، لیبراڵی، لەگەڵ سەروەریی گەل بەپێی دەستوورێكی نووسراو.

بۆیە لەبارەی پێوەندیی نێوان دیموكراسی و فیدراڵیزمەوە، گەورە زانای بواری فیدراڵیزم كینت وێر Kenneth Wheare لەساڵی ١٩٤٦دا پێیوایە فیدراڵیزم و دیموكراسی بێگومان ئاوێتەی یەكدین، بۆیە (وێر) بە رەهایی فیدراڵیبوونی سیستەمە دیكتاتۆرییەكانی وەك یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو و یوگسلاڤیای پێشوو و هاوشێوەكانی رەتدەكردەوە، پێیوابوو كە زوویێت، یان درەنگ یەكسانی و سەربەخۆیی لەو وڵاتانەدا لەژێر هەژموونی حكومەتی تاك حزبیدا، كە هەڵبژاردنی پاك و ئازاد رەتدەكاتەوە، لەبەین دەچێت، چونكە سیستەمی سیاسیی ئەو دەوڵەتانە پێچەوانەی پرەنسیپی فیدراڵین كە خۆی لە حوكمێكی دیموكراس و ئازاددا دەبینێتەوە.

**بەفیدراڵی كردنی عێراق، تا ئێستاش، تەنیا پرۆژەی كوردە، بەڵام لایەنە عەرەبەكان، هەر لایەن و تایفەیەک پرۆژە، یان خەونی تایبەت بەخۆیان بۆ عێراقی داهاتوو هەیە، جا لەسەر هەر بنەمایەک بێت**

بەهەمان ئاراستەی (وێر) و لە ساڵی ١٩٥٦دا، لەگەرمەی گفتوگۆ لە بارەی فیدراڵیزمەوە، ویلیام لیڤنگستۆن William Livingston لە نووسینێکیدا بەناونیشانی (فیدراڵیزم و گۆڕانی دەستووری) لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیای فیدراڵیدا دەڵێت: «حکومەتی فیدراڵی تەنیا بۆ ئەو سیستەمە سیاسییانە گونجاوە کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دامەزراون. بەومانایەی لەگەڵ هیچ شێوەیەك لەشێوەکانی دیکتاتۆریدا ناگونجێت. پێشمەرجی حکومەتی فیدراڵی بریتییە لە ئارەزوو و توانای گەرەنتی کردنی ویلایەتەکان لەبەرامبەر دەستدرێژییەکانی حکومەتی ناوەندیدا. ئەگەر ئەوەی دواییان (حکومەتی ناوەندی) دیکتاتۆری بێت، چۆن ستراکچەری فیدراڵی گەرەنتی دەکرێت؟! لەوانەیە ویلایەتەکان بەئەرکەکانی خۆیان هەڵسن، بەڵام بێگومان لەژێر سایە و رەحمەتی دیکتاتۆردا دەبێت».
بە رای لیڤنگستۆن لەوڵاتانی دیکتاتۆری بەناو فیدراڵیدا، حکومەتی ناوەندی کەسانی دەستەمۆ و بێدەسەڵات لەحکومەتی ویلایەتەکاندا دادەمەزرێنێت، بۆیە ویلایەتەکان تەنیا دەبنە وەکیلێکی حکومەتی ناوەندی، بەشێوەیەك ناوەڕۆکی فیدراڵی لە رووی سەربەخۆیی و هەماهەنگیی ویلایەتەکان لەپراکتیکدا بەتاڵ دەبێتەوە، لەوەشەوە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی دیکتاتۆری و دیموکراسی لەشێوازی حوکمڕانی فیدراڵیدا کۆنابنەوە.
بەڵام ویلیام ریکر William Riker کە یەکێکی ترە لە توێژەرەکانی بواری فیدراڵیزم، لەیەکێك لەتوێژینەوەکانیدا لەساڵی ١٩٦٤دا، هەوڵدەدات خۆی لەپێوەرە شکڵییە یاسایی و ئیدارییەکان لە هەڵسەنگاندنی دەوڵەتانی فیدراڵدا ببوێرێت، بۆیە بەلای (ریکر)ـەوە سیستەمی سیاسی، وەك سیستەم، بەچۆنیەتی کارکردنی هەڵدەسەنگێندرێت، نەك بە رووکار و دیزاینە یاساییەکەی، لێرەشەوە پێیوابوو دەکرێت لەسایەی سیستەمی دیکتاتۆریشدا پەیڕەو لە فیدراڵیزم بکرێت و یەکێتی سۆڤیەتی جاران و هاوشێوەکانیشی بە (فیدراڵی دیکتاتۆری) ناوزەد دەکرد، هێشتاش توێژەرانێك سوورن لەسەر ئەوەی دەکرێت فیدراڵیزم لە سیستەمی سیاسیی دیکتاتۆریدا پیادەبکرێت، بەڵام ریکر و هاوبۆچوونەکانی ئەو راستییەیان فەرامۆش کرد کە تاکڕەوی لە سیستەمی دیموکراسیدا بنەمای فیدراڵی لەناودەبات و تاکە ئەنجامی لۆجیکی ئەوەیە کە فیدراڵیزمی راستەقینە جۆرێکی گەورەی دیموکراسی لیبراڵی دەستوورییە (حکومەتی دەستووری).

لە راستیدا فیدراڵیزم وەك سیستەمێکی یاسایی نیشتمانی، وەك جۆرێك لەدەوڵەت، بۆئەوە لەهەناوی دەوڵەتی دیموکراسیدا سەری هەڵدا، کێشەکانی کە لەئەنجامی پەیڕەوکردنی زۆرینەو کەمینەی سادەوە لە سیستەمی دیموکراسیدا سەرهەڵدەدەن، کاڵ بکاتەوە و سنوورداری بکات. واتا بڕیاردان بەزۆرینە نەبێتە کێشەیەك لەبەردەم تەواوکاری نیشتمانیدا (التکامل الوطنی)، لەبەردەم دامەزرانی نیشتماندا، چونکە کاتێك دەکرێت سیستەمی دیموکراسی بە زۆرینە و بڕیاری زۆرینە بەڕێوەبچێت کە ناسنامەی زۆرینەو کەمینە هێندە هاوشێوە بێت، کەمینە بتوانێت بڕیارەکانی زۆرینە وەك جۆرێك لە پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی پەسندبکات، بەواتای کەمینە هەست نەکات کە جیاوازی ناسنامەی لەگەڵ زۆرینەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی و قووڵە و کاریگەری هەیە لەسەر مان و نەمانی، واتا لەسەر بەردەوامبوونی بەناسنامەی خۆیەوە، یان لەناوچوونی.
لەو وڵاتانەی کە ناسنامەی دانیشتووانەکەیان تا رادەیکی باش هاوشێوەیە، ئەوا کێشە نییە لە پەیڕەوکردنی سیستەمی دیموکراسیدا بەشێوازی زۆرینە و کەمینەی ئاسایی، چونکە دەکرێت لەکاتی داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکاندا جێگۆڕکێیەك لەنێوان شوێنەکانی زۆرینەو کەمینەدا بێتەکایەوە، واتا هەمیشە پێکهاتەی زۆرینەو کەمینە بەیەك شێواز و لەهەمان کەسەکاندا بەجێگیری دووبارە نابێتەوە، بەڵکو دەکرێت لەبەر رۆشنایی ئاڵوگۆڕی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەی زۆرینەو کەمینەشدا بێت، واتا ئەو تاکەی ئەمڕۆ زۆرینەیە لەبابەتێکدا، دەکرێت لە بابەتێکی دیکەدا ببێتە کەمینەو بەپێچەوانەشەوە، ئەوە دیموکراسی ساغڵەمە، چونکە هاووڵاتی هەست ناکات هەمیشە لەبەرەی کەمینە، یان زۆرینەدایە، لەوەشەوە دەتوانین بڵێین جێگۆڕکێ لەناوەندی بڕیاردانیشدا دێتەکایەوە، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەو بارە بە پەیڕەوکردنی دیموکراسی لیبراڵی ئاسایی لەو کۆمەڵگەیانەی کە فرەنەتەوە و ئایین و ئیتنین بێتە کایەوە، بەڵکو لەبنەڕەتەوە زەحمەتە بەوە رازی ببن بڕیارەکان بەزۆرینە و کەمینە بدرێن، بۆ نموونە پەیڕەوانی هیچ ئایینێك هەرچەند کەمیش بن، لەو بابەتانەی پەیوەستن بە بڕواو پیرۆزییەکانی ئایینەکەیانەوە، ناتوانن لەگەڵ بڕوادارانی ئایینێکی دیکە بڕیاردان لەبارەیانەوە بۆ زۆرینەو کەمینە بەجێ بهێڵن، ئەمە بۆ ناسنامەی نەتەوەییش راستە، بۆ تایفییش راستە، بۆیە لێرەدا فیدراڵیزم دەبێتە مەترح

لەدوای شکستهێنانی پرۆژەی بەدیموکراسکردنی عێراقدا، هەرێمی کوردستان لەئەگەری مانەوەی لەناو عێراقدا، دەکەوێتە نێوان بەرداشی هەڕەشەی سەرهەڵدانی فیدراڵیزمی دیکتاتۆری و ساختەوە، یان لەبەریەک هەڵوەشانی ئەو بەشە فیدراڵییەشی کە تا ئێستا پارێزراوە و گەڕانەوەی عێراق بۆ ژێر سایەی دیکتاتۆری و هەژموونی تایفەیەک، یان حزبێک، وەک لەماوەی هەشتا ساڵی پێش رووخانی سەدام حوسێن تیایدا دەژیاین

سەرجەم ئامرازەکانی حکومەتی فیدراڵی بریتین لەو دامەزراوانەی کە ئامانجیان بریتییە لە رێگریکردن لەوەی زۆرینەیەکی رەها لەکۆمەڵگە گەورەکەدا بەرژەوەندییەکانی خۆی بەبێ لەمپەر بەسەر بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەدا بسەپێنێت

وەك شێوازی ڕێكخستنی دەسەڵاتی دیموكراسییانە لەو وڵاتانەدا بەشێوەیەك كە لە توندی زۆرینەو كەمینە كاڵبكاتەوە، بەڵام ئایا ئەوەندە بەسە؟ بەواتای تەنیا بە ڕێكخستنێكی یاساییانەی فیدراڵی، واتا دەستوورێكی فیدراڵی مەسەلەكە چارە دەبێت؟ ئایا پێویست بەئامادەیی كەلتووری و سیاسیی كۆمەڵگەكان ناكات لەبابەتی تردا، وەك بڕوابوون و تێگەیشتن لە دیموكراسی؟

لێرەدا لیڤنگستون بە وردی ئەو ڕاستییە دەردەبڕێت بەوەی:

«ئاشكرایە فیدراڵیزم دژ دێتەوە لەگەڵ پرەنسیپی حوكمی زۆرینەی توند، ئەگەر لەسەر سەرجەم كۆمەڵگەی فیدراڵی جێبەجێ بكرێت. بەسروشتی خۆی فیدراڵیزم دژدێتەوە لەگەڵ زۆرینەدا. حكومەتی فیدراڵی بەشێوەیەك دیزاین كراوە بۆ پاراستن و نوێنەرایەتی كردنی جۆراوجۆری هەرێمی و ناوچەیی (وویلایەتەكان) لەناو كۆمەڵگەیەكی گەورەتردا (دەوڵەتی فیدراڵی) دەستەبەر بكات. سەرجەم ئامرازەكانی حكومەتی فیدراڵی بریتین لەو دامەزراوانەی كە ئامانجیان بریتییە لە ڕێگریكردن لەوەی زۆرینەیەكی ڕەها لەكۆمەڵگە گەورەكەدا بەرژەوەندییەكانی خۆی ببێ لەمپەر بەسەر بەرژەوەندییەكانی پێكهاتەكانی تری كۆمەڵگەدا بسەپێنێت. بۆیە (فیدراڵیزم) شێوازێكە لەپاراستنی كەمینە لە ویلایەتێك، یان چەند ویلایەتێكدا لەبەرامبەر زۆرینە لە ویلایەتەكانی تردا.. دەوڵەتی فیدراڵی بەپێی پرەنسیپی زۆرینە كارناكات».

ئەگەر لەوە بترازێت، ئەوا دەوڵەتی فیدراڵی، وەك كارل فریدریش یواكیم Carl Joachim Fried- rich لە وەسفی فیدراڵیزمەكەی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوودا دەیكات، تەنیا بریتی دەبێت لە دانپێدانانێكی یاسایی بە بوونی دانیشتووانێك لەسەر بنەمای ئیتنی لەناوچەیەكی دیاریكراودا شانبەشانی ناوەندگەراییەكی بەهێز و زۆرجار سەركوتكەر لە بەڕێوەبردنی ئەو كارانەی پەیوەستن بە ویست و بەرژەوەندییەكانی ناوەندەوە، ئەمەش واتا فیدراڵیزمێكی ساختەیە.

بێردۆ-ش سەرسوڕمانی خۆی لە فیدراڵیزمی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو نیشان دەدات، بەوەی كە بەپێی ماددەی سێیەمی دەستووری ساڵی ١٩٧٧ چۆن دەكرێت سەرجەم بڕیارەكان لەلای ناوەندبن و هەموو دەستەكانی تری خوارەوە ملكەچی بڕیارەكانی بن؟ لەكاتێكدا بەپێی سیستەم و بنەماكانی فیدراڵیزم دەبێت ئەو دەستانە ئازاد بن لە بڕیاردان لە كاروباری خۆیان و ئازادانەش لە بڕیارەكانی ناوەندەدا بەشداری بكەن.

كەواتە مەرج نییە هەموو دەوڵەتێكی دیموكراسی فیدراڵیزم بێت، بەڵام مەرجە هەموو دەوڵەتێكی فیدراڵیزم دیموكراسی بێت. ئەم ڕایە نیوەی ڕاستییەكەیە تا ئەوەی (هەموو دەوڵەتێكی فیدراڵ دەبێت دیموكراس بێت)، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین كە دەوڵەتێكی فرەپێكهاتە ناتوانێت دیموكراسیش بێت، ئەگەر فیدراڵی نەبێت، چونكە فیدراڵیزم كارێكی سەرەكی دەكات لەسەر كاڵكردنەوەی حوكمی زۆرینە، كە مەرجی سەرەكییە بۆ بەردەوامی دەوڵەتێكی فرەیی دیموكراس، ئەگەرنا ئەوە بەرە بەرە دەوڵەتەكە لە دیموكراسییەوە مل دەنێت بەرەو حوكمی زۆرینەو پاشانیش لەبارچوونی هەموو ئاسەوارێكی دیموكراسی. بەشێوەیەك وەك میشێل بۆرگیز Mi- chael Burgess دەڵێت:

«دیموكراسەكان ڕێكن لەسەر ئەوەی سەرجەم وڵاتانی دیموكراس، یان بەشێواز فیدراڵین، یان بەشێوەیەكی بەرفراوان لەسەر بنەمای پرەنسیپەكانی فیدراڵی بونیادنراون. ئەوەتا هەندێك دەوڵەتی وەك بەریتانیا و ئیسپانیا و ئیتاڵیا كە بەهیچ شێوەیەك لەدەستوورەكەیاندا باس لەمەسەلەی فیدراڵی نەكراوە، بەڵام هێندە بەفراوانی تەرتیباتی فیدراڵییان تێدا پەیڕەو دەكرێت، تا ئەوەی لەلایەن زۆربەی لێكۆڵەرەكان بەدەوڵەتی فیدراڵیان هەژماردەكەن».

كەواتە فیدراڵیزم وەك شێوازێكی دەوڵەت ئەو ستراكچەرەیە كە نوێنەرایەتی گرووپەكان، كۆمەڵەكان لە ڕووی بەشداری و هاوپشكیی سیاسی لەسیستەمی سیاسیی دیموكراسدا بەرجەستە دەكات، چونكە لەكاتێكدا دەوڵەتی دیموكراسیی سادە تەنیا پێویستی بە نوێنەرایەتی و بەشداری هاووڵاتی وەك تاك لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە، بەڵام دەوڵەتی فیدراڵی پێویستی بە نوێنەرایەتی و بەشداریی گرووپەكانیش (نەتەوەیی، یان ئیتنی، یان تایفی، یان ئایینی) هەیە لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەم ڕاستییەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پێكهاتەو ستراكچەری دامەزراوە سیاسییە گشتییەكانی دەوڵەتی فیدراڵیش. هەربۆنموونەش دەبێت دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە دوو ئەنجومەن پێكبێت، ئەنجومەنێك بۆ نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان و ئەنجومەنێكیش بۆ نوێنەرایەتیی گرووپەكان (هەرێمەكان)، یان كۆمەڵگەكان.

كەواتە خودی فیدراڵیزم لە دەوڵەتی نیشتمانیدا

**هەندێك دەوڵەتی وەك بەریتانیا و ئیسپانیا و ئیتاڵیا كە بەهیچ شێوەیەك لەدەستوورەكەیاندا باس لەمەسەلەی فیدراڵی نەكراوە، بەڵام هێندە بەفراوانی تەرتیباتی فیدراڵییان تێدا پەیڕەو دەكرێت، تا ئەوەی لەلایەن زۆربەی لێكۆڵەرەكان بەدەوڵەتی فیدراڵیان هەژماردەكەن**

**پەیڕەوانی هیچ ئایینێك هەرچەند كەمیش بن، لەو بابەتانەی پەیوەستن بە بڕوا پیرۆزییەكانی ئایینەكەیانەوە، ناتوانن لەگەڵ بڕواداراانی ئایینێكی دیكە بڕیاردان لەبارەیانەوە بۆ زۆرینەو كەمینە بەجێ بهێڵن**

**لەدوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک بەسەر جاڕدانی فیدراڵیدا لە پەرلەمانی کوردستان و یازدە ساڵ بەسەر دەستووری فیدراڵیی عێراقدا، کەچی هێشتا نێوانی هەرێم و بەغدا پڕکێشەیە و لە قەیرانێکی قووڵ و جددیدایە، بەشێوەیەک لەساڵی ٢٠١٣وە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەئاشکرا باس لەوە دەکات، چیتر فیدراڵیزم ناتوانێت پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە رێکبخات**

ئامانجەکەی دامەزراندن و گەرەنتیکردنی سیستەمی سیاسی دیموکراسییە لەو کۆمەڵگەیانەی کە پێکهاتەکەیان لە رووی جوگرافی و کەلتووری و ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و...هتد بەشێوەیەك فرەییە کە ناکرێت سیستەمی دیموکراسی بونیادنراو لەسەر بڕیاری زۆرینەی سەرتاسەری وڵات دابمەزرێندرێت، بەڵکو کارکردن بە زۆرینە و کەمینەی ئاسایی ئەگەری زۆرە ناداپەروەری لێ بەرهەم بێت و سەقامگیریی سیاسیی وڵات تێکبدات، بگرە مەترسی لەبەریەك هەڵوەشاندنی دەوڵەتیش دروست بکات.

کەواتە دیموکراسی و فیدراڵی دوو رووی یەك پرۆسەن لەو دەوڵەتانەی کە کۆمەڵگەکانیان لە رووی نەتەوەیی یان ئایینی یان ئیتنییەوە فرەپێکهاتەن. ناکرێت فیدراڵیەکی راستەقینە بەبێ دیموکراسیبوون بونیادبنرێت، بەڵکو ئەو دوو پرۆسەیە یەکن (دیموکراسیبوون و فیدراڵی).

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامە سەرەکییەی کە خودی فیدراڵیزم بریتییە لە (تاکە شێوازێکی پەیڕەوکردنی دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیانەی کە فرەیین لەپێکهاتەی دانیشتووانیاندا).

***

لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا، نزیکەی نیوەی ئەو ماوەیە بەخەونی دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵ کارمان کرد، لەناچاری بووبێت، یان بە ویست، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی تەواو جددیمان نەکرد لەسەر ئەوەی ئایا دەکرێت عێراق بە فیدراڵی بکرێت؟ ئایا مەرجە سەرەکییەکانی دامەزراندنی فیدراڵیزم چین؟ ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند لە نەوەتەکاندا نابینین لەسەر فیکری فیدراڵیزم بەگشتی و جێبەجێکردنی لەعێراقدا بەتایبەتی. نیوەکەی تری ئەو ماوەیەش، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، بەوە بەسەربردرا کە چۆن چۆنی فیدراڵیزم لەعێراقدا سەربخرێت و لەشکەستی بگێڕینەوە؟ ئەنجامەکەشی پتر بەرەو قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوانمان و زەرەرمەندبوونی هەرێمی کوردستان چووین.

دەبێت ئەوەش بزانین و لەبەرچاوی بگرین کە بەفیدراڵی کردنی عێراق، تا ئێستاش، تەنیا پرۆژەی کوردە، بەڵام لایەنە عەرەبەکان، هەر لایەن و تایفەیەك پرۆژە، یان خەونی تایبەت بەخۆیان بۆ عێراقی داهاتوو هەیە، جا لەسەر هەربنەمایەك بێت.

ئێستاش کاتی پرسیارە جەوهەرییەکانە: ئایا دەکرێت فیدراڵیزم لەعێراقدا پەیڕەو بکرێت؟ کام جۆرەیان، فیدراڵیزمە دیموکراسەکە، یان فیدراڵیزمە دیکتاتۆری و ساختەکە؟ داهاتووی فیدراڵیزم و پاشانیش دەوڵەتی عێراق بەرەوکوێ هەنگاو دەنێت؟

ئێمە لەکاتێکدا دەبینین کە لەعێراقی ئەمڕۆدا دامەزراندنی ئەنجومەنی هەرێمەکان بەردەوام پشتگوێ دەخرێت بۆ ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمانی عێراق) بتوانێت بەردەوام لەسەر بنەمای زۆرینەو کەمینە بڕیارە چارەنووسسازەکان بدات.

لەکاتێکدا دەبینین حوکمڕانیی بەردەوام بەلای تایفەیەکدا رادەکێشرێت و بەشێوەیەك کە نەتەوەی کورد بەشداری و پشکداری تێدا کەم و کەمتر بکرێتەوە.

لەکاتێکدا دەبینین پرۆسەی دیموکراسی رۆژ لەدوای رۆژ لە زەلکاوەکانی گەندەڵی سیاسی و دارایی، دەستتێوەردانی دەرەکی، تیرۆر و شەڕی تایفەییدا بەرەو هەڵدێر و لاوازبوون و لەبیرچوونەوە دەچێت.

لەکاتێکدا دەبینین بەبەرنامەوە کۆمەڵێك کەسایەتی و حزبی سیاسی بەرنامەکانیان بەئاراستەی هاندانی شەڕی تایفی و نەتەوەیی نێوخۆی عێراق دەبەن و دەیانەوێت لەو سۆنگەیەوە دەستکەوتی کورسی و پۆست وەدەست بهێنن و شەقامی عێراقی بەرەو هەمیشە کوڵاندن و هاندان لەیەکتری بەرن.

دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پرۆژەی بەدیموکراسکردنی عێراق لەدوای نزیکەی ١٤ ساڵ، لە شکستێکی گەورەدا دەژیت و هیوایەك نییە بە رزگارکردن و هەڵساندنەوەی.

هەر بۆیەشە لەسۆنگەی ئەو راستییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەبارەی پەیوەستبوونی دیموکراسی و فیدراڵییەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لەدوای شکستهێنانی پرۆژەی بەدیموکراسکردنی عێراقدا، هەرێمی کوردستان لەئەگەری مانەوەی لەناو عێراقدا، دەکەوێتە نێوان بەرداشی هەڕەشەی سەرهەڵدانی فیدراڵیزمی دیکتاتۆری و ساختەوە، یان لەبەریەك هەڵوەشانی ئەو بەشە فیدراڵییەشی کە تا ئێستا پارێزراوە و گەڕانەوەی عێراق بۆ ژێر سایەی دیکتاتۆری و هەژموونی تایفەیەك، یان حزبێك، وەك لەماوەی هەشتا ساڵی پێش رووخانی سەدام حوسێن تیایدا دەژیاین. بۆیە دەبێت بە زووترین کات بڕیاری یەکلاییکەرەوە لەبارەی مانەوەمان، یان دەرچوونمان لەعێراق بدەین، ئەم بارودۆخەی ئێستا بە زۆری لە زەرەری کوردە پتر لەهەر پێکهاتەیەکی تری عێراقی.

---

* مامۆستای زانکۆ



جۆن تێرمان

تویژەر لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# شکستی دەوڵەتانی ناوچەکە بواری باڵادەستییان بۆ ئێران خوڵقاندووە

**جۆن تیرمان خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی کە لە زانکۆی بۆستن بەدەستی هێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە بەڕێوەبەری جێبەجێکار و توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئامۆژگای تەکنیکی ماساشوسێتس، کە توێژینەوە لە چەند بوارێکی گرنگ دەکات، وەك پێوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا. بۆ تاوتوێکردنی ئاکام و دەرئەنجامەکانی ئەو سزایانەی بەم دواییە ئەمەریکا سەپاندنی بەسەر ئێرانداو بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست چەند پرس و کێشەیەکی دیکەی ناوچەکەدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەکانی کرد.**

*** چۆن لە هەڵکشانی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکاو ئێران دەڕوانیت لەم ساتەوەختەداو ئایا پێتوایە ئەگەری پێکدادانی سەربازی لە نێوانیادا لەئارادا بێت؟**

- بە تێڕوانینی من لەم ساتەوەختەدا پێناچێت ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەئارادا بێت لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، لەبەر ئەوەی ترەمپ چەندین جار ئاماژەی بە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی داگیرکردنی عێراق — لە ساڵی ٢٠٠٣دا- کردووە و بە هەڵەیەکی گەورەی لە قەڵەم داوە لەلایەن ئەمەریکاوە، ئەمەی چەندین جار لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا دووپات کردۆتەوە. لەبەر ئەوە خودی ترەمپ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ بە زیانگەیاندن بە سەرۆکایەتییەکەی لێکدەداتەوە- هەروەك چۆن زیانی بە سەرۆکایەتییەکەی بوش گەیاند-. بەڵام ئاشکرایە لە ئێستادا هەر یەکێك لە کەسایەتییە گرنگەکانی نێوەندەکانی کاروبارە دەرەکییەکان، هۆشداری دەدەن، ئێمە بینیمان راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی زمانێکی توندی بەکارهێنا، بە هەمان شێوە وەزیری بەرگریش زمانێکی هاوشێوەی بەکارهێنا. من ئەمانە لە خانەی ترساندن لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە تێپەڕاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا دەبینم. هەروەها ئاماژەیە بەوەی ترەمپ دەیەوێت فشار لەسەر ئێران دروست بکات بۆ ئەوەی رەفتارێکی ئیستفزازی بکات، ئیدی هێرشکردنەسەر کەشتییە دەریاییەکانی ئەمەریکا بێت لە کەنداوی فارس، یاخود رەنگە هێرشێکی راستەوخۆ نەبێت بۆ سەر سوپای ئەمەریکا، بەڵام هەڵسوکەوتێك بێت کە وەك پێشێلکردنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەربکەوێت، یان رەفتارێکی دیکەی هاوشێوە. کەواتە ئەمە باردودۆخێکی ئاڵۆزە و ئیدارەی ترەمپ دەیەوێت فشار لەسەر ئێران دروست بکات بۆ ئەوەی ببینێت ئێران چ کاردانەوەیەکی دەبێت.

*** لێکدانەوەتان چییە بۆ هەوڵەکانی ئیدارەی ترەمپ بۆ ئەوەی لە یەك کاتدا داعش تێکبشکێنێت و کار بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریادا بکات؟**

- بەهۆی پێوەندییەکانی ئیدارەی ترەمپەوە لەگەڵ رووسیادا ئەوا خۆی لە دۆخێکدا دەبینێتەوە کە پشتیوانیکردن لە رووسیا بە مانای پشتیوانیکردنێکی ناڕاستەوخۆ دێت بۆ بوونی ئێران لە سووریادا، کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە کار لەسەر کەمکردنەوەی بوونی ئێران و حزبوڵا لە سووریا بکات، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەم دوو لایەنە باجێکی زۆریان داوە لە سووریادا، لەبەر ئەوە رەنگە وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو بوون و دەستڕۆیشتووییە نەبن. لە راستیدا من پێموانییە تیمەکەی ترەمپ ستراتیژیەتێکی جێگیریان هەبێت و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، بەڕێز تیلیرسۆن شارەزاییەکی زۆری نییە لەم رووەوە، هەروەها ستافی وەزارەتی دەرەوەش تەواو نەکراوە، هێشتا باڵیۆزەکان و یاریدەدەرەکانی وەزیرەکان دەستنیشان نەکراون، مایکڵ فلین و جەیمس ماتیسیش هەردووکیان ژەنەڕاڵی سەربازین، نەك دیپلۆماتکار. لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت بەلای کەمەوە بۆ چەند هەفتەیەکی دیکە چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی بەرچاومان روون ببێتەوە کە ئایا ترەمپ دەیەوێت لە سووریادا چی بکات. لەلایەکی دیکەوە شەڕی موسڵ و شوێنەکانی دیکە چەند هەفتەیەکە بەردەوامە کە پێموانییە گۆڕانکارییەك بکات لەم

**ئەمە بۆتە خەسڵەتی باڵی راستڕەو لە ئەمەریکا کە پێیوایە ئێران هێزێکی شەڕانگێزە و هیچ کردەوەیەکی ئێران دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە و پێویستە هەمیشە کێشەی ئێران زەق بکەینەوە**

رووەوە، لەبەر ئەوەی پێناچێت بەدیلێکی سەربازی هەبێت بۆ ئەوەی لە ئێستادا روودەدات.

*** هەروەك ئاشكرایە ئێران بەشدارە لە شەڕی دژ بە داعشدا لە هەمان كاتدا ئەمەریكا ئێران وەك وڵاتێك پۆلێن دەكات كە پشتیوانی تیرۆر دەكات، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن؟**

- هەموو ئیدارەکانی ئەمەریکا بەو شێوەیە وەسفی ئێرانیان کردووە کە وڵاتێکە پشتیوانی تیرۆر دەکات، هۆکارەکەش زیاتر بۆ پاڵپشتی ئێران بۆ حزبوڵای لوبنان دەگەڕێتەوە، لەگەڵ پشتیوانیکردن لە حەماس و هەندێ لایەنی فەلەستینی دیکە. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە ئێران پشتیوانی حزبوڵا دەکات لە لوبنان. کەواتە ئەمە هەڵوێستێکی نوێ نییە لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە، بەڵکو هەڵوێستێکی کۆنە، هەروەها ئەمە زیاتر زادەی پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ ئیسرائیلدا، واتە ئەمە هەڵوێستێکە کە پێویستە سەرۆکی ئێمە گوزارشتی لێبکات بەهۆی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەمانە. پێموایە کەسانێکی زۆر لە نێوەندەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ئەمەریکا و هەروەها لە شوێنەکانی دیکەش لەوە تێدەگەن کە ئێران شەڕی داعش دەکات، بەڵام لەوە دڵنیا نیم کە تێگەیشتنێکی باش هەبێت لەبارەی سروشت، یان مەودای ئەو هەڵمەتە سەربازییەوە دژی داعش، چونکە لە راستیدا هاوکارییەکی زۆر هەیە لە نێوان سوپای ئەمەریکاو ئێراندا بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، بەڵام ئەم هاوکارییە لە پشت پەردەوە ئەنجام دەدرێت و ئاشکرا ناکرێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەئارادان. لەگەڵ ئەوەشدا، گومانی تێدا نییە کە ئەو باهۆزە سیاسییەی لە ئەمەریکا هەڵیکردووە دژی ئێرانە، ئیدی ئەمە بۆتە سروشتی سیاسەت لە ئەمەریکادا، کۆمارییەکان هەروەك چۆن پرۆژەی چاودێری تەندروستیان- کە ئۆباما پشتیوانی لێکرد- بە پرۆژەیەکی زۆر خراپ لە قەڵەمدا کە پێویستە هەڵبوەشێندرێتەوە، بە هەمان شێوە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەش بە رێککەوتنێکی عەقڵانی لە قەڵەم نادەن، ئەمە لە کاتێکدا تێڕوانینی کۆمارییەکان لەسە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران تەواو تێڕوانینێکی دروست نییە، لەبەر ئەوەی ئێران بەرەو ئەوە هەنگاوی هەڵدەگرت ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئێ باشە خۆی کۆمارییەکانیش دەیانویست رێگری لەم هەنگاوە بکەن، ئەم رێککەوتنەش ئەم ئامانجەی بەدیهێنا، کەچی دواتر دێن و ئەم رێککەوتنە بە خۆبەدەستەوەدان لەقەڵەم دەدەن. کەواتە ئەمە بۆتە خەسڵەتی باڵی راستڕەو لە ئەمەریکا کە پێیوایە ئێران هێزێکی شەڕانگێزە و هیچ کردەوەیەکی ئێران دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە و پێویستە هەمیشە کێشەی ئێران زەق بکەینەوە. کە ئەمەش هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی چەقبەستووە. ئەگەرچی پەیوەندی ترەمپ بە رووسیاوە بە مانای ئەوە دێت ئەمەریکا مرونەتێکی زیاتری بۆ دەستەبەر دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا.

*** ئایا دەبێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئێران لە عێراقدا چی بکرێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی پێویستە عێراق ئەنجامی بدات، دروستکردنی حکومەتێکە کە سەروەریی یاسا بچەسپێنێت و کەشێك دروست بکات کە پێکهاتە جیاوازەکان پێکەوە کاربکەن، واتە شیعە و سوننە، کورد و عەرەب پێکەوە هاوکاری یەکتر بکەن، لە پێشدا بۆ تێکشکاندنی داعش و دواجار بۆ رێگریکردن لە سەرهەڵدانی جیهادیزمی توندڕەو لە عێراق و لە هەر شوێنێکی دیکەی ناوچەکە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین بەرەوپێشچوون لە عێراقدا بەدی هاتووە، بە بەراورد بە دوو ساڵی رابردوو، لە ئێستادا دۆخەکە باشترە. کەواتە ئەگەر بتوانن ئەم ئەرکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن، ئەوا بوار بۆ دەستڕۆیشتوویی ئێران دروست نابێت. چونکە بە چەشنی هەر وڵاتێکی دیکە ئێران ئیستیغلالی دەوڵەتی شکستخواردوو، یان ئەو دەوڵەتانە دەکات کە بەهێز نین، چونکە ئەگەر دەوڵەتێکی بەهێزت هەبوو کە سەروەریی یاسا پیادە بکات و هەڵسوکەوتەکانی هاوشان بێت لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و.. هتد، ئەو کاتە ئێران ناتوانێت هێندە باڵادەست بێت، واتە ئەو کاتە دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر وڵاتێکدا کە حکومەتێکی گەندەڵ و لاوازی هەبێت و نەتوانێت ئەرکەکانی لە ئاست خەڵکەکەدا ئەدا بکات. راستە بەهۆی بوونی زۆرینەی شیعەوە لە عێراقدا ئێران ئەوەندە دەستڕۆیشتووە لەو وڵاتەدا، بەڵام بۆچی ئێران لە پێگەیەکی باڵادەستیدا بێت، هەرچەندە ئەمە بەندە بە خودی عێراقییەکان خۆیان و بەوەی چۆن حوکمڕانیی خۆیان بەڕێوەدەبەن.

**هەموو ئیدارەکانی ئەمەریکا بەو شێوەیە وەسفی ئێرانیان کردووە کە وڵاتێکە پشتیوانی تیرۆر دەکات، هۆکارەکەش زیاتر بۆ پاڵپشتی ئێران بۆ حزبوڵای لوبنان دەگەڕێتەوە**


**پەیوەندی ترەمپ بە رووسیاوە بە مانای ئەوە دێت ئەمەریکا مرونەتێکی زیاتری بۆ دەستەبەر دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا**

# جەنابی ئیدریس بارزانی و یادەوەرییەک

گوڵان لە ژمارەی رابردوو وتارێکی لەسەر سەرکردەی کۆچکردوو کاك ئیدریس بارزانی بڵاوکردەوە، بەمەش کارێکی باشیانکرد، چونکە بەنووسین و یادکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە رۆژێك لە رۆژان پێشمەرگەو دڵسۆزی کوردو کوردستان بوون، لەلایەك وەفادارییە بۆ ئەوان و لەلایەك بەرزڕاگرتنی کەلتووری شۆڕشگێڕانەیە.

ئەو وتارەی گوڵان منی گێڕایەوە بۆ یادەوەرییەکی مێژوویی، ئێوارەیەکی سەخت و بەفرانباری ساڵی (١٩٨٣) لە گوندی بێتواتە کە ئەو کات تەمەنم (١٦) ساڵ بوو، باوکی رەحمەتیم دەستی گرتم و بردمی بۆ ژوورەکەی خۆی، بینیم پیاوێك لەژوورەوە دانیشتووەو لەسیماو روخساریدا حەسرەت و ماندووبوونێکی زۆر دەخوێندرایەوە، یەکسەر شتێکی دایە باوکم کە بەقەد نیو شقارتەیەك دەبوو، باوکیشم دایە دەستم کە سەیرم کرد نامە بوو هەمووی بە (تێپ) بەسترابوو، باوکم گوتی: بۆم بخوێنەوە، منیش بەوردی نامەکەم بۆ خوێندەوە، سەیر بوو کە ناوو ئیمزای هیچ کەس بەسەر نامەکەوە نەبوو، بەڵام باوکم گوتی: ئەوە نامەی کاك ئیدریس بارزانییەو بۆمنی ناردووە، بەڵام لەبەر مەترسی سەر ژیانی من و نامەهەڵگر ناوی خۆی نەنووسیوە، هەڵبەت من ئێستاش نازانم نامەکە هی جەنابی کاك ئیدریس بارزانی بوو، یان نا، دواتریش هیچ سۆراغ و زانیارییەکی ترم لەسەر ئەو نامەیە نەزانی، چونکە ماوەیەك دوای ئەوە ماڵ و باوکم و قوتابخانەم جێ هێشت و چووم بووم بە پێشمەرگە، بەڵام دواتر قەناعەتی ئەوەم لا پەیدا بوو، کە کابرا راستی دەکردو نامەکە هی خودی کاك ئیدریس بارزانی بوو.

لەبەرچی؟ کۆمەڵێك رستە لەنامەکەدا هاتبوو، کە پێشبینی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ناوچەکەی تێدا بوو بۆ نموونە: نوسرابوو: رێزدار کاك کەمال بەگ تۆ لەهەرکوێیەك بیت، مایەی سیقەو متمانەی ئێمەی و دڵنیاش بە لەئایندە رژێمی بەعس دەڕووخێت و ئەگەر تۆش نەیبینی، رۆڵەو نەوەکانی ئێمەو میللەتەکەمان رۆژی ئازادی بەچاوی خۆیان دەبینن. هەروەها لەنامەکەدا نووسرابوو: لە ئێستا کە سەدام و رژێمەکەی بەربوونەتە گیانی میللەتەکەمان و ئازادیخوازان و هەروەها دنیاش لە ئاستی ئەو



زیرەک کەمال

بۆ گوڵان نووسیویەتی

تاوانانەدا گوێی خۆی کەڕ کردووە، ڕۆژێك دێت هەر ئەو وڵاتانەی خۆیان بەدۆستی سەدام دەزانن و بێدەنگن لە ئاستی کارە خراپەکانی، ئەوا هەر سەدام و ڕژێمەکەی خۆیان دەبێتە مایەی فیتنەو سەرئێشە بۆ خۆیان.

دیسان دەمەوێت جەخت بکەمەوە کە نامەکەی هی خودی کاك ئیدریس بارزانی بوو، چونکە جارێکیان لەداوەتێکی نووسەران و ڕۆشنبیراندا کە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سازی کردبوو، هەر خودی مام جەلال لەیەکێك لە تەوەرەکانی قسەکانیدا گوتی: ئیدریس بارزانی جگە لەوەی دەورێکی گەورەو سەرەکی هەبوو لە ئاشتبوونەوەی گشتیی نێوان ئێمەو پارتی و حزبەکانی تری کوردستان لە ساڵی (١٩٨٦)، هەروەها پیاوێکی وردبین و ژیر بوو، داهاتووی وەکو ئێستا دەبینی و ڕۆژێك کاك ئیدریس بەمنی گوت: ئەو وڵاتانەی لە ئاستی تاوانەکانی سەدام بێدەنگن، ڕۆژێك دێت دەبێتە کێشە بۆ خۆشیان، واتا دەقی قسەکەی مام جەلال و قسەی ناو ئەو نامەیەی بۆ باوکم هاتبوو وەکو یەك بوون.

ساڵی ١٩٨٤ کە بوومە پێشمەرگە لە سنووری بارزان حاجی حەمەدەمین شێخوەسانیم بینی کە تێکۆشەرێکی پارتی بوو. خۆم پێناساندو پێمگوت: ئەگەر نامەیەك بۆ کاك ئیدریس بارزانی بنێرم، دەگاتە دەستی؟ گوتی تۆ بینووسە، خوا کەریمە، دوای شەش مانگ حاجی حەمەدەمینم بینییەوە، گوتی خەبەرم هەیە نامەکەی بەدەست گەیشتووەو زۆری پێ خۆش بووەو ئەوەشی گوتووە خۆ ئەو بنەماڵەیە، هی خۆمانن، چۆن نەهاتۆتە لای خۆمان، بەڵام قەیناکە گرنگ ئەوەیە بۆتە پێشمەرگەو حزبی شیوعیش دۆست و هاوپەیمانی ئێمەیە، ئێمەش وەکو پێشمەرگایەتی بۆی حیساب دەکەین. ئەوەشی گوتبوو ئەگەر ڕێی کەوتە ئەو ناوە، با پێوەندیم پێوە بکات و دەیبینم.

دیارە جەنابی کاك ئیدریس بارزانی و باوکم ئازادیی کوردستانیان نەبینی، بەڵام خەون و ئامانجی هەردووکیان دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا دێتەدی کە خۆی لە سەربەخۆیی کوردستاندا دەبینێتەوە.

# ئیسلامییەکان و هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستان



د.عەرەفات کەرەم ستونی*
بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەموو ئیسلامییەك موسڵمانە، بەڵام هەموو موسڵمانێك ئیسلامی نییە، پێویستە جیاوازیی بکرێت لەنێوان ئەم دوو زاراوەیەدا، چونکە جیانەکردنەوەیان خەڵك دووچاری هەڵە دەکات و بە خراپ لە وتارەکە دەگەن، جیاوازیی نێوان موسڵمان و ئیسلامی دیارو زۆرە.

یەکەمیان واتا موسڵمان پێویست بە پێناسە ناکات، زۆرینەی گەلی کوردستان موسڵمانن و ئیسلامی نین، بەڵام دووەمیان کە مەبەست ئیسلامییە ئەو موسڵمانە حزبییەیە کە سەر بە گروپێکی ئیسلامی سیاسییە، ئەمەیە پێناسەی ئیسلامی لە سەردەمی تازەدا، چونکە ئەم زاراوەیە لە سەردەمی کۆندا، هەمان مانا هەڵناگرێت، بەڵکو ئەو وشەیە لای زانایانی کۆنی موسڵمان، ئەو زانا گەورەیەیە کە داکۆکی لە بیروباوەڕی ئیسلام دەکات، هەروەها یەکەم کەس کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا ئەبولحەسەن ئەلئەشعری بوو کە لە ساڵی ٣٢٤ی کۆچیدا مردووە، ناونیشانی کتێبەکەیشی (مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين)، بۆیە ئەم وشەیە شێوێندراوە و مانا رەسەنەکەی لەدەستداوە، مانایەکی دیکەی زۆر جیاوازی بۆ بەکارهاتووە، بە کورتی جیاوازیی نێوان بەکارهێنانە تازەو کۆنەکەی ئەوەیە کە یەکەمیان کە سەردەمیانەیە



بەکارهێنانی تەواو سیاسییە پەیوەندیی نییە بە داکۆکی کردن نە لە بیروباوەڕی ئیسلام و نە لە فیکری ئیسلامی.

لەکاتێکدا بەکارهێنانی دووەم کە کۆنە بەکارهێنانێکی فیکرییە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە، بۆیە دەبینین ئیسلامییەکانی سەردەم سیاسین نەك بیرمەند و زانای بەتوانا، هەموو ئیسلامییەکیش کە لە پلەکانی زانست شارەزابوو لە کۆتاییدا دەست لە کارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە حزبەکەی دەکات، چونکە حزبایەتیی ئیسلامی قۆناغێکی تەسکی دیاریکراوە لە ژیاندا، هەر کەسێکیش لە رووی زانستی و فیکرییەوە بیبەزێنێت ئەوا خۆی لە لووتکە و شوێنی ئازادیی حزبایەتیی تەسك دەبینێتەوە، چونکە حزبایەتیی ئیسلامی کۆت و بەندی دروستکراوە رێگە بە مرۆڤ نادەن پێشبکەوێت، زۆرمان بینی لە زاناو بیرمەندان لە جیهانی ئیسلامی وازیان لە ئیسلامی سیاسی هێناوە، تەنانەت نموونە لە کوردستانیش زۆرە، بەڵام ئەوانەی گەیشتنە قۆناغێکی باشی فیکرو زانست و زانیاری تا ئێستا لەنێو ئیسلامی سیاسیدا ماون و ئەوانەش بەرژەوەندیی تاکەکەسییان هەیە کە ناتوانن وازی لێبێنن.

خۆم بە وردیی بە حوکمی پسپۆڕیی

**زۆرمان بینی لە زاناو بیرمەندان لە جیهانی ئیسلامی وازیان لە ئیسلامی سیاسی هێناوە، تەنانەت نموونە لە کوردستانیش زۆرە، بەڵام ئەوانەی گەیشتنە قۆناغێکی باشی فیکرو زانست و زانیاری تا ئێستا لەنێو ئیسلامی سیاسیدا ماون و ئەوانەش بەرژەوەندیی تاکەکەسییان هەیە کە ناتوانن وازی لێبێنن**

**ئیسلامی سیاسی بە هەردوو باڵی سوننە و شیعەوە لە جیهانی ئیسلامی و لە عێراق و کوردستانیشدا دووچاری قەیرانێک بۆتەوە، یان دەبێ یەکبگرن، پرۆژەیەکی تەواو پێشکەش بکەن، یانیش دەبێ لە پرۆسەی سیاسی بکشێنەوەو بچنە نێو حزبە سیاسییەکانی دیکەوە**

**زۆر لە نووسینەکانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی عەلی باپیر سۆزی گەڕانەوەیان بۆ رابردوو تێدایە، رابردووی ئیسلامی سیاسیی میسالی، ئەو پیاوە نەیتوانیوە بە تەواوی واز بهێنێت، ئەم نووسینانە هەندێ جار رق و کینەو رەتکردنەوەی بەرامبەر لەخۆدەگرن، تەنانەت فیکری پەڕگیریش بەرهەم دێنن**

خۆم بەدواداچوونم کردووە سەبارەت بە سەرانی ئیسلامی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا، بینیم کە زۆربەی سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی پسپۆڕنین لە زانستە ئیسلامییەکاندا، بەڵکو ئەوان لە زانسی دیکەدا پسپۆڕن، کاتێکیش باس لە ئیسلامی سیاسی دەکەین لە کوردستان مەبەستمان هەر سێ گروپە ئیسلامییە سیاسییە سەرەکییەکەیە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٧ بە سەرۆکایەتیی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز دامەزرا، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەلاحەدین بەهائەدین لە ١٩٩١ دامەزرا، کۆمەڵی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن عەلی باپیر دامەزرا، بەڵام گروپی دیکە کە لێیان جیابوونەوە یان نەمان، ئەوەیان باسی ئێمە نییە.

ئێمە لەبەردەم باسێکداین دەربارەی هەڵوێستی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردی داهاتوودا و چی لە هەگبەیاندایە و پرۆژەکەیان چییە؟ هیچ پرۆژەیەکی راستەقینەی یەکگرتووی نێوان گروپە ئیسلامییەکان لە ئارادا نییە، چونکە لەنێو خۆیاندا جیاوازن لە بەرنامەو لێکدانەوەو ئەجینداکانیاندا، بەرژەوەندییەکانیشیان چ ناوخۆیی یان دەرەکی هەر جیاوازن، هیچ گروپێکیش نییە هەموو ئیسلامییەکانی کوردستان لەخۆ بگرێت، رەنگە هەوڵ بۆ ئەمە هەبێت بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن، ئیسلامی سیاسی بە هەردوو باڵی سوننە و شیعەوە لە جیهانی ئیسلامی و لە عێراق و کوردستانیشدا دووچاری قەیرانێك بۆتەوە، یان دەبێ یەکبگرن، پرۆژەیەکی تەواو پێشکەش بکەن، یانیش دەبێ لە پرۆسەی سیاسی بکشێنەوەو بچنە نێو حزبە سیاسییەکانی دیکەوە کە پرۆژەی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیە، ئاساییە ئیسلامییەکان لەسەر پرۆژەیەك رێکبکەون پێش هەڵبژاردن، بەتایبەتیش سەرکردەکانیان کە خەڵکی یەك ناوچەن، حزبێکی وەك یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێویستە سەرکردایەتییەکەی بگوێزێتەوە هەتا بۆ یەك جاریش بێت ، چونکە قورسایی حزبەکە لە دهۆك بەهێزترە، رێککەوتن لەسەر پرۆژەیەکی هەڵبژاردن لە نێوان ئیسلامییەکان بۆ ئەوان پێویستە، تاکو دەستکەوتی سیاسی بەدەست بێنن، لەهەمووی گرنگتر، ئەوەیە کە ئەم ئەزموونە کۆپیکردنی ئەزموونە ئیسلامییەکانی دیکەیە لە جیهانی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی لە سەرەتادا کۆپییەك بوو لە گروپە ئیسلامییە چەکدارەکان کە لە چەند دەوڵەتێکی عەرەبی وەك میسرو فەڵەستین و جەزائیر و هەندێ وڵاتی دیکەی موسڵمانی وەك پاکستان و ئەفغانستان هەبوون، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی لقێکە لە ئیخوان موسلمین لە میسر، کەچی بەرنامەیەکی ئاشتیخوازانە و پەروەردەیی گرتەبەر لەجیاتی بەرنامەی شەڕو تەکفیری، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی دانەیەکی بژارکراوی بزووتنەوەی ئیسلامی.

ئیسلامییەکان لە کوردستان لەبەردەم دوو بژاردەدان، یان یەکگرتنی تەواو، بەشێوەیەك کە یەك سەرکردەیان هەبێت، ئەمەش مەحاڵە، چونکە ئیسلامی سیاسی لەوەتەی پەیدابووە لە دۆخێکی پەرتەوازەیی و لێکترازاندا بووە، بۆ کوردستانیش بە هەمان شێوەیە، یان وازهێنان لەم ئایدیۆلۆژییەی ئایینی سیاسی، کاریش بکەن لەپێناو پرۆژەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی بۆ خزمەتکردنی کوردستان، چونکە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لە بنەڕەتدا لەگەڵ فیکری نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیدا نین، هەندێکیان وازیان هێناوەو لە ریز دەوڵەتی مەدەنی کاردەکەن، هەندێکیشیان کادیری حزبی مەدەنین، بەڵام مانای وا نییە واز لە ئایین و دینداریی بهێنن.

ئامۆژگاریم بۆ ئیسلامییەکان ئەوەیە کە واز لەم پرۆژەیە بهێنن کە لە جیهانی ئیسلامدا شکستی هێناوە، بەڵکو بە جیددی کاربکەن لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، گەلی کوردیش پێویستی بە گوتارێکی سیاسیی واقیعییە، بۆیە نابێ بە ئومێدی گواستنەوەی ئەزموونێکی شکستخواردووی دەرەوە بین، دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی کاتێ سەربەخۆبوون بەهۆی ئیسلامی سیاسییەوە ئەمەیان بۆ نەهاتۆتەدی، بەڵکو بە هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەوەی باسی ئەزموونی سەرکەوتووش دەکات لە تونس و تورکیا و مالیزیا و وڵاتانی دیکەی موسڵمان، پێموایە لێی تێنەگەیشتوون، چونکە ئەزموونی بزووتنەوەی نەهزەی ئیسلامیی ئیخوان لە تونس لە لێواری هەرەسدا بوو ئەگەر زیرەکیی راشد

غەنوشی سەرۆکی بزووتنەوەکە نەبوایە، کاتێ وازی لە پڕۆژەی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی هێنا، ئەو لەوە گەیشت کە پڕۆژەی پێش دەسەڵات جیاوازە لەگەڵ دوای دەسەڵات، چونکە پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی پڕۆژەیەکی تۆباوییەو لە ئەرزی واقیع پیادەناکرێت.

غەنوشی عەلمانییەتی ڕەت نەکردەوە بەڵکو گوتی: عەلمانییەت دژی ئایین نییە، بۆیە دەبینین کە عەلمانییەت لای ئەوانەی لە دەرەوەی واقیع و دەسەڵات دەژین بە کوفرو گومڕایی لەقەڵەم دەدرێت، ئەوەی پەیوەستە بە ئەزموونی تورکیاوە، ئەردۆغان ئیسلامی نییە بە چەمکی ناسراوی ئایدیۆلۆژییەتی، بەڵکو ئیسلامیی واقیعییە مامەڵە لەگەڵ فرە نەتەوەو فرە ئایینزاو ئاییندا دەکات، بۆیە دەبینین کە زۆر بەتوندی داکۆکی لە عەلمانییەت دەکات، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن تا ئێستا هەمان بۆچوونی هەڵەیان هەیە، نموونەی دیکەشمان زۆرە وەك ئەزموونی ئیخوان موسلمین لە میسر، بڕوانە نوری مالیکی چی کرد کاتێ هەوڵی دەدا پرەنسیبەکانی حزبی دەعوە بەسەر دەوڵەتێکی وەك عێراقدا جێبەجێ بکات، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی ئیسلامی سیاسییان جێبەجێ کردووەو تا ئێستاش ماون، ئەوا بە زەبری ئاسن و ئاگر ماونەتەوە، ئەگەر هەڵبژاردنی پاك و ئازاد بکرایە ئەوانیش فڕێدەدرانە زبڵدانی مێژووەوە، چونکە تەنیا برسێتی و هەژاری و نائومێدی و کوێرەوەرییان پێشکەش بە گەلەکانیان کردووە، ئیسلامیی کوردستان لە رووی فیکرەوە لە دەرەوەی دەسەڵات و واقیعی کوردستانی دەژی، هەتا ئەگەر بەشدارییان لە حکومەت و پەرلەمانیشدا کردبێت، ناشتوانن بە تەواوی وازی لێ بێنن، زۆر لە نووسینەکانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی عەلی باپیر سۆزی گەڕانەوەیان بۆ رابردوو تێدایە، رابردووی ئیسلامی سیاسیی میسالی، ئەو پیاوە نەیتوانیوە بە تەواوی واز بهێنێت.


ئەم نووسینانە هەندێ جار رق و کینەو رەتکردنەوەی بەرامبەر لەخۆدەگرن، تەنانەت فیکری پەڕگیریش بەرهەم دێنن، ئەگەر ئیسلامییەکان سوورن لە بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێگەیە، تەنیا دوو بژاردەیان لەپێشە، یان ئەزموونێکی سەرکەوتووی وەك تورکیا و مالیزیامان بۆ بگوازنەوە، یانیش لەسەر پڕۆژەیەکی تەواو ڕێکبکەون کە لە بەرژەوەندیی کوردستاندا بێت، هەرچەندە پێموایە ئەمە نابێت، چونکە هەر یەکەیان دەیەوێت ئەزموونێکی دیاریکراوی خۆی و لە بەرژەوەندیی خۆی و جیاواز لەوانی دیکە بگوازێتەوە، ڕەنگە گروپ هەبێت ئەزموونی ئیخوان یان ئەفغانی یان تورکی بگوازێتەوە، بژاردەی دووەم کە بریتییە لە پڕۆژەی تەواوکاری ئەمەیان مەحاڵە، چونکە ئەوان لەنێوان خۆیاندا ڕێك نین، هەر گروپەی پڕۆژەیەکی سەربەخۆی هەیە، لە کۆتاییدا ئەگەر لەنێو خۆیاندا ڕێك نەکەون چۆن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ڕێك دەکەون، کێشەکە لە کەس و تاکەکاندا نییە، بەڵکو کێشەکە ئایدیۆلۆژیی فیکرییە، ئەگەر سبەی ئیسلامییەکان دەسەڵاتیان لە کوردستان وەرگرت، ئەوا ناتوانن وڵات بەڕێوەببەن، نەك لەبەر بێتوانایی خودی ئیسلامییەکان، بەڵکو لەبەر ئەوەی پڕۆژەی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی ئاستەنگە لەبەردەمیاندا، ئەم پڕۆژەیە بۆ کوردستان دەست نادات، چونکە فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزای جیاوازە، پڕۆژەی ئیسلامی فراوان نییە کریستیان و جوو و ئێزیدی و کاکەیی و سابئەو تەنانەت شیعەش ناگرێتەوە، بۆیە ئەم پڕۆژەیە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت ناگونجێت و دەست نادات، چونکە دەوڵەت بۆ هەموانە، نەك بۆ چەند کەسێك یان گرووپگەلێکی دیاریکراو، پێویستە دەوڵەت لەسەر بنەمای دیموکراسی و فرەیی و دادپەروەری و ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانی دابمەزرێت، کاتێ دەوڵەتیش لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژییەتێکی دیاریکراو وەك وڵاتانی موسڵمان دادەمەزرێت، ئەو کاتە هیچ بەهایەك بۆ دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری نامێنێتەوە، چونکە دەوڵەت لە خزمەتی چینێکی دیاریکراوی حوکمڕاندا دەبێت، گەلیش هەمیشە لە مەینەتیدا دەتلێتەوە، لەکاتێکدا دەوڵەتی مەدەنی هەردەم لە بەرژەوەندیی گەلدا بووە، چونکە یاسا لەسەرووی هەموانەوەیە.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**ئامۆژگاریم بۆ ئیسلامییەکان ئەوەیە کە واز لەم پڕۆژەیە بهێنن کە لە جیهانی ئیسلامدا شکستی هێناوە، بەڵکو بە جیددی کاربکەن لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، گەلی کوردیش پێویستی بە گوتارێکی سیاسیی واقیعییە، بۆیە نابێ بە ئومێدی گواستنەوەی ئەزموونێکی شکستخواردووی دەرەوە بین**

**ئەگەر ئیسلامییەکان سوورن لە بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێگەیە، تەنیا دوو بژاردەیان لەپێشە، یان ئەزموونێکی سەرکەوتووی وەک تورکیا و مالیزیامان بۆ بگوازنەوە، یانیش لەسەر پڕۆژەیەکی تەواو ڕێکبکەون کە لە بەرژەوەندیی کوردستاندا بێت**



بروس روسێت پرۆفیسۆری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و زانستی سیاسییە لە زانکۆی یاڵ، پێشتر سەرۆکی دیراساتی نێودەوڵەتی بووە، بۆ شرۆڤەکردنی بڕیارو هەنگاوەکانی ئەم دواییە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ و دەرهاویشتەکانی ئەو بڕیارانە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** ئایا تێڕوانینتان چییە لەبارەی ئەو هەنگاوانەی بەم دواییە ئیدارەی ترەمپ هەڵیگرتن، بەتایبەتی لەپێوەندی بە ڕێگریکردن لە چوونی هاووڵاتیانی چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ نێو ئەمەریکا؟**

- لە ڕاستیدا ئەمانە وەك کۆمەڵە بڕیارێك دەردەکەون کە هەم دەرئەنجامی سەرلێشێواوی بن و خۆشیان سەرلێشێوێنەر بن، بەهەرحاڵ روونە کە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا مامەڵەیەکی دۆستانە ناکات لەگەڵ پرسی کۆچبەرانی زۆرێك، نەك سەرجەم وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، یاخود ئەو وڵاتانەی زۆرینەی دانیشتووانەکەیان موسڵمانن. من بە ڕاشکاوی دەیڵێم و پێموایە ئەمە مایەی نادادپەروەرییە لە پێوەندی بە عێراق، کە لەم وڵاتەدا چەندین کەس هەن کە هاوکارییان لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا کردووە، ئەگەری ئەوە هەیە ببنە ئامانجی داعش، یاخود لە ئێستادا لەلایەن داعشەوە بە ئامانج گیراون، ئەمەش مایەی قبووڵکردن نییە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی ترەمپ پەنای بردەبەر دەرکردنی ئەم بڕیارانە؟**

- پێموایە ترەمپ بە دڵنیاییەوە وەڵامدەرەوەی ئەو کەسانەیە کە بەداخەوە لەگەڵ ئەوەدان کە کۆت و بەندی زیاتر بخرێتەسەر هاتنی ئاوارەکان، لەبەرئەوەی ترسیان هەیە — کە ترسەکەشیان لە جێی خۆی نییە- لەوەی کە لە ڕاستیدا ئەو ئاوارانە کەسانی تیرۆریست بن. بەلای منەوە ئەمە پاڵنەرەکەیە، بەڵام زۆر زەحمەتە بزانین پاڵنەرەکانی سەرۆك ترەمپ چین.

*** ئایا پێتوایە ئەم بڕیارانەی لێکدژن لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکان و تەنانەت دەستووری ئەمەریکاشدا؟**

- من پارێزەری بواری یاسای دەستووری نیم، بەڵام بەلای کەمەوە ئەمانە رەفتارگەلێکی دیموکراسیی سەیرو سەمەرەن.

*** ئایا پێشبینییەکانتان چین لەبارەی کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان لە دژی ئەم بڕیارانە؟**

- من نازانم و ناتوانم ئەمە یەکلابکەمەوە، بەڵام زۆرێك لە وڵاتان- کە ڕەنگە خوێنەرەکانی ئێوەش باش بزانن- ژمارەیەکی زیاتری ئاوارەیان

## بروس روسێت

### پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ئەوەی ترەمپ دەیکات رەفتارگەلێکی دیموکراسیی سەیر و سەمەرەن

وەرگرتووە،- هەر وڵاتێك بە تەنیا- بە بەراورد بە ئەمەریکا، کەواتە دەکرێت بڵێین لە ئێستادا ئەمەریکا کەمتر سەخاوەتمەندە و کەمتر پێشوازی لە ئاوارەکان دەکات بە بەراورد بە وڵاتانی ئەوروپا. ئەگەرچی وڵاتانی ئەوروپاش ترسیان لە ئاوارەکان هەیە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، زۆرێك لەم وڵاتانە سیاسەتی پێشکەوتوو و سەخاوەتمەندانەیان گرتۆتەبەر لە ئاست کۆچبەراندا، ئەگەرچی ئەوەندەی پێیان کراوە بە وریاییەوە مامەڵەیان کردووە.

*** ئایا چۆن ئەو لێدوانەی سەرۆك ترەمپ لێکدەدەیتەوە کە باسی لەوە کردبوو کە هەوڵەکان چڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی خێرا داعش تێکبشکێنێت؟**

- ئەمە قسەیەکی بێ مانایە، داعش بە شێوەیەکی خێرا تێکناشکێت، بەدڵنیاییەوە داعش دەوڵەتێکی راستەقینە نییە و سەرکردایەتی و شوێنکەتووانی تەواو پەرت و بڵاو بوونەتەوە. کەواتە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت لە رێی هێزی ئاسمانی، یان ستراتیژیەتە سادەکانی دیکەوە داعش لە ناو ببات.

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم بڕیارانە ببنەهۆی بەهێزکردنی بانگەشەکانی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك داعش؟**

- من پێموایە دەبنەهۆی بەهێزکردنی ئەوەی ئێوە پێی دەڵێین بانگەشەکان. ئەمەش بابەتێکی مەترسیدارە.

*** کەواتە ئێوە پێتانوایە قەدەغەکردنی چوونی هاووڵاتییانی ئەم وڵاتانە بۆ ئەمەریکا نابنەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمەریکا؟**

- ئەمە راستە.

*** لە پێوەندی بە ئێرانەوە ئایا پێتوایە ئیدارەی ترەمپ چ سیاسەت و ستراتیژیەتێك دەگرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەر هەوڵبدات بە یەکجاری لەو رێککەوتنە بکشێتەوە کە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، ئەوا بارودۆخەکە بە تەواوەتی هەڵدەکشێت. بەڵام من نازانم ئەو هەوڵدەدات چی بکات و چی دەکات، ئەمە ئیدارەکەیە کە پێشبینی هەنگاوەکانی ناکرێت.



دەنیس سۆلیڤان پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ترەمپ دەیەوێت بیسەلمێنێت ئەوەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن گوتوویەتی هەمووی جێبەجێ دەکات

دەنیس سۆلیڤان خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی لە بواری سیاسەتی بەراوردکاری و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، حکومەت و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڕێوبەری سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ ئاشتی و کەلتوور و پەرەپێدان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بڕیارانەی ئەم دواییە دۆناڵد ترەمپ واژۆی کردن بەتایبەتی لە پێوەندی بە قەدەغەکردنی چوونی هاووڵاتیانی چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمەریکا، هەروەها ئەگەرەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمەریکا لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو بەمجۆرە راوبۆچوونەکانی دەربڕی.

*** تێڕوانینتان چییە لەبارەی ئەو بڕیارانەی بەم دواییە لەلایەن سەرۆك ترەمپەوە واژۆ کران، بەتایبەتی قەدەغەکردنی چوونی هاوڵاتیانی حەوت وڵات بۆ ئەمەریکا؟**

- لە راستیدا تووڕەییان لای من دروست کرد، ئەمە شتێکی ناڕەوا و نادادپەروەرانەیەو ئاماژەیە بە ئیسلامۆفۆبیا و ئەمە دژی موسڵمانان و دژی عەرەبەکان و دژی ئێرانییەکان و دژی هەموو شتێکە. هەروەها ئەمە کارێکی گەمژانەیە، چونکە نابێتەهۆی چارەسەرکردنی ریشەیی ئەو نیگەرانییانەی کە خۆی باسیان لێوە دەکات و پەیوەستن بە شەڕکردن لە دژی تیرۆریزمەوە. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە رق و تیرۆری زیاتر لە دژی ئەمەریکا پەرەپێبدات. لە راستیدا ئەو حەوت وڵاتە، وڵاتی گرنگن، لە نێویاندا عێراق بەتایبەتی، کە ئێمە دەزانین زۆرێك لە عێراقییەکان ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە لە پێناو ئەمەریکادا لەشەڕەکەی عێراقدا —ئەگەرچی هەر لە بنەڕەتیشەوە شەڕێکی باش بوو-، ئێستاش ئێمە دیێن و پێیان دەڵێین کە چیتر ئەوە بایەخی نییە لای ئێمە. کەواتە لە مەودای کورتدا هەنگاوێکی زۆر خراپە و ورووژێنەری رق و قینە و دژ بە ئیسلام و موسڵمانانە، لە دوورمەوداشدا دەبێتەهۆی لاوازکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە جیهانی ئیسلامیدا و لاوازکردنی بەهاکانی ئەمەریکاش. کەواتە لە ئێستادا ئەمەریکا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دابەش بووە، کە من ئومێد دەکەم زیاتر یەکگرتوو بێت لە سایەی ئەم سیاسەتە رقئامێزەدا. لەلایەکی دیکەوە ئەو نارەزایەتییانەی کە لە ناوخۆیی ئەمەریکادا دروست بووە — لە ئاستی ئەم بڕیارانەدا- مایەی دڵخۆشین و من ئومێدی دەکەم زۆرینە یاخود زۆرینەی زۆری ئەمەریکییەکان بەرهەڵستی ئەم جۆرە سیاسەتە بکەن.

*** پێتوایە هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی دەرکردنی ئەم بڕیارانە چین؟**

- پێموایە بەشێکی پەیوەستە بە بەڵێنەکانی دۆناڵد ترەمپەوە لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، واتە دەیەوێت بیسەلمێنێت کە هەر کاتێك شتێکی وت، ئەوا بە کردەوە جێبەجێی دەکات، ئەگەرچی ئەو بەردەوام لێدوانی دژ بە یەك دەدات، مەبەستم ئەوەیە لێدوانی پێش خۆی رەتدەکاتەوە، واتە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەیەوێت بەڵێنەکانی بەرامبەر ئەو خەڵکە جێبەجێ بکات کە پشتیوانییان لێکردووە. بەشێکیشی بۆ کەسێکی وەك ستێڤ بانەن دەگەڕێتەوە کە کەسایەتیی شەڕانگێز و تاریکی هەیە کە نوێنەرایەتی دەنگە ئایدیۆلۆژییەکە و پێموایە و دەسەڵاتی بێدەنگە لە پشت دەسەڵاتی ئەمەریکاوە، ئایدیۆلۆژیا و گوتارەکانی ستێڤ بانەن کە کەسێکە دژی موسڵمان و دژی جوولەکە و دژی زۆر شتی دیکەیە، بوونەتە پاڵنەری ئەم سیاسەتە. کەواتە ئەم دوو هۆکارە سەرەکییە لەئارادان، ئایدیۆلۆژیای ستێڤ بانەن- کە مەرج نییە ئایدیۆلۆژیای ترەمپ بن-، لەگەڵ بەڵێنەکانی ترەمپ لە کاتی هەڵبژاردندا کە دەیەوێت بڵێت فەرموو ئەوە بەڵێنەکانم جێبەجێ کردو ئێستاش سەرقاڵی جێبەجێکردنی کاری دیکەم.

*** ئایا پێتوایە ئەم سیاسەتانە سەرکەوتوو دەبن و درێژە دەکێشن؟**

- ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، من نازانم چۆن پێناسەی سەرکەوتن بکەین، چونکە ئەگەر دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت جیهان لە خۆی دووربخاتەوە، ئەوا هەر لە ئێستاوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، کە پێموایە ئەو هێزێکی تێکدەرەو هێزێکی رادیکاڵی شۆڕشگێڕانەیە و تەنیا دەیەوێت پەرە بە ناسەقامگیری بدات بۆ سوودی خۆی، چونکە تاوەکو رەوشی جیهان لە کۆنترۆڵ دەربچێت، ئەوا جیهان پتر ناسەقامگیر دەبێت بەهۆی سیاسەتە جۆراوجۆرەکانیەوە، ئەوا ئەو خۆشحاڵتر دەبێت، لەبەر ئەوەی دەتوانێت بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی چەندین کردەوەی شەڕانگێزانە، پێموایە ئەمە سەرکەوتنە لە تێڕوانینی ئەودا. بەڵام ئایا درێژە دەکێشن، من پێموا نییە، چونکە متمانەم بە خەڵکی ئەمەریکا و بە سیستمی دادپەروەری و سیستمی قەزائی هەیە لەم وڵاتەدا. لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوەیە دادگای باڵا هەمواریان بکاتەوە، ئەگەر بە تەواوەتیش رەتیان نەکاتەوە.

*** کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئەم هەنگاوانە یەکناگرنەوە لەگەڵ بنەما دیموکراتییەکان و تەنانەت دەستووریش ئەمەریکاشدا؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە.

*** پێشبینییەکانت چین لەبارەی ئەو کاردانەوە نێودەوڵەتییانەی لەبەرامبەر ئەو هەنگاوانەی سەرۆك ترەمپ دەکەونەوە؟**

- پێموایە دۆستە ئەورووپییە رۆژئاواییەکانمان نائاسوودە دەبن لە ئاستیاندا، من دڵنیانیم لەبەرامبەر ئیسرائیلەوە، بەڵام پێموایە ئیسرائیل زۆر خۆشحاڵ دەبێت لەبەر ئەوەی بڕیاری قەدەغەکردنەکە ئێرانیش لەخۆ دەگرێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دیکەدا کە ئیسرائیل دژیانە. لە راستیدا من نازانم بیرکردنەوەی چین، چی دەبێت لەم رووەوە، بەڵام پێموایە گەمەکاری سەرەکی کە زۆری بایەخ بەم پرسە دەدات، بریتییە لە ئەورووپای رۆژئاوا، بەدڵنیاییەوە لە هەندێ وڵاتی

**پێموایە کەسانی دەوروبەری ترەمپ کار لەسەر ئەوە بکەن کە هاوکاری و شەراکەتی نێوان ئەمەریکا و پێشمەرگە بەردەوام بێت**

**ترەمپ هەموو کارێک دەکات بۆ وروژاندنی تووڕەیی ئێران و فشار دەخاتەسەر ئێران بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە پێشێلکردنی ئەو رێککەوتنە ئەتۆمییەی کە لە نێوان ئێران و گرووپی ٥+١ واژۆکرا**

**لە هەندێ وڵاتی ئەورووپیشدا سیاسەتی دژ بە ئیسلام هەیە، بەڵام ئەوانە تاکەکەسن لە ئێستادا، نەک دەوڵەتی نەتەوەیی**

ئەوروپیشدا سیاسەتی دژ بە ئیسلام هەیە، بەڵام ئەوانە تاکەکەسن لە ئێستادا، نەك دەوڵەتی نەتەوەیی.

*** ئایا پێتوایە ئیدارەی ترەمپ پتر بایەخ بەم ناوچەیە دەدات، یان کەمتر؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، لە راستیدا ئەگەر کەمتر بایەخ بدات، ئەوا کاردانەوەی زیاتر دروست دەکات، بۆ نموونە ئەگەر کەمتر فشار لەسەر ئیسرائیل بە بەراورد بە فەلەستینیەکان بکات، ئەوا کێشەیەکی درێژخایەن بۆ ئەمەریکا دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئیسرائیل کۆمەڵگەی جوولەکەنشینەکان بەرفراوان دەکات و ئەو کات ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا دروست نابێت، ئەوەش دەرئەنجامێکی خراپە بۆ ئەمەریکا. کەواتە بایەخدانی کەمتریش ئاکامی ئیجابی لێناکەوێتەوە، بەو پێیە دەبێت هاوسەنگییەك هەبێت. لەلایەکی دیکەوە رەنگە لەگەڵ تورکیا و رووسیادا شەڕی زیاتر لە دژی داعش بکات، کەواتە دەکرێت لەم رووەوە بایەخدانی زیاتری هەبێت. بەڵام دۆناڵد ترەمپ کەسێکە کە پێشبینی ناکرێت، لەبەر ئەوە مەحاڵە بتوانین پێشبینی بکەین ئایا کەمتر، یان زیاتر بایەخ دەدات، بەڵام نیگەرانی من ئەوەیە کە هەر کارێك کە بیکات، یان نەیکات دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە.

*** بەڵام هەرچۆنێك بێت دەتوانین بڵێین کە هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ تێکشکاندنی داعش چڕدەکاتەوە؟**

- ئەو رایگەیاندووە کە ئەم کارە دەکات، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە دەبێت هاوپەیمانێتییەکی جیهانی دژی داعش هەبێت. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پرسیارەکەتان کە پەیوەست بوو بە قەدەغەکردنی چوونی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە بۆ ئەمەریکا، لە نێویاندا هاووڵاتیانی عێراق، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم وڵاتانە هاوکاری ئەمەریکا بکەن لە دژی داعش. کەواتە بەڵێ رەنگە هەوڵەکانی چڕبکاتەوە، بەڵام ئەو بە هەنگاوێکی سەیر دەستی پێکرد، بە قەدەغەکردنی هاتنی هاووڵاتیانی عێراق و سووریا بۆ ئەمەریکا لە کاتێکدا بڕیارە ئەم دوو وڵاتە شەڕی داعش بکەن.

*** ئایا کاتێك دۆناڵد ترەمپ باس لەوە دەکات کە کار لەگەڵ رووسیادا دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانی سووریا، پێتوایە ئەمە بەو مانایە دێت کە ترەمپ رازییە بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا؟**

- وا پێدەچێت و پێموایە ئەوە دەرئەنجامەکەیە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئایا ئیدارەی ترەمپ چ رێگاچارەیەك دەگرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوە و ئیحتیواکردنی ئێران؟**

- پێموایە ترەمپ هەموو کارێك دەکات بۆ وروژاندنی تووڕەیی ئێران و فشار دەخاتەسەر ئێران بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە پێشێلکردنی ئەو رێککەوتنە ئەتۆمییەی کە لە نێوان ئێران و گرووپی ٥+١ واژۆکرا- لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا-، واتە پێموایە هەموو کارێك دەکات بۆ ئەوەی وا لە ئێران بکات کە ئەو پێشێلکارییە بکات، بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ بتوانێت سزاکان بەسەر ئێراندا بسەپێنێتەوە، رەنگە چاوەڕێش نەکات و کارێك ئەنجام بدات، بەڵام ئەوەی دەتوانین بە دڵنیاییەوە بیلێین ئەوەیە دژی ئێران دەبێت لە هەموو حاڵەتەکاندا. بە واتایەکی دیکە ئەو پێچەوانەی هەر هەنگاوێکی ئۆباما هەڵسوکەوت دەکات، ئۆباما پرۆژەی چاودێری تەندروستی هەبوو، ئەم دەیەوێت هەڵیبوەشێنێتەوە، ئۆباما رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا ئەنجامدا بۆ رێگریکردن لە دروستکردنی چەکی ناوکی، ترەمپ دەیەوێت پێچەوانەی بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەمە لە مەودای دووریشدا بەکارهێنانی گورزی سەربازی لە دژی ئێران لەخۆبگرێت لە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی کە دەیانکات، ئەگەرچی لە ئێستادا و ئەوەندەی ئێمە بزانین ئەو پێشێلکارییانەی نەکردووە. دۆناڵد ترەمپ زیاتر وەك سیحربازێك وایە و هەمیشە دەیەوێت ئێمە سەرنجمان لەسەر ئەوە بێت کە ئەو بە نیازە ئەنجامی بدات، لەبەر ئەوە ئەو سەرقاڵی ئەو هەموو کردەوە جیاوازانەیە بۆ لابردنی سەرنجی ئێمە لەسەر ئەو کارانەی دیکەی کە هەوڵ دەدات ئەنجامیان بدات.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن ئیدارەی ترەمپ هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان درێژە پێبدات و زیاتری بکات، بە حوکمی ئەوەی ئەمەریکا دەیەوێت هەوڵی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ تێکشکاندنی رێکخراوی تیرۆریستی داعش؟**

- من پێشبینی دەکەم، بەڕێز ترەمپ هاوکاری زیاتری هەرێمی کوردستان بکات، لەبەر ئەوەی بەلای کەمەوە ئەوەی پێشمەرگە کردوویەتی چیرۆکێکی سەرکەوتنە، هەرچەندە پێشبینیکردنی ئەوەی ئەنجامی دەدات، نەك زەحمەتە بگرە مەحاڵە، بەڵام من پێموایە کەسانی دەوروبەری ترەمپ کار لەسەر ئەوە بکەن کە هاوکاری و شەراکەتی نێوان ئەمەریکا و پێشمەرگە بەردەوام بێت، بەڵام بە راستی ناتوانم پێشبینی شتێکی لەو چەشنە بکەم.

**ئەو ناڕەزایەتییانەی کە لە ناوخۆیی ئەمەریکادا دروست بووە مایەی دڵخۆشین و ئومێدی دەکەم زۆرینەی زۆری ئەمەریکییەکان بەرهەڵستی ئەم جۆرە سیاسەتە بکەن**

**لە مەودای کورتدا هەنگاوێکی زۆر خراپە و وروژێنەری رق و قینەی دژ بە ئیسلام و موسڵمانانە، لە دوورمەوداشدا دەبێتەهۆی لاوازکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە جیهانی ئیسلامیدا و دەبێتەهۆی لاوازکردنی بەهاکانی ئەمەریکاش**



راجەوی ئەسەد **پرۆفسیۆری کاروباری گشتی بۆ گوڵان:**

# ترەمپ پشتیوانی لەو هێزانە دەکات کە شەڕی داعش دەکەن لە نێویاندا کورد

راجەوی ئەسەد پرۆفیسۆرە لە سکوولی کاروبارە گشتییەکان لە زانکۆی مینۆسیتا، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئابووری و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. بۆ تاوتوێکردنی پاڵنەر و کاردانەوەکانی بڕیارەکانی ئەم دواییە ئیدارەی ترەمپ لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باسکردن لەو رێگاچارانەی پێشبینی دەکرێت ئەم ئیدارەیە لە ئاست ئەم ناوچەیە بیانگرێتەبەر، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە هاتەئاخاوتن.

**لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمەریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە، ئەگەرچی فشارەکانیش لەسەر ئەو وڵاتە زیاتر دەکات، لە سووریاشدا هەماهەنگی لەگەڵ رووسیادا دەکات نەک ئێران، ئەگەرچی ئەمە واتای ئەوەشە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەماهەنگی لەگەڵ روسیا و رژێمی سووریا دەکەن، کە ئەوەش پشتیوانییە بۆ ئێران**

**سەرۆک ترەمپ پشتیوانی لە هێزەکانی عێراق دەکات، ئیدی هێزەکانی حکومەتی عێراق بن یان هێزە کوردییەکان، لە سووریادا دۆخێکی ئاڵۆزتر هەیە، چونکە چەندین لایەن تێوەگلاون لە شەڕەکەدا و پێموایە تورکیا ڕێگری دەکات لە گەیشتنی پشتیوانی بە کورد**

**دۆخی عێراق و سووریا دوای تێکشکاندنی داعش زۆر نائارام و ناسەقامگیر دەبێت و هەندێ لە هۆکارە ریشەییەکان دەمێننەوە**

*** ئایا چۆن لە ئاکام و کاریگەرییەکانی ئەو بڕیارانەی ئەم دواییەی سەرۆك ترەمپ دەڕوانیت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی من لەگەڵ دەرکردنی ئەم بڕیارانەی سەرۆك ترەمپدا نیم، چونکە پێموایە جیاکاری لەخۆدەگرن و بە هیچ شێوەیەك نابنەهۆی بەهێزکردنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمەریکا، هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو لەئارادا نییە کە ئەو هاووڵاتیانانەی لەم وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێن، بەشداربن لە هێرشکردندا لە ناو خاکی ئەمەریکادا. لەبەر ئەوە پێناچێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و بگرە رەنگە دۆخەکە خراپتریش بکات.

*** کەواتە بە بۆچوونی ئێوە ئەمە هەنگاوێکی هەڵەیەو دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە؟**

- بەڵێ، بە بۆچونی من دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە و ئاماژەیەکی هەڵەش دەنێرێت بۆ دۆستەکانمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ ئەو خەڵکانەی کە ئێمە پشتیان پێدەبەستین بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم.

*** کەواتە ئەگەر وایێت ئایا هۆکاری دەرکردنی ئەم بڕیارانە چییە لەلایەن سەرۆکی نوێی ئەمەریکاوە؟**

- هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە بەڕێز ترەمپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا هەڵوێستی دژ بە کۆچبەرانی گرتەبەرو ئۆباڵی ئەو کێشانەشی خستەئەستۆیان کە رووبەڕووی هەندێ لە ئەمریکییەکان بۆتەوە، ئێستاش دەیەوێت بڵێت ئەو بەڵێنە جێبەجێ دەکات کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی بۆ دەکرد.

*** ئایا پێتوایە ئیدارەی ترەمپ بەردەوام دەبێت لە دەرکردنی ئەم جۆرە بڕیارانە؟**

- لە راستیدا ئێمە لە ماوەی هەفتەی رابردودا هەڵکشانی بەرهەڵستییەکانمان لە بەشە جیاوازەکانی نێو ئەمەریکادا بینی، ئەمە جگە لەو ناڕەزایەتییەی لە دەرەوەی ئەمەریکاشدا دروست بووە. لە ئێستادا دادگاکانی ئەمەریکا خەریکن لە روانگەیەکی یاساییەوە تەحەددای ئەم بڕیارانە بکەن، هەروەها بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش ناڕەزایەتی و بەرهەڵستی دەردەبڕن، کە بینیمان خەڵکانێك لەسەر شەقامەکان و لە فڕۆکەخانەکانی ئەمەریکادا ناڕەزاییەتیان دەربڕی، بە هەمان شێوە کەسانێك هەن لە نێو پارتی کۆمارییەکانیشدا کە پشتیوانی ناکەن. کەواتە بە تێپەڕبوونی کات ناڕەزایەتییەکان دژی ئەم بڕیارانە زیاتر دەبن.

*** ئایا پێشبینی دەکەیت دادگاکانی ئەمەریکا کار لەسەر پووچەڵکردنەوەی ئەم بڕیارانە بکەن؟**

- دەتوانین پێشبینی بکەین کە دەسەڵاتی قەزائی بە شێوەیەکی سنووردار دەستتێوەردان بکات، لە ئێستادا هەوڵەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەیە ئەو کەسانە ئازاد بکرێن کە لە نێو فڕۆکەخانەکاندا گیریان خواردووە و بۆ پشتیوانیکردنی ئەو کەسانەیە کە راستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری سلبی ئەم بڕیارانەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سەرۆکی ئەمەریکا ئازادییەکی زۆری پێدراوە لەلایەن دادگاکانەوە بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و ئەو سیاسەتانەی کە پەیوەستن بە کۆچبەرانەوە، لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمانی من دەبێت ئەگەر دادگا هەوڵەکانیان بەو ئاڕاستەیەدا ببەن کە بیانەوێت بە تەواوەتی ئەم بڕیارانە رابگرن.

*** ئایا دەکرێت تانەی نادەستووری بوون لەم بڕیارانە بدرێت؟**

- لە راستیدا دەکرێت تانەی نادەستووری بوون لە هەندێ بەشی ئەم بڕیارانە بدرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە کەمینە ئایینییەکانەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەستووری ئەمەریکا ئازادییەکی زۆری بە سەرۆکی ئەو وڵاتە داوە بۆ داڕشتنی ئەم جۆرە سیاسەتانە.

*** ئایا کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان دژی ئەم بڕیارانە چی دەبن؟**

- لە راستیدا ئێمە حاڵی حازر هەندێ کاردانەوەمان بینی، ئەوە بوو پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا کە مامەڵەی هاوشێوە لەگەڵ ئەمەریکا بکرێت، ئەمەش دۆخەکە ئاڵۆز دەکات، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا پێویستی بەوە هەیە کە خەڵکانی خۆی بنێرێت بۆ عێراق بۆ هەماهەنگیکردن لە شەڕی دژ بە داعشدا. هەروەها کاردانەوە لە بەشەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی دەبینین. بە هەمان شێوە چەندین کاردانەوە لە نێو ئەورووپاشدا دروست بوو لە ئاست ئەم بڕیارانەدا، ئیدی لەلایەن ئەڵمانیاوە بێت، یان فەڕەنسا، یاخود بەریتانیا. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هێشتا ئێمە کاردانەوەمان لەلایەن میسر، یان سعودیەوە نەبیستووە و ئەم دوو دەوڵەتە لەم رووەوە بێدەنگن و پێموایە هێشتا تاوتوێی ئەوە دەکەن ئایا بەڕێز ترەمپ دۆستە یان نەیار.

*** بە شێوەیەکی گشتی پێتوایە ئیدارەی نوێی ئەمەریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات؟**

- لە راستیدا ئێمە هەندێ بۆچوونمان لا گەڵاڵە

بووە، لە پێوەندی بە ئیسرائیلەوە، ئەوا پشتیوانی رەفتارە هەرە توندەکانی ئیسرائیل دەکات لە پێوەندی بە فراوانکردنی کۆمەڵگە جوولەکەنشینەکانەوە، لەگەڵ پرسی گواستنەوەی باڵیۆزی ئەمەریکا بۆ قودس، هەروەها ئەو کەسەی کە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی ببێتە باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئیسرائیل ئاماژەیە بەوەی کە سەد دەر سەد پشتیوانی ئیسرائیل دەکات. لە پێوەندی بە سووریاوە، ئەوا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە نزیکەوە کار لەگەڵ رووسیا دەکات بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، ئەمەش واتە کار لەگەڵ رووسیادا دەکات هاوشان بە سەرۆك ئەسەد، واتە ئەو کار لە دژی ئەو کەسانە ناکات کە هەڵساون بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو رێگاچارەیەکی پراگماتی دەگرێتەبەر و پتر کار لەگەڵ ئەو رژێمانەدا دەکات کە لە دەسەڵاتدان تا ئەو کاتەی ئەمە خزمەت بە شەڕکردن لە دژی داعش و بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمەریکا بکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** پێتوایە لە نێوان رێگاچارەی دەستتێوەردانی جۆرج بوش و کشانەوەی ئیدارەی ئۆبامادا رێگایەکی تایبەت هەڵدەبژێرێت؟**

- لە راستیدا رێگاچارەی ئەو بریتییە لە دەستتێوەرنەدان، چونکە دروشمی ئەو بریتییە لەوەی بە پلەی یەك بایەخ بە ئەمەریکا بدرێت، تەنیا ئەگەر رووداوێك روویدات کە پێیوابێت کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەبێت، ئەو پێی باش نییە دەستتێوەردان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات، چونکە ئەو ئاماژەی بەوە کردووە کە پاڵپشتی پرۆسەی بنیادنانی نەتەوەو پەرەپێدانی دیموکراسی ناکات و کار لە دژی پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ ناکات. کەواتە لەو کاتەدا دەستتێوەردان دەکات کە پێیوابێت دۆخەکە هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دروست دەکات.

*** بەڵام ئایا هەوڵەکان چڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی بە خێرایی داعش تێکبشکێنێت؟**

- ئەوە دەقاودەق قسە و لێدوانی ئەوە و رایگەیاندووە کە ئەم کارە دەکات.

*** بەڵام ئایا ئەمە رێی تێدەچێت، لەبەر ئەوەی ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە؟**

- لە راستیدا لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا کار لەسەر ئەمە کراوە، ئەویش بە پشتیوانی هێزەکانی عێراق و هەروەها کارکردن لەسەر شاری رەققە، من پێموایە داعش لەسەر خاکی خۆی تێکدەشکێندرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە دڵ و عەقڵەکاندا تێکدەشکێندرێت، بەلای منەوە ئەمە ئەرکێکی قورسە. بەڵام ئەگەر پرسیارەکە ئەوەبێت ئایا داعش ئەو خاکە لە دەست دەدا کە کۆنترۆڵی کردووە، ئەوا پێموایە ئەمە تەنیا مەسەلەی کاتە.

*** کەواتە بە تێڕوانینی ئێوە پێویستە کار لەسەر ئەو هۆکارە ریشەییانە بکرێت کە لە بنەڕەتدا بوونەهۆی دروستبوونی داعش؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە، چونکە دۆخی عێراق و سووریا دوای تێکشکاندنی داعش زۆر نائارام و ناسەقامگیر دەبێت و هەندێ لە هۆکارە ریشەییەکان دەمێننەوە، لەبەر ئەوە تەنیا مەسەلەی کات دەبێت پێش ئەوەی قەوارەیەکی هاوشێوەی داعش سەرهەڵبداتەوە لەو بەشەی جیهاندا. لەبەر ئەوە پێموایە پێویستە هەوڵەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەماهەنگی بکرێت و رەنگە جێگیرکردنی هێزی ئاشتیپارێزیش لەخۆبگرێت، بەڵام پێموانییە لە ئێستادا ئەو دەرفەتە لەئارادا بێت.

*** ئەی پێتانوایە هاوکاری و یارمەتی زیاتر دەستەبەر بکات بۆ ئەو هێزانەی کە راستەوخۆ شەڕی داعش دەکەن، وەك کوردی عێراق؟**

- بە دڵنیاییەوە سەرۆك ترەمپ پشتیوانی لە هێزەکانی عێراق دەکات، ئیدی هێزەکانی حکومەتی عێراق بن یان هێزە کوردییەکان، لە سووریادا دۆخێکی ئاڵۆزتر هەیە، چونکە چەندین لایەن تێوەگلاون لە شەڕەکەدا و پێموایە تورکیا رێگری دەکات لە گەیشتنی پشتیوانی بە کورد، واتە سنوورێك هەیە بۆ هاوکاریکردنی کورد لەلایەن ئەمەریکاوە بەهۆی بەرهەڵستی تورکیاوە. لە ئێستاشدا تورکیا هەماهەنگی لەگەڵ رووسیا و ئێراندا دەکات و سەرۆك ترەمپیش رایگەیاندووە کە هەماهەنگی لەگەڵ رووسیادا دەکات و منیش نازانم ئەمە چۆن دەکەوێتەوە لە پێوەندی بە پشتیوانیکردنی ئەمەریکا بۆ کوردی سووریا.

*** ئەی پێتانوایە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگە ئێراندا دەکات بۆ ئیحتیواکردنی رۆڵ و دەسترۆیشتوویی ئەم وڵاتە لەم ناوچەیەدا؟**

من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمەریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە، ئەگەرچی فشارەکانیش لەسەر ئەو وڵاتە زیاتر دەکات، لە سووریاشدا هەماهەنگی لەگەڵ رووسیادا دەکات نەك ئێران، ئەگەرچی ئەمە واتای ئەوەشە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەماهەنگی لەگەڵ روسیا و رژێمی سووریا دەکەن، کە ئەوەش پشتیوانییە بۆ ئێران.

**پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا کە مامەڵەی هاوشێوە لەگەڵ ئەمەریکا بکرێت، ئەمەش دۆخەکە ئاڵۆز دەکات، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا پێویستی بەوە هەیە کە خەڵکانی خۆی بنێرێت بۆ عێراق بۆ هەماهەنگیکردن لە شەڕی دژ بە داعشدا**

**سەرۆکی ئەمەریکا ئازادییەکی زۆری پێدراوە لەلایەن دادگاکانەوە بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و ئەو سیاسەتانەی کە پەیوەستن بە کۆچبەرانەوە، لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمانی من دەبێت ئەگەر دادگا هەوڵەکانیان بەو ئاڕاستەیەدا ببەن کە بیانەوێت بە تەواوەتی ئەم بڕیارانە رابگرن**

**بڕیارەکانی سەرۆک ترەمپ دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە و ئاماژەیەکی هەڵەش دەنێرێت بۆ دۆستەکانمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ ئەو خەڵکانەش کە ئێمە بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم پشتیان پێدەبەستین**



بەدەل بەندی
فەرمانده‌ی هێزی ١ی لەشکری ڕۆژ بۆ گوڵان:

# گەڕانەوەی ئێمە بۆ ڕۆژئاوا دەبێتە هۆی پتەوکردنی گیانی هاوکاری و یەکترقبووڵکردن

## هاوپەیمانان بە سەرسوڕمانەوە لە نەبەردییەکانی کچان و کوڕانی پێشمەرگەی لەشکری ڕۆژ دەڕوانن

**ئاشکرایە کە کچان و کوڕانی پێشمەرگەی رۆژئاوا بەشدارییەکی راستەقینەو کارایان لە شەڕی تێکشکاندنی داعشدا هەبووە، بەتایبەتی لە میحوەرەکانی (رەبیعە، شنگال، خازر، بەعشیقەو تلسقۆف)، لەم پێناوەشدا قوربانی و فیداکارییەکی زۆریان کردووە. پرسی گەڕانەوەی ئەم هێزە بۆ رۆژئاوای کوردستان و رێگرییەکانی پەیەدە لەم رووەوە، هەروەها کاریگەری ئەم گەڕانەوەیە لەسەر توندوتۆڵکردنی گیانی پێکەوەژیان لە رۆژئاواو چەند پرسێکی دیکەی پێوەندیدار، بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ بەدەل بەندی فەرماندەی هێزی ١ی لەشکری رۆژ کە لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین هێزی رۆژ چۆن پێکهات و رۆڵ و ئەرکیان لەچیدا چڕدەبێتەوە؟**

- لە راستیدا هێزی رۆژ، هێزێکی کوردستانییەوەو بەبێ جیاوازی پێشمەرگەی هەر چوار پارچەکەی کوردستان لەخۆ دەگرێت. وەزارەتی پێشمەرگەو جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاریکاری ئەم هێزەن. ئەوەی پێوەندی بە سەرپەرشتیکردن و هەڵسووڕاندنی ئەم هێزەشەوە هەبێت، ئەوا ئەم ئەرکە لەئەستۆی بەڕێز لیوا عەزیز وەیسی- یە، کە فەرماندەی فەرماندەیی زێرەڤانییە، ئێمەش هەر ئەرکێکمان لەهەر شوێنێك، پێ بسپێردرێت، ئەوا ئامادەین بۆ ئەنجامدانی و ئەوە نزیکەی دوو ساڵە ئێمە لە سەنگەرو بەرەی شەڕداین دژ بە داعش، لەم رووەشەوە چەندین شەهیدمان بەخشیوە، کە خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدایە، ئەمەش مایەی سەربڵندی و سەرفرازای ئێمەن و شەهیدبوونی پێشمەرگە ورەی ئێمە نارووخێنێت، بەپێچەوانەوە، لەحاڵەتی شەهیدبوونی هەر پێشمەرگەیەکدا، هەڤاڵەکانی بەگوڕو تینی زیاترەوە چەکی ئەو شەهیدە هەڵدەگرنەوەو درێژە بە خەباتکردن دەدەن. چونکە باوەڕیان بە رەوایەتی بەرگریکردن لە خاك و بە راست و دروستی رێبازی بارزانی نەمر و بە سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی پتەوتر دەبێت. ئێمە لە میحوەری سەدی موسڵ کە هێزەکانی ئێمەی تێدا جیگیرکراوەو لە گوندی سەهلجدا چەندین شەهیدمان بەخشی، چونکە لە سەرەتادا دووچاری شەڕێکی سەخت و دژوار بووینەوە لەگەڵ داعشدا. ئەو کاتەش شەڕەکە لە سەرەتادا بوو، فڕۆکەکانی هاوپەیمانانیش وەك پێویست هاوکار نەبوون، بەڵام ئێمە باوەڕمان بە میللەت و بە سەرۆکی خۆمان بەهێز بوو، بۆیە توانیمان بەرەنگاریان ببینەوە. لە پێوەندی بە بریندارەکانیشمانەوە، ئەوا لە ماوەی شەڕی داعشدا پتر لە ٢٢٠ بریندارمان هەبووە.

*** ئێوە وەك لەشکری رۆژ کە زۆربەتان کوردی رۆژئاوان و هێزێکی کاریگەرن، ئایا هەتا ئێستا پێوەندیتان لەگەڵ هاوپەیمانان چۆنە، بەتایبەتی ئەمریکا، ئایا ئێوە لە رێگەی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانەوە هاوکاری دەکرێن، یان وەك هێزێکی رۆژئاوا بەنیازن لە چوارچێوەی یارمەتییەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی رۆژئاوا ئێوەش پشکتان هەبێت؟**

- لە راستیدا ئێمە پێوەندییەکی پتەو و بەهێزمان لەگەڵ هاوپەیماناندا هەیە و ئەوان هاریکاری ئێمە دەکەن، چونکە قەناعەتیان بەوە هەیە ئێمە لەشکرێکی کوردستانین و بگرە زۆر سەرسام بوون کاتێك لە نزیکەوە بینیان کە چۆن گەنجی ئێمە بەرگری لە خاك و وڵاتی خۆی دەکات. سەبارەت بە هاوکاری هاوپەیمانانیش، ئێمە پێشوازی لە هەر لایەن و دەوڵەتێك دەکەین کە هاوکار و پشتیوانمان بن، چونکە کورد میللەتێکی ستەملێکراوە، ئەگەرچی ئێمە هەرگیز سازشمان بۆ دوژمنی خۆمان نەکردووەو ستەممان قبووڵ نەکردووە و لەم رووەوە چەندین فیداکاریمان کردووە، بۆیە کارێکی زۆر ئاساییە کە هاوکاری بکرێین.

*** ئایا ئێوە بە نیازی گەڕانەوەن بۆ رۆژئاوا؟**

- ئاشکرایە کە زۆربەی ئەو کەسانەی لە نێو هێزەکەی ئێمەدا- بە لیوای ١ و لیوای ٢یشەوە- گەنجی رۆژئاوان، بەڵام ئەگەر داوامان لێبکرێت، نەك بۆ رۆژئاوا، بەڵکو بۆ باکوور و بۆ هەر شوێنێکی دیکە بێت، ئێمە ئامادەین قوربانی بدەین و بەرخودان و خەباتی خۆمان درێژە پێبدەین و بێ دوودڵی داکۆکی لە کەرامەتی میللەتی خۆمان دەکەین.

**سروشتی جەنابی سەرۆک بارزانی ئەوەیە کە رێگە نادات خوێنی گەنجی کورد بە دەستی کورد بڕژێت و تاوەکو لای هەموو کورد ساغ نەبێتەوە کە کەسێک دووبەرەکی دروست دەکات و ناپاکی دەکات، هەڵوێست لەدژی وەرناگرێت**

**ئەو کاتەی ئێمە لە شەڕدا بووین لە دژی داعش، حکومەتی عێراق هیچ هاوکارییەکی نەکردین، تەنانەت هەندێ جار کێشەو ئاستەنگیشی بۆ دروست کردین، بەڵام ئێمە بە پێچەوانەی ئەوانەوە رەفتارمان کرد، ئەوەتا بریندارەکانیان لە نەخۆشخانەکانی ئێمە چارەسەریان بۆ دەکرێت**

**ئەوەی جێی دڵخۆشییە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان، بە هەر چوار پارچەکەوە، ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جار سوپای عێراق لە ژێر ئاڵای کوردستاندا تێپەڕی بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەر موسڵ، ئەمە ڕووداوێکی کەم نەبوو**

**پێشمەرگە بۆتە ڕەمزێک بۆ بەرگریکردن لە تەواوی مرۆڤایەتی و لە سەرجەم ئایینەکان. تەنانەت لە شەڕی ڕزگارکردنی موسڵیشدا، تاوەکو پێشمەرگە سەنگەرەکانی پێشەوەی داعشی تێکنەشکاند، هێزی سەربازی عێراق پێشڕەوی نەکرد**

**پشت بە خوا بوار نادەین بە دروستبوونی دۆخێک کە براکانمان ئیدی لە باشوور بن، یان باکوور، لە ڕۆژهەڵات بن، یان ڕۆژئاوا خوێنیان بە دەستی یەکتر بڕژێت**

*** ئایا لە ئێستادا پەیەدە ڕێگری لە گەڕانەوەتان دەکات بۆ ڕۆژئاوا؟**

- پەیەدە برای ئێمەیە، ئەو ماوەیە لە نێو ڕێبازی کوردایەتیدا خزمەتی میللەتی خۆم کردبێت، چەکم بۆ ڕزگاری میللەتەکەم هەڵگرتووە و هیچ کاتێکیش هەستم نەکردووە کە جەنابی سەرۆك بارزانی جیاوازی کردبێت لە نێوان کوردانی باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوا، بەڵکو ئامانجی ئەو، ئەوەیە کە بەرگری لە سەرجەم کورد بکرێت، چونکە ئێمە دەزانین کە ئەمە ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی-ی نەمر بوو کە دواتر جەنابی سەرۆکی لەسەر پەروەردە کرد. لەبەر ئەوە جەنابیان هەر فەرمانێك بکات، ئێمە بە خۆشحاڵی و بە سەربڵندییەوە جێبەجێی دەکەین، لە ئێستاشدا مەسەلەکە ئەوە نییە لایەنێك ڕێگری لە گەڕانەوەی ئێمە بکات، بەڵکو بە تێگەیشتنی شەخسی من هەل و مەرجێکی سیاسی دروست بووە کە بۆتەهۆی ئەوەی نەتوانین وەك پێویست هەر کارێك بمانەوێت، ئەنجامی بدەین. ڕاستە پەیەدە ڕایگەیاندووە کە «ئەگەر ئەوەی پێی دەوترێت هێزی ڕۆژئاوا، ڕوو لە ڕۆژئاوا بکەن، ئەوا ئێمە ناچارین شەڕی براکوژی لەگەڵ ئەواندا بکەین»، بەڵام وەڵامی ئێمە بۆ ئەوان ئەوەیە کە ئەوان برای ئێمەن و خەمی هاوبەشمان هەیە و ئەرکەکان لە ئەستۆی هەموومانە، لەبەر ئەوە چوونی ئێمە بۆ ئەوێ بۆ ئەوەیە پێکەوە هاوکاری یەکتر بین و بەرگری لە کوردستان بکەین و ناچین شەڕی براکوژی بکەین.

*** بەڵام شەهیدتان هەبوو، کەچی ئەوان ڕێگرییان کرد لە بردنەوەی بۆ ڕۆژئاوا؟**

- بەداخەوە، ئەوان پێچەوانەی بیروباوەڕی سیاسیی خۆیان هەڵسوکەوتیان کرد، ئەمەش تێڕوانینی خەڵکی ڕۆژئاوا نییە، چونکە ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی تەرمی موریدی مەلا مستەفا بۆ ڕۆژئاوا کاریگەری لە خەڵکی ئێمە ناکات لە ڕۆژئاواو بگرە زیاتر پابەندیان دەکات بە هزری ڕێبازی مەلا مستەفا و سەرۆك بارزانی-یەوە.

*** بەڵام ئەوان تەنانەت ڕێگری لە ئاڵای کوردستانیش دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئەوان ڕێگری لە تەرمی گەنجێك بکەن کە لە پێناوی خاکی خۆیدا بۆتە قوربانی و خوێنی بۆ ئازادی ئەم گەلە ڕشتبێت، ئەوا بەبەرچاوی ڕاگەیاندنەکانیشەوە دەستکاری ئاڵای کوردستان دەکەن.

*** ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژئاوا، ئایا تا چەند ئەم گەڕانەوەیەتان دەبێتەهۆکارێك بۆ پێکەوەژیان و باشتر داکۆکیکردن لە خاکی کوردستان؟**

- لە حاڵەتی گەڕانەوەمان بۆ ڕۆژئاوا ئێمە بەوپەڕی خۆشحاڵی و گوڕو تینەوە ژیانێکی سەربەرزانە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژئاوا و برا و خوشکەکانمان لە ڕۆژئاوا بەسەر دەبەین و دەبینەهۆی بەهێزکردنی یەکترو یەکتر قبووڵ دەکەین. چونکە جگە لە یەکترقبووڵکردن هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە، لەبەر ئەوەی کوردستانی ئێمە یەکە، ئەگەر پێشتر هەر هێزێك هاتبێت و دەستی بەسەر بەشێکیدا گرتبێت، ئەوا لە ئێستادا بە قەناعەتی من کورد لەو قۆناغە دەرباز بووە و خەڵکی ئێمە هۆشیار بۆتەوە و ئێستا ئێمە- هەروەك جەنابی سەرۆك فەرمانی کردووە- لە یەك سەنگەرداین و خوێنمان تێکەڵ بووە، لەبەر ئەوە ئێمە وەك کورد لێکجیاناکرێینەوە، ئەگەرچی تێڕوانین و بۆچوونی سیاسی جیاوازیشمان هەبێت، کە ئەوە حاڵەتێکی زۆر سرووشتییە. گرنگ ئەوەیە هەموومان لە پێیناوی ئازادیی کوردستاندا خەبات بکەین.

*** ئایا لەو ناوچانەدا کە ئێوەی تێدا جێگیرکراون، پەکەکەو پەیەدە کێشە دروست دەکەن؟**

- لە ناوچەیەی ئێمە تێیدا جێگیرکراوین، وەك لەشکری ١، هیچ کێشەیەك نەبووە، ئەوەی پێوەندی بە لەشکری ٢یشەوە هەبێت کە لەسەر سنوورن، ئەوا هەندێ جار گرفت دروست بووە، بەڵام دۆخەکە نەگەیشتۆتە خۆێنڕشتن و پشت بە خوا بوار نادەین بە دروستبوونی دۆخێك کە براکانمان- ئیدی لە باشوور بن، یان باکوور، لە ڕۆژهەڵات بن، یان ڕۆژئاوا- خوێنیان بە دەستی یەکتر بڕژێت.

*** ئەی چۆن لە ڕۆڵی ئەو کچانە دەڕوانیت کە لە لەشکرەکەی ئێوە درێژە بە خەبات دەدەن؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، گەنجی هەر

چوار پارچەی کوردستان پێکەوە بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن، خوشك و برایانی ئێمەش لە لەشکری رۆژ بە بێ جیاوازی بەرگری و بەرخودان دەکەن و رۆڵی بەرچاویان هەبووە و شەهیدیان داوە و هاوپەیمانان شایەتحاڵی ئازایەتی و قارەمانێتی گەنجی ئێمەن بە کوڕ و کچەوە. ئێوە دەزانن داعش هێزێکی مەترسیدار بوو، گەورەترین هێزی تیرۆریستی بوو، بەڵام یەکەمین جار لەسەر دەستی پێشمەرگە بوو دووچاری شکست بووەوە. پێشمەرگەش لە کوڕ و کچانی ئێمە پێکهاتوون و پێکەوە و بە سەرپەرشتی و سەرکردایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی بەرگرییان لەم وڵاتە کردووە. لە ئێستاشدا پێشمەرگە بۆتە رەمزێك بۆ بەرگریکردن لە تەواوی مرۆڤایەتی و لە سەرجەم ئایینەکان. تەنانەت لە شەڕی رزگارکردنی موسڵیشدا، تاوەکو پێشمەرگە سەنگەرەکانی پێشەوەی داعشی تێکنەشکاند، هێزی سەربازی عێراق پێشڕەوی نەکرد. ئەوەی جێی دڵخۆشییە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان، بە هەر چوار پارچەکەوە، ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جار سوپای عێراق لە ژێر ئاڵای کوردستاندا تێپەڕی بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەر موسڵ. ئەمە رووداوێکی کەم نەبوو. ئەگەرچی ئەو کاتەی ئێمە لە شەڕدا بووین لە دژی داعش، حکومەتی عێراق هیچ هاوکارییەکی نەکردین، تەنانەت هەندێ جار کێشەو ئاستەنگیشی بۆ دروست کردین، بەڵام ئێمە بە پێچەوانەی ئەوانەوە رەفتارمان کرد، ئەوەتا برینداره‌کانیان لە نەخۆشخانەکانی ئێمە چارەسەریان بۆ دەکرێت.

*** بەم دواییە لەلایەن فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەوە راگەیەندرا کە دەتوانن ١٠ هەزار پێشمەرگە ئامادە بکەن بۆ ئەوەی هاوکاربن لە جێگیرکردنی سەقامگیری لە رۆژئاوا، ئایا ئێوە بەشێکن لەم هێزە؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەمە دەبێتەهۆی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی هێزەکەی ئێمە، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی زۆر سرووشتییە ئەگەر لەلایەن سەرکردایەتی و بەتایبەتی لەلایەن جەنابی سەرۆکەوە بڕیاری لەسەر بدرێت. هەروەها من بە کارێکی پیرۆزی دەزانم کە ببێتە هێزێکی بنەڕەتی بۆ بەرگریکردن لەکوردستان، لە ئێستاشدا ئەوان سەرقاڵی خۆئامادەکردن و مەشقکردنن.

*** ئایا ژمارەیەك لە کوڕ و کچانی رۆژئاوا داوایان کردووە پێوەندی بەم هێزەوە بکەن؟**

- بەدڵنیاییەوە، من دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم کە گەنجانی ئێمە حەماسێکی بێ سنووریان هەیە بۆ کوردایەتی و بەتایبەتی بۆ رێبازی بارزانی و جەنابی سەرۆك و بێ ئەندازە وەفادارییان هەیە بۆی. ئەوان دەزانن رێبازی راستەقینەی کوردایەتی، رێبازی جەنابی سەرۆك بارزانی-یە، چونکە جەنابی سەرۆك لە دۆخە هەرە دژوارەکانیشدا سازشی لەسەر مافەکانی کورد نەکردووە.

*** هەندێ حزبی سیاسی هەن لە رۆژئاوا کە دوچاری تەنگپێهەڵچنین دەبنەوە لەلایەن پەیەدەوە، ئایا پێوەندی ئێوە لەگەڵ ئەو حزبانەدا چۆنە؟**

- ئێمە وەك لەشکری رۆژ، لەشکرێکی کوردستانیین و گرفت و ئاستەنگمان بۆ کەس دروست نەکردووە، گرێدراوی سەرکردایەتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی-ین. دواتر من کەسێکی سیاسی نیم، بەڵام هیوادارام چ پەیەدە و چ پەکەکە ئەو کارە بکەن کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دەکات و دۆخێك دروست نەکەین کە خەڵکی دیکە فشارمان لەسەر دروست بکەن و دواتر بە زیانی میللەتەکەمان بشکێتەوە، هیوادارام پەکەکە ئەم کارە نەکات، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکەن، ئەوا کچ و کوڕی کورد ئەمە لە پەکەکە قبووڵ ناکەن.

*** بەڵام هەست ناکەیت هەندێ ئاژاوە و کاری ناڕەوایان لە شنگال کردووە؟**

- لە راستیدا ئەوان دەتوانن بچنە ئامەد و دیاربەکر خزمەت بکەن، ئەمە رای شەخسی منە، کە رەنگە من یەکەم کەس بم پشتیوانیان لێبکەم، بەڵام ئەگەر بڵێن ئێمە لە شنگال دەمێنینەوە و حوکمی دەڤەری شنگال دەکەین، ئەوا ئەمە مومکین نییە، بەڵام سروشتی جەنابی سەرۆك ئەوەیە کە تاوەکو لای هەموو کورد ساغ نەبێتەوە کە کەسێك دووبەرەکی دروست دەکات و ناپاکی دەکات، هەڵوێست لەدژی وەرناگرێت و رێگە نادات خوێنی گەنجی کورد بە دەستی کورد بڕژێت، بەڵام ئەگەر دۆخەکە گەیشتە ئەو رادەیە ئەو کاتە پێیان دەڵێین فەرموو ئێرە جێی ئێوە نییە، ئەگەر چۆڵیشی نەکەن، ئەو کاتە هەڵوێستمان دەبێت.

**راستە پەیەدە رایگەیاندووە کە ئەگەر ئەوەی پێی دەوترێت هێزی رۆژئاوا، روو لە رۆژئاوا بکەن، ئەوا ئێمە ناچارین شەڕی براکوژی لەگەڵ ئەواندا بکەین، بەڵام وەڵامی ئێمە بۆ ئەوان ئەوەیە کە ئەوان برای ئێمەن و خەمی هاوبەشمان هەیە و ئەرکەکان لە ئەستۆی هەمووماندە، لەبەر ئەوە چوونی ئێمە بۆ ئەوێ بۆ ئەوەیە پێکەوە هاوکاری یەکتر بین و بەرگری لە کوردستان بکەین و ناچین شەڕی براکوژی بکەین**

**نزیکەی دوو ساڵە ئێمە لە سەنگەرو بەرەی شەڕداین دژ بە داعش، لەم رووەشەوە چەندین شەهیدمان بەخشیوە، کە خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدایە**

**شەهیدبوونی پێشمەرگە ورەی ئێمە ناڕووخێنێت، بە پێچەوانەوە، لەحاڵەتی شەهیدبوونی هەر پێشمەرگەیەکدا، هەڤاڵەکانی بەگوڕو تینی زیاترەوە چەکی ئەو شەهیدە هەڵدەگرنەوەو درێژە بە خەباتکردن دەدەن**